دوو هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
دەریدەکات

دواڕۆژ

ژمارە (٩٦)ساڵی هەشتەم
٢٠٢٠/٠٩/٢١ - ٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی
dwaroj@komala.com

# گەمارۆی دیپلۆماسی، سەربازی، سیاسی و ئابووریی
# کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## سەروتار

### کۆماری ئیسلامی
### ڕیسوا لە ناوخۆ، دۆڕاو لە دەرەوە

ڕەزا کەعبی

قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی کەڵەکە دەبێ و کاربدستان زەلیل و دەستەوەستان داماون و ناتوانن بۆ هیچکام لە قەیرانەکان و ئاستەنگەکانیان ڕێگا چارە بدۆزنەوە، هەر بۆیە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە کاتی و کورت ماوە زۆرتر سەرپۆش دەخەنە سەر کێشەکان. لە ناوخۆ حەول ئەدەن کێشەکان لە بەر چاوی کۆمەڵگا دوور بخەنەوە، حاشای لێبکەن، بە پروپاگەندەی پووچ و درووینە (وەکە ئەوەی هەمو رۆژێک روحانی لە کابینە دەیکا) ئینکاری بکەن، یا بە زۆری سەرکوت و جەنایەت و حکومەتی نیزامی و هەرەشەی ئێعدام و داسپاندنی هەژاری و بێدەرەتانییێکی بێ وێنە قەیرانەکان تێپەڕێنن. لە دەرەوەش کۆماری ئیسلامی هەر ڕۆژێک قەیرانێکی بۆ درووست دەبێ، تووشی گەماروی دیپلوماسی بوە و وڵاتان مەگەر بۆ دۆشینی دوا شیرەی داهاتی، ئاوڕی لێبدەنەوە.

کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لە دوا ڕۆژ زۆرتر قەوارە و هێز و پوتانسییەل و کارایی خۆی وەک دەوڵەت و حاکمییەتێکی دامەزراو، خزمەت گوزاری خەڵک، سەرچاوەی هێز و پاڵپشتی ئابوری و پەروەردە و ئاوەدانی لە دەستداوە و وەک هێزێکی نیزامی، گروپێکی چەکدار کە پاسداری لە ملک و سامانی ئەربابەکانی دەکا و وەک لەشکەرێکی شەرانی لێهاتوە کە هەموو کۆمەڵگا بە دژی خۆی دەزانێ. دەیان میلیون خانەوادە لە ژێر دەسەڵاتی ئەم رژیمە بە قسەی خۆیان بەرەو هەژاری و بێکاری و برسییەتی رۆشتون، گەران لە ناو زبڵدانەکان هیچ شەرمی ناوێ و ڕێگایەکە بۆ پەیداکردنی بژێوی هەزاران بنەماڵە. لە کاتێکدا کە دزی و تالان و ڕاکێشانی سەروەت و سامانی وڵات بۆ دەرەوە لە ناو کاربەدەستانی رژیم بە ئاشکرا باسی دەکرێ. شۆرش و ڕاپەرینەکان گەورەترین مەترسین بۆ کۆماری ئیسلامی کە ماوەیان تا هاتووە کورتتر بۆتەوە. زۆربەری هەرە زۆری شارەکان لە لایەن حکوومەتێکی نیزامی شاراوە گەمارۆ دراون. هەرەشەی ئێعدام و سێدراە بە سەر کۆمەڵگادا ڕاگیراوە و تەنانەت یاساکانی دادگاە و زیندانی کە لە لایەن خۆیانەوە نوسراوە و کاری پێکراوە، پێشێل دەکرێ. ڕابەرانی کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی ڕووداوە توقێنەرەکەن و خەویان لێ زڕاوە. هەر لە خامنەیی و رووحانییەوە تا کاربەدەستانی گەورە و بچووک خەریکی کێشک دانن کە ڕووداوەکە نەقەومێ و کۆنترۆڵیان لە دەس دەر نەچێ.

لە دەرەوەش کۆماری ئیسلامی، گەمارۆی دیپلۆماسی لە سەرە. مەیدانەکانی مانۆڕی دیپلوماسی رژیم تا هاتووە بەرتەسکتر بۆتەوە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی و بە هەڵخراندنی دوژمنایەتی مەزهەبی ویستی گوشار بخاتە سەر وڵاتانی ناوچەکە. لە ئورووپاش بە هەناردەکردنی

...بۆ ل ٢



کاتێک پێدەنینە یەکەم ڕۆژەکانی پاییز کە کۆماری ئیسلامی لە دژوارترین دۆخی دارایی و سیاسیی و ڕەوایی دایە، لە چەن حەوتووی ڕابردوو چەن وڵاتی عەرەبی پەیمانی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیل واژوو کرد و چەن وڵاتی دیکەش لە داهاتوودا ئەو کارە دەکەن ئەوە جگە لەوەی ئیسرائیل دێنیتە نزیکترین ئاستی جوگرافی بە ئێران هەنگاوێکی گرینگیشە بۆ زیاتر پەراوێزخستن و ئیزۆلەکردنی ئێران، ئەوەی وەک سیاسەتی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرێوەدەچێ هیچی لە قازانجی کۆماری ئیسلامی نییە، لە لوبنان بارودۆخ بەرەو ئاقارێک دەچێت کە حیزبوللە لە دەسەلاتی سیاسیی دووردەخرێتەوە و تەنانەت یارمەتیدەرە نێودەوڵەتییەکان مەرجی سەرەکییان بۆ یارمەتی لوبنان چەککردنی ئەو حیزبەیە، ئەوەش بۆخۆی مانایەکی نییە جگە بە فیرۆچوونی چل سال سەرمایەگوزاری مادی و مەدەنی و سەربازی ئێران لەو وڵاتە، لە عێراق بارودۆخ هەر لەو شێوەیەیە و سەرۆک وەزیرانیش دەیەوێ بالانسی سیاسی پاش هەژدە سال بەرەو دوورکەوتنەوە لە ئێران بگۆڕێ، هەمووی ئەو ئاماژانە لەگەڵ دارمانی ئابووری ڕۆژ لە پاش ڕۆژ لە ئێران و چالاککردنی مێکانیزمی ماشە لەلایەن ئامریکا بۆ گەرانەوەی گەمارۆکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر ئێران، هاتنی وەرزی سەرما و بێکاری زیاتری هاووڵاتییانی ئێرانی و کورتهێنانی چل لە سەدی بوودجەی گشتی و دەیان قەیرانی تر،داهاتووی کۆماری ئیسلامی زۆر نادیارتر دەکات و ئەگەری دووبارەبوونەوەی خۆپیشاندانەکان زۆرە و دیار نییە کۆماری ئیسلامی بتوانێ دووبارە لێی دەرباز بێت

## مەترسی ئێعدام لەسەر حەیدەر قوربانی زیندانیی سیاسیی کورد

دیوانی باڵای وڵات «ئێعادەی دادڕەسیـ»ـی حەیدەر قوربانی، زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدامی ڕەت کردەوە.

«دیوانی باڵای وڵات لەژێر گوشاری دەزگا ئەمنییەتییەکان «ئێعادەی دادڕەسیـ»ـی ئەم زیندانییە سیاسییەی ڕەت کردووەتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی گەلاوێژ، تەئیدی حوکمی لەسێدارەدانی «حەیدەر قوربانی»، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی سنە، لەلایەن لقی ٢٧ی دیوانی باڵای وڵات لە قوم ڕاگەیەندرا.


پاش تەئیدکردنی حوکمی لەسێدارەدانی حەیدەر قوربانی، پارێزەری دۆسیەی ناوبراو، داوای بەدواداچوون لە لقی هاوتەریب لە دادگای ئینقلابی سنەی کرد.

١ـ بەپێی یاسای سزای ئیسلامی و حوکمەکان کەسێک بە «باغی» دەناسرێت کە چەکدار بووبێت و بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەک کەڵکی وەرگرتبێت کە حەیدەر قوربانی لە هیچ کام لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا، ئیدعای چەکداربوون و کەڵکوەرگرتن لە چەکی قەبووڵ نەکردوو

ئەو زیندانییە سیاسییە لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە بە تۆمەتی «بەغی» بە ئێعدام مەحکووم کراوە و دیوانی باڵای وڵات ئەو حوکمەی پشتڕاست کردووەتەوە.

«حەیدەر قوربانی»، کۆتاییەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٥ دەسبەسەر کرا و هێزە ئەمنییەتییەکان ناوبراویان بە هاوکاری لە «تێرۆری» چەند کەس لە دەستوپەیوەندییەکانی رژیم تۆمەتبار کرد.

مانگی ڕەشەمەی هەمان ساڵ، تێلێڤزیۆنی ئینگلیزی زمانی «پرێس تیڤی» بە نیشاندانی ڤیدیۆیەکی دێکۆمێنتاری بە ناوی «شۆفیری مەرگ» (راننده مرگ)، بەشێک لەو فیلمە دانپێدانانە زۆرەملێیەی ئەو زیندانییە کوردەی بڵاو کردەوە.



ئەم زیندانییە سیاسییە لە ١٤ی ڕەزبەری ٩٨دا بە تۆمەتی «لێدانی فیزیکی و بریندارکردن بە چەک، بەشداری لە کوشتنی بەئەنقەست، هەوڵدان و یارمەتی بۆ هەڵاتن لە بەدواداچوون و موحاکمە و سزادان، هاوکاری لە کوشتنی بەئەنقەست، دەستپێکی کوشتنی بەئەنقەست، جێگۆڕکێ بە ژمارەی پلاکی ماشین، دەستپێکی دزینی مرۆڤ و وەرگرتنی ماڵی دزراو» لە لقی ١ی دادگای کەیفەریی سنە موحاکمە کرابوو.

خۆکوژی بۆ گۆڕینی دۆخی کۆمەڵایەتی و چینایەتی
سەیران مستەفازادە (ل٣)

ناکۆکی نێوان خەڵک و حکوومەت لە خولی دووهەمی بەناو هەڵبژاردنەکان
کاوان موکری (ل٤)

گرفتەکانی منداڵان و خانەوادەکانیان لە بەرەبەرەی کرانەوەی خوێندنگاکان
سامان سنە (ل٤)

١١ی سێپتامبر، کوودەتا لە شیلی یەکەم تاقیگەی نئۆلیبرالیسم
شەهرام وەحدانی (ل٦)

ئایشمەن لە ئورشەلیم
هانا ئارنێت
و.محەممەد حەکیمی
(ل٧)

چەن سەرنجێک سەبارەت بە خەباتی چەکداریی هێزی پێشمەرگە
دوکتور موحەممەد حسەین زادە (ل٨)

بۆ یادی «بەیان عەتاری» تەوارەکەی زاگرۆس
پڕشنگ محەممەدی (ل١٠)

یۆلماز گونای، دەرهێنەرێکی لەبیرنەکراو
(ل١٢)


دۆناڵد ترامپ و داهاتووی جیهان و ئامریکا
ئاروین سەعیدپوور (ل١٣)

تاران پایتەختی سێدارە
عەزیز ئاجیکەند (ل١٤)

## درێژەی سەروتار

تێرۆریسمی دەوڵەتی بە تەمای وەرگرتنی ئیمتیاز بوو کە بۆ ساڵانێک بە سیاستی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپا مەودای پەیدا کرد. لە دە ساڵی ڕابردووش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە کێشەی زلهێزەکان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە توانی مەیدانێکی مانۆڕی گەورە بۆ خۆی دەستەبەر بکات بەڵام هەر ئەم مەیدانە مانۆڕە گەورە بۆتەوە، خاڵی لاوازی و ناتوانی خۆیی لێ دەباز بکات. زۆر لەمێژ نیە کە لە چۆار پایتەختی ناوچەکە حوکمی دەکرد و ملهوڕانە جموجوڵی دەکرد بەڵام بە هێوربونەوە شەری سوریە، ڕوسیە ڕێگای پێنەدا کە لە دۆای شەڕ بەشێکی بەرکەوێ، لە لوبنان و لە عێراق داروەستە چەکدارەکانی بوونەتە بارێکی قورس بە سەر شانیانەوە و ئاخێزە جەماوەرییەکان داوای دەرکردنی کۆماری ئیسلامی و دەستوپەیوەندییەکانیان دەکەن. لە مانگێک لەوە پێشیش بە وەجوڵەکەوتنی پڕۆسەی ئاشتی نێۆان ئیسرائیل و عەرەب و ئەگەری پەیوەستبونی یەک لە دۆا یەکی چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبی بەم پڕۆسەیە، مەیدانی دیپلوماسی و سیاسی و سەربازی و ئابوری کۆماری ئیسلامی بەرتەسک و تەریک بوەتەوە. گوشارەکانی کابینەی ترامپ و چالاک کردنەوەی "مکانیسم ماشە" بە بێ گوێدان بە تەنانەت هاوپەیمانانی ئورووپایی ئەمریکا، ئاسمانی ئاواتەکانی سەرانی کۆماری ئیسلامی لێڵتر کردووە و تەنیا چاوبڕین بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکایان بۆ ماوەتەوە کە لێکدانەوێ هەلومەرجەکە جێگایێک بۆ خۆشبینی ئەوان ناهێڵێتەوە.

## پەیامی ڕێزلێنان و ماڵئاوایی و سەرەخۆشی
## بۆ مەرگی نابەوەختی کاک تەیفوور بەتحایی



بەڕێز خانمی ژیلا فەرەجی
کاک هەژان و و ئایدا خانم
دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان!

زۆر بە داخەوە بۆ مەرگی نابەوەخت و گرانی کاک تەیفوور بەتحایی، زیندانی سیاسی بەناوبانگ، تێکۆشەری ناسراو و لە مێژینە و نوسەر و هوونەرمەندی شۆرشگێر کە پاش تەمەنێک لە خەبات وتێکۆشان دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

کاک تیفووری بەتحایی زۆر زوو هەستی بە نابەرابەری و بێدادی نیزامی پاشایەتی کرد و بە لەبەرچاوگرتنی شوێن و ژینگەی هەژارانەی ژیانی خۆی و هاوچارەنووسانی، زۆر زوو بوو بە خەباتکارێکی شێلگیری دادپەروەری و یەکسانیخوازی و هەر لەو پێوەندیەشدا ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا هاورێ لەگەڵ ژمارەیەک خەباتکاری ناسراوی چەپی ئێرانی وەک خوسرەو گوڵسورخی و کەرامەت دانشیان پاش دەستبەسەرکرانیان لەلایەن دەزگای ساواکەوە، سزای سێدارەی بەسەردا دەسەپێندرێ و پاشان ئەو سزایە بۆ بەندکرانی هەتاهەتایی دەگۆردرێ. ئەرگەچی تا ساڵی ١٣٥٧ لە زیندان بەندکرا بەڵام ناو و ناوبانگی کەوتە سەر زاری خەڵک و بە پێشوازی گەورەی خەڵکی شاری سنە لە پاییزی ٥٧ پاش شکانی دەرگای بەندیخانەکان گەرایەوە ناو خەڵکی تینوی ئازادی.

کاک تەیفوور کە ئاشنای دەرد و مەینەت و ستەم و هەلاواردن بوو، پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران وەک نووسەر و هوونەرمەندێکی خاوەن بەڵێن و بەدەربەستی نەتەوەکەی لە سەنگەری خۆڕاگری کۆمەلانی خەڵک و پێشمەرگەیەتی درێژەی بە خەباتی خۆیدا و دواتر پاش چەند ساڵ بە ناچاری ژیانی تاراوگەی هەڵبژارد و هەتا کاتی گیان لەدەستدانی وەک تێکۆشەرێکی بەوەفای ڕێگای ڕزگاری لە سەنگەری ئەدەبیات و هونەردا ئەرکی خەباتکارانە و ئینسانی خۆیی بە باشی بە جێهێنا.

بێگوومان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مەرگی تەیفوور بەتحایی، تێکۆشەرێکی شێلگیر وماندووینەناس، کەسایەتیەکی چەپ و شۆرشگێر، هوونەرمەند و نووسەرێکی بوێر و ئازا، سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی لەدەست چوو. مەرگی کاک تەیفوور خەسارەتێکی گەورەیە بۆ هەمووومان.

بەم بۆنە خەمبارەوە سەرخۆشی لە ئێوە ژیلا خانمی بەڕێز هاوسەری ڕێزداری کاک تەیفور و هەر دوو ڕۆڵەی ئازیزتان و بەڕێزمان کاک هەژان و ئایدا خانم و گشت خانەوادەتان و هەروەها سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان، تێکۆشەرانی ئازادیخواز و بە تایبەت خەڵکی خۆراگری شاری سنە و هەموو دۆستان و ئازیزانی دەکەین.

بژی یادی ئازیزی تەیفوور بەتحایی.
بژی ئامانجە بەرز ئینسانییەکانی

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
٢١ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی
١١ی سپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی

## دایکی هاورێیەکی گیانبەختکردووی کۆمەڵە
## لە ناوچەی مەریوان ماڵئاوایی لە ژیان کرد

بەداخەوە ئاگادار بووین کە دوێنێ هەینی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی، ڕێکەوتی١٨ی سپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی، دایە «فاتمەی دەستووم» دایکی هاورێی گیانبەختکردووی کۆمەڵە،هاورێ «ئەسعەد تازیک» لە گووندی» ولەژێر»ی مەریوان ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

هاورێ ئەسعەد تازیک کەسایەتییەکی خۆشناو و تێکۆشەرێکی ناسراوی ناوچەی مەریوان بوو کە لە سەرەتاکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە هۆی کار و هەڵسووڕانی لە پێناو ڕێباز و ئامانجەکانی کۆمەڵەدا لە لایەن دام ودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژیمی تازەبەدەسەڵاتگەیشتووی ئیسلامییەوە دەستبەسەر و بەداخەوە ئێعدام کرا.

دایە فاتمەش وەک هەزارانی دایکی شۆرشگێری ئەم کوردستانە کە جگەرگۆشەکانیان پێشکەشی خەبات لە پێناو ئازادی و ڕزگاری بەشمەینەتان کردووە،هەتا دوا ساتەکانی تەمەنی وەک نموونەی دایکێکی خۆراگر و کۆمەڵەخۆشەویست،دڵی پر لە خۆزگەی ڕزگاری و وەدیهاتنی ئەو ئامانجە بەرزە ئینسانییانە بوو ڕۆڵە ئازیزەکەی لە پێناویدا گیانی بەختکرد.


ئێمە بە بۆنەی مەرگی دایە فاتمەی دەستووم لە لایان هەموو ریزەکانی کۆمەڵەوە پربەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵە وکەسوکاری ئازیزی دایە فاتمە و هەموو



خەڵکی ئاوایی ولەژێر وناوچەی مەریوان دەکەین وخۆمان بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانین.
بەرز وبەرێز بێ یادی ئازیزی دایە فاتمەی دەستووم.
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی
١٩ی سپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی

## کەسایەتییەکی خۆشناوی شاری بۆکان ماڵئاوایی لە ژیان کرد

بەداخەوە ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی مانگی خەرمانان،کەسایەتی خۆشەویست و جێگای ڕێز و متمانەی خەڵکی شاری بۆکان و دەوروبەر،کاک کەریم سالمی بە هۆی چوونەسەری تەمەن و تێکچوونی باری تەندروستی، بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت. کاک کەریمی سالمی کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ بوو لە شاری بۆکان خاوەنی کتێبفرۆشی بوو،وەک کەسایەتییەکی چەپ و پێشکەوتنخواز و نیشتمانپەروەر جێگای ڕێز و خۆشەویستی و متمانەیەکی تایبەت بوو لە نێو خەڵکی بۆکان و بە تایبەت لە نێو توێژی نووسەران وروناکبیران وکۆر وکۆمەڵە ئەدبییەکاندا. بێگوومان مەرگی کاک کەریمی سالمی کە وەک کەسایەتیەکی خاوەن بیر وهزری پێشکەوتنخوازانە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی لە گەشە و پەرەسەندنی رەوتی رووناکبیری لە بۆکاندا هەبوو،خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەکراوەیە بۆ کۆمەڵگەی ئەدەبی و رووناکبیری. ئێمە بە بۆنەی مەرگی کاک کەریمی سالمی پربەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵە وکەس وکاری کاک کەریم و هەموو خەڵکی



شار و، بە تایبەت سەرەخۆشی لە کۆروکۆمەڵی ئەدەبی ورووناکبیری بۆکان دەکەین و خۆمان لە خەمی لەدەستچوونی کاک کەریم دا بە شەریک دەزانین. بژی یادی ئازیزی کاک کەریمی سالمی
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
٢٧ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی
١٧ی سپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی

## دەستبەسەر کرانی سێ لاوی کاسبکاری کورد لە لایەن هەنگی سنووری لە مەریوان



ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢١ی خەرمانان، سێ کاسبکاری لاوی مەریوانی لەلایەن هێزەکانی هەنگی سنووریی ئەو شار، دەسبەسەر و ڕەوانەی گرتنگەی مەریوان کران.

شوناسی یەکێک لە کاسبکارە دەسبەسەرکراوەکانی «شادمان مەریوانی» ڕاگەیاندراوە.

هێزەکانی هەنگی سنووریی مەریوان لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەو سێ کاسبکارە لاوە، ئەوانیان ئازار و ئەشکەنجە داوە.


هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە شوناسی ئەو دوو کاسبکارەکەی دیکە ناروونە

## خۆکوژی بۆ گۆڕینی دۆخی کۆمەڵایەتی و چینایەتی

**سەیران مستەفازادە**

ڕۆژی ١٠ سێپتامبر،ڕۆژی جیهانیی پێشگرتن لە خۆکوژی ناو نراوە . خۆکوژی لە ئێران دوو هێندەی نێوەنجی خۆکوژییە لە دونیادایە . ڕێژەی خۆکوژی لە ئێران لە هەر سەد هەزار کەس چوار کەسە دەحالێکدا ڕێژەی خۆکوژی لە جیهاندا لە هەر سەد هەزار کەس ٦ کەسە . پێی ئەو هەواڵانەی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێمان دەگات لە سەرەتای ساڵی ٩٩ی هەتاوی تا ئێستا١٠٤ حاڵەتی خۆکوژی لە کوردستان ڕاگەیاندراووە. لەم چەند مانگەی دواییدا ڕێژەی خۆکوژی لە کوردستان چەند قات زیادی کردوە کە ئەمەش دەکرێت هۆکاری جۆراوجۆری هەبێت، قەیرانی ئابووریی، کێشەی چینایەتی یا نارەزایەتی بە دۆخی سیاسی دەتوانێت بەشێک بێت لە هۆکارەکانی خۆکوژی لە کوردستان. بە پێی ئامارەکانی خودی ڕژیم لە کوردستان ڕێژەی خۆکوژی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و ئەم ماوە زیاتر لە سەدا ٥ زیادی کردوە و تەنیا لەم چەند مانگەدا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان کوشتووە و ڕێژەی خۆکوژیی ژنان زۆر زیاترە لە پیاوان. لەم ماوەیەدا هەر ڕۆژ ئێمە شاهیدی هەواڵی خۆکوژی زیاتری ژنان، کرێکاران، مووچەخۆرانی ئاواییەکان و بە تایبەتی گەنجانین. بێ هیوایی سەبارەت بە داهاتوو یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی گوشاری دەروونیە لە سەر خەڵک. نەبوونی ئەمنیەتی کار، کۆمەڵگایەکی بە گشتی چینایەتی، جیاوازی ئاشکرای ڕەگەزیی، هەژاری بەربڵاو ، دابەزینی ئاستی خۆشگوزەرانی بنەماڵەکان ، ئێعتیاد و سیاسەتی ڕژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، وا دەکات کە گەنجان بە هۆی ئەوەی ڕێگایەک بۆ دەرچون لەو دۆخە نابیننەوە بە ناچاری ڕوو لە خۆ کوژی دەکەنەوە.

بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات پیمان دەگات نیشانەکانی خۆکوژی پێش لەوەی بڕیاری تاک یا دۆخی دەروونی بێت، دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی خراپی وڵات، جا چ سیاسی بێت یا کۆمەڵایەتی. لەم کۆمەڵگادا کە بە هۆی سیاسەتی ڕژیمی ئیسلامی ژیانێکی ناخۆش و مەودای چینەکانیش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونە گەنج یا ژن و ... ناچار دەکات ڕوو لە خۆکوژی بکەن. لەو جێگەی کە نان و برسیەتی بە شێوەی یەکسان دابەش ناکرێت خەڵک ناچار بەو کردەوە دەبن، چونکا ڕێکارێکی دیکە نابینن و دۆخی ئەمڕۆی ئێران بە گشتی تووشی وەها دەردێکە و خەڵکی ئێران بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست ئەو دۆخەوە دەناڵێنن. زۆربەی ئەو کەسانەی ناچار دەبن خۆیان بکوژن دەبینن لە پاڵ یەکێک لە گەورەترین سەرچاوەی ماڵیدا ژیان دەکەن و ئەوەش وێنەیەکە کە کرێکارێک لە دۆخی خۆی هەیەتی و ئێمە بە ڕوونی بینیمان کە کرێکارانی حەوت تەپە چییان بە سەر هات، کرێکاران و مووچەخۆرانی دیکە و بە تایبەتی کرێکاران و مووچەخۆرانی شرکەتی نەوت لەم ماوەدا بە هۆی نەدانی مووچەکانیان دەستیان دایە مانگرتن و تەنانەت کۆمەڵێک خۆکوژی و خۆسووتاندن لە بەردەم خەڵک و بەرپرسانی ڕژیم ڕوویاندا. و ئێستا خۆکوژیەکان زیاتر لە بەرچاو خەڵکدا ڕوو دەدەن. ئەم خۆکوژیانە لەلایەکەوە هیوایەکە بۆ ئەو کرێکارە، چونکە هیچ ئومێدێکی بە چاک بوونی دۆخی خۆی نییە و نەبووە و چیدی هێزی بەرگریی و خەباتی نەماوە و لەلایەکی دیکەوە دەنگی نارەزایەتییە بە دۆخی سیاسی و نارەزایەتی دەربڕینە بە سیاسەتەکان و ئەو شێوەیەی کە وڵاتی تێدا بەڕێوە دەبەن. بە هۆی خراپ بەڕێوە بردنی ڕێکخراوە مەدەنی و حکوومیەکان وەک «بێهزیستی و ... هەروەها ڕێکخراوە تایبەتەکان لەلایەن ڕژیمەوە دەخرێنە ژێر گوشار و پشتیوانی نەکردنی بنەماڵە هەژارەکان لە کوردستان ڕێژەی خۆکوژی لە سەرەوەیە. بۆ نموونە هەواڵی خۆکوژی «زێنەب» کچێکی ١١ ساڵەی ئیلامی تەنیا بە هۆی هەژارییەوە دڵی ئێرانی هەژاند، بەڵام دڵی مردووی ڕێبەر و بەرپرسانی ئێران کە ئەمڕۆ بوونە هۆی خۆکوژی کچێکی ١١ ساڵە نە تەنیا جووڵەی نەکرد، بەڵکوو بە بێ گوێدان بەو کێشەیە هەر خەریکی سیاسەتی خۆیانن بە دژی نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد و هەروەها پشتیوانی کردنی گرووپە توندئاژۆکانی ناوچەکە و ساڵانە بە ملیاردها دۆلار خەرجی ئەوان دەکەن لە حاڵێکدا کچێکی ١١ ساڵە تەنیا لە بەر هەژاریی ناچار دەبێت خۆی بکوژێت. ئەو بنەماڵە تەنانەت پووڵیان نەبوو قەبرێک بۆ کچەکەیان بکڕن تا بتوانن تەرمەکەی تێدا ئەسپەردە بکەن. شایانی باسە بەرپرسانی ڕژیم نە تەنیا گرینگیان بەوە نەدا ، بەڵکوو ڕایانگەیاند کە «زێنەب» بە وتەی بنەماڵەکەی تووشی خەمۆکی بوە و بە هۆی نەخوێندەواری بنەماڵەکەی و نا ئاگا بوون لە دۆخی ناوبراو، لە کاتی خۆیدا نەیانبردووە بۆ لای دوکتۆر. ڕێژەی خۆکوژی ژنان لە پارێزگای ئیلام ناوترێت، بەڵام ڕێژەی خۆکوژی لەو پارێزگایەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چاو هەموو ئێران زۆر لە سەرترە. خۆکوژی ژنان نە بەوەی کە مەرگیان پێ خۆش بێت، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە سەرنجی بەرپرسان بەرەولای پرسی ژن ڕابکێشن و هەروەها لەبەر ئەوەیە کە یارمەتیان بکرێت.



## بارودۆخی چاپ و  بڵاوکرانەوەی گۆڤار لە ئێران

**سەیران مستەفازادە**

هەر لە سەرەتای دروستبوونی چاپ لە ئێران، سانسۆر بوو بە بەشێکی جیانەکراوە لە کتێب، گۆڤار و ڕۆژنامە. دەستپێکردنی سانسۆر لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ناسرەدین شای قاجار و یەکەمین ڕۆژنامەی دەوڵەتی ئەو سەردەمە بە ناوی «وقایع اتفاقیە». ئەم ڕۆژنامە کە سەرەتا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاستیەکانی کۆمەڵگای ئێران و جیهان دانرا بوو، بوو بە دەنگ و ڕەنگی ڕژیمی ئەو سەردەمە و بە تایبەتی بابەتە سیاسیەکانی ئەو بە جێگەی ڕاپۆرت و باسی ڕاستییەکانی ناوخۆ و دەرەوە؛ زیاتر بوو بە پێداهەڵگوتنی شا و دەرباریەکان و سانسۆری دەوڵەتی سەری گرت. هاوکات لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە چەند ڕۆژنامەی دیکە لە دەرەوەی ئێران بە ناوەکانی «قانون، حبل المتین، سورەیا و ئەختەر چاپ و بڵاو بوونەوە.

دوای ئەوەی ڕۆژنامە و کتێب بە شێوەی گشتیی چاپ و بڵاو کرایەوە و ئێران لەو بەستێنەدا پێشوەچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و هاوکات لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران سانسۆر لە ئێران چووە قۆناغێکی نوێوە و ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی ڕژیم دەستووریدا کە هەر شتێک بە دژی ڕژیم و دۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ڕژیم بخاتە ژێر پرسیارەوە چاپ بکرێت دەبێت بە توندترین شێوە قەدەغە بکرێت و ڕێگەی چاپ و بڵاوکردنەوە بەو جۆرە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانە نەدەن. ساڵی ١٩٨٩پەروانەی ٩ گۆڤار و ٣ سایتیان هەڵوەشاندەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی پەروانەی ١٨ گۆڤار و ڕۆژنامە هەلوەشایەوە و دەرگای ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەیان داخست. لە ساڵی ٢٠٠٤ زیاتر لە ٢٠ گۆڤار و ڕۆژنامە پەروانەی چاپ و بڵاوکردنەوەیان لێ سەندنەوە و لە ساڵی ٢٠٠٢ بەرپرسی ڕۆژنامەی «همت» تەنیا بە هۆی بڵاوکردنەوەی وێنەی «ڕەزا شا» بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە بە دژی ڕژیم بۆ دادگای شۆڕشی ڕژیم بانگ کرا و گۆڤارەکەش داخرا. لە ساڵی ٢٠٠١ مانگ نامەی ڕاپۆرتی فیلم بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە و وێنەی ناشرین و ڕووت و دوور لە سونەتەکانی ئیسلام داخرا.

ئەمانە و دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە لەلایەن ڕژیمەوە داخران و بەرپرسەکانیان ڕەوانەی زیندان کران یا خانەنشین کران. هەروەها بەشێک لە کتێبە ناسراوەکانی جیهان کە لە ئێران قەدەغە کرابوون دەتوانین ئاماژە بکەین بەکۆمەڵێک لەوان کە بریتی بوون لە: «قومار باز، داستایوفێسکی، کچێک بە گۆشوارەی مرواریییەوە نووسینی تریسی شوالیە، کۆمەڵێک لە کتێبەکانی ویرجینا وولف، مارگرێت دۆراس، وودی ئالێن و گابریل گارسیا مارکێز» هەروەها کتێبی «سەلمان ڕوشدی» کە لە ئێران قەدەغە کرا و خودی «خومەینی» دەستووری کوشتنی ناوبراویدا و خەڵاتی بۆ کوشتنی دانا.

گرنگتر لەوانە ڕۆژنامەی سەلام کە توانی ڕاستییەکانی قەتلە زنجیرەییەکان چاپ و بڵاو بکاتەوە و پەڕە لەسەر کۆمەڵێک جنایەتی ڕژیم هەڵبداتەوە زۆر زوو داخرا و ئێستاش دەتوانم بڵێم حاڵی چاپەمەنی لە ئێران لە ئاستێکی زۆر خراپدایە و لەو وڵاتە ناشر و نووسەر زۆر زۆرە بەڵام تیراژی چاپی کتێبەکان زۆر کەمی کردووەو ئێستا چاپی کتێب خۆی لە سەددانەدا دەبینێتەوە و لە چاو بیست ساڵی ڕابردوو لە سەدا ٩٠ دابەزینی بە خۆیەوە بینیوە.

ئێستاش دۆخی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە لە ئێران لە ئاستێکی زۆر خراپدایە و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆخەکە بە هۆی سیاسەتی ڕژیم چەندین قات خراپترە کە لە دوایین هەواڵدا ٢٨ گۆڤار و ڕۆژنامە پەروانەکەیان لێ وەرگیراوەتەوە کە ڕۆژنامەیەک، ٥ حەتوونامە، ٣ دوو حەوتوونامە، ١٠ مانگ نامە، ١ دوو مانگ نامە و ٨ وەرزنامە لە خۆ دەگرێت. کە ئەم داخرانانە نەشری گوتارنامە و هەناری شاری سەقزیشی لە خۆ گرتوە.

وادیارە بارودۆخی نالەباری دۆخی ئابووری چاپەمەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرانبوونی نرخی کاغەز و هەزینەی چاپ و بڵاوکردنەوە، دابەزینی ئاستی پروپاگەندە و کۆرۆنا و کاریگەرییە نێگاتیڤیەکانی لەسەر ئەم چینە لە کۆمەڵگادا ئاستی خوێندن و کڕینی خەڵکی بە شێوەیەکی زۆر دابەزاندووە و لەلایەکی دیکەوە گوشار و سانسۆری ڕژیمیش گوشارێکی دیکەیە لەسەر چاپەمەنی ئێران بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



# ناکۆکی نێوان خەڵک و کۆماری ئیسلامی لە خولی دووەمی بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا

کاوان موکری

لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢١ خەرمانان، خولی دووەمی هەلبژاردنەکانی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی لە ١٠ ناوچەی ئێران بەڕێوە چوو. ئاماری بەشداری کردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە هەلبژاردنەکاندا دەتوانێ سەرنج ڕاکێش بێت. بە پێی ئەو ئامارانە، کێشەی گەورەی کۆماری ئیسلامی، کەم بوونەوەی ڕادەی بەشدار بووان لەو هەلبژاردنانەدایە. لە خولی یەکەمی هەلبژاردنەکاندا بە پێی ئامارە رەسمیەکانی حکوومەت لە حاڵەتی نێونجی دا لە سەتا ٤٦ خەڵکی ئەو ناوچانە لە هەلبژاردنەکاندا بەشداریان کردبوو بەڵام لەم خولەدا تەنیا لە سەتا ٤٦ بەشداری هەلبژاردنەکەیان کرد. لە چوار ناوچە لەو ١٠ ناوچەیە ئاماری بەشداربووان کەمتر لە سەتا دەی ئەو کەسانەیە کە دەیانتوانی لە هەلبژاردنەکاندا بەشداری بکەن. بۆ نموونە لە شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٨٦٨ هەزار کەس خاوەن دەنگی ئەو شارە تەنیا ٤٦ هەزار و ٣٥٣ کەس لە هەلبژاردنەکەدا بەشداربوون (لە سەتا ٥.٣ خاوەن دەنگەکان)، هەروەها لە پارێزگای ئەلبورز تەنیا ٤١ هەزار و ٥٩٦ کەس لە یەک ملیۆن و ٧٥٠ هەزار کەس خاوەن دەنگی ئەو پارێزگایە لە هەلبژاردنەکەدا بەشداریان کرد.

بەڵام هۆی دابەزینی بەشداربووان لە هەلبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی دا چییە ؟ تا ڕادەییێک دەتوانین هۆکاری دابەزینی ژۆمارەی بەشداربووان لە نێو ئەو خاڵانەی کە لەم ژێرەدا باس دەکرێت بدۆزینەوە:

١- نائومێدبوونی گەلانی ئێران لە هەلبژاردنەکان بە تایبەت لە دوای هەلبژاردنی سەرۆک کۆماری سالی ٩٦ هەتاوی؛ بە بێ گۆمان یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی پشتکردنی خەڵکی ئێران لە دەنگ دانە جیاوازەکان دەتوانین لە بەرەنجام و نەتیجەی هەلبژاردنی ساڵی ٩٦ هەتاویدا بدۆزینەوە. بەرەنجامی دەنگ دانی گەلی ئێران بە حەسەن ڕۆحانی بە دلنیایی زۆر جیاوازی لەگەڵ ئاواتەکانی خەڵکی ئێران بە تایبەت کەسانێک بوو کە هیوای گۆڕانکاریان لە ڕێگای سندووقی دەنگەوە هەبوو.

٢- ڕوون بوونەوەی زۆرتری فکر و بیری گۆڕان خوازەکان بۆ خەڵکی ئێران؛ بە تایبەت لە دوای لایەنگری گۆڕان خوازەکان لە حەسەن ڕۆحانی و نا ئومێد بوونی خەڵک لە گۆڕان کاری لە کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی ناڕازی لە فکر و بیری گۆڕان خوازەکان دوورتر بوونەتەوە و ئەو کەسانە بە حیزبێک بۆ لایەنگری لە حکوومەت و درێژە پێدان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەبینن.

٣- ناڕەزایەتی ئابووری گەلی ئێران بە تایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا؛ لە دوای سزای ئابووری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەسەر کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی دەست تێوەردانی ئێران لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و هەروەها گەندەڵی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی، رۆژ بە رۆژ بارودۆخی ئابووری ئێران روو لە خراپ بوونی زۆرترە و ئەو مەسەلە بۆتە هۆی ناڕەزایەتی زۆری گەلی بە تایبەت کرێکاری ئێران

٤- خۆپیشاندانەکانی چەند ساڵی رابردوو بە تایبەت خۆپیشاندانی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ و بێڕەحمی و کۆشتاری خەڵکی برسی و ناڕازی لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی؛ لەو خۆپیشاندانەدا بە پێی هەواڵی ڕویترز زۆرتر لە ١٥٠٠ کەس لە خۆپیشاندەران لە لایەن هێزەکانی بێڕەحمی کۆماری ئیسلامیەوە شەهید بوون و چەند هەزار کەسیش دەست بەسەر کران کە هێشتا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدان.




٥- لە سێدارەدانی بەند کراوان و ناڕازیانی دژ بە کۆماری ئیسلامی بە بیانووە جیاوازەکانەوە؛ کۆماری ئیسلامی وەک هەموو ژیانی ٤١ ساڵەی خۆی، بۆ ترساندنی ناڕازیان و خەڵکی ئێران دەستی کردووە بە لە سێدارە دانی بەندکراوانی دژە کۆماری ئیسلامی هەتا بەو شێوەیە بتوانێ تەمەنی خۆی بۆ چەند ساڵێک درێژتر بکاتەوە. بۆ نموونە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە داخەوە «نەوید ئەفکاری» یەکێک لە دەستگیرکراوانی خەزەڵوەری ٩٨ بە بیانووی کۆشتنی یەکێک لە هێزە ئەمنیەکانەوە (کە بە پێی قسەکانی خۆدی نەوید ئەفکاری، لە ژێر ئەشکەنجەیێکی زۆردا دانی بەو کۆشتنەدا نابوو) لە سێدارە درا کە ناڕەزایەتییێکی زۆری نێو دەوڵەتی و نێو خەڵکی لێ کەوتەوە و بوو بە هۆی دژایەتی زۆرتری خەڵکی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. هەمووی ئەو خاڵانەی کە باس کرا و هەروەها چالاکیەکانی ئۆپۆزیسیون بوونەتە هۆکاری کەم بوونەوە و دووری خەڵک لە دەنگ دانەکان لە کۆماری ئیسلامیدا. یەکێک لە گرینگترین دەنگ دانەکان لە کۆماری ئیسلامیدا دەنگ دانی سەرۆک کۆماریە کە بۆتە پرۆپاگەندەی حکوومەت لە ئاستی جیهانی بۆ نیشان دانی خۆشەویستی خۆی لە نێو خەڵکدا. گرینگی ئەو هەلبژاردنە لە حاستێکدایە کە هەر کات کە هەست بە لاواز بوونی دەکرێت خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بەشداری بۆ هەلبژاردن دەکات. بەو ڕادەی ناڕەزایەتیەوە و بە پێی بەشداری کردنی لاواز و کەمی خەڵکی ئێران لە دوو هەڵبژاردنی رابردوودا بە بێ گۆمان هەلبژاردنی ساڵی داهاتووی سەرۆک کۆماری زۆر بە لاوازیەوە بەڕێوە دەچێت و ئەو مەسەلە دەبێتە هۆی بێ هێزتر بوونی کۆماری ئیسلامی لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا. هەر ئەو جۆرەی کە حکوومەت هەوڵ دەدا کە ڕێژەی بەشدار بووانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٠ هەتاویدا بەرز بکاتەوە، دەبێ هەموو ئۆپۆزیسیونیش بە ڕوون کردنەوەی ڕۆخساری راستەقینەو خوێناوی کۆماری سێدارە هەوڵ بدەن کە ئەو ئامێری پرۆپاگەندەیە لە دەستی کۆماری ئیسلامی بستێنن و بە هاندانی خەڵک بۆ نەچوونە سەر سندووقەکان بە هەموو جیهانی نیشان بدەن کە کۆماری ئیسلامی هیچ جێگا و شوێنێکی لە نێو گەلی ئێراندا نەماوە.

# گرفتەکانی منداڵان و خانەوادەکانیان لە بەرەبەری کردنەوەی خوێندنگاکاندا

سامان سنە

خوێندنی منداڵان لە هەموو شوێنێکی ئێران و کوردستان بەگشتی بوارێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بێ هەژمارە بۆ بنەماڵە کرێکاریی و زەحمەتکێشەکان و منداڵەکانیان. بنەمای کۆمەڵایەتی هەموو ئەم نیگەرانیانە سەرچاوەیەکی چینایەتی و ئابووری هەیە و پەیوەندیی بە دۆخی بژیو و داهاتی کرێکاران و ئەو کەسانەوە هەیە کە حەقدەست وەردەگرن و لە دۆخێکی نالەبار بە حەقدەستێکی کەم و بژی و مەمر یان بێکارێدا ژیان تێدەپەڕێنن. منداڵانیش بۆ خۆیان شەریکی ئەم گرفتەن کە لە سەر شانی باوک و دایکەکان کەڵەکە بووە و نیگەرانی ئەوەن کە لە خوێندن و قوتابخانە و هاو تەمەنەکانیان بەجێ نەمێنن. یەکەم کێشە پەیوەندیی بە پێگەی داهات و حەقدەستی کرێکاران و ئەو کەسانەوە هەیە کە حەقدەست وەردەگرن. ئەمساڵ کرێکاران لەگەڵ دەرکردن و بێکاریی بەربڵاو لەگەڵ حەقدەستی کەم کە بژێوی ژیان و گوزەرانێکی نۆرماڵ و ئاسایی دابین نەدەکرد، بەرەوڕوو بوونەوە و ئەمەش داهاتووی خوێندنی منداڵی ئەم کرێکار و زەحمەتکێشانە لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو دەکاتەوە و ئەو کەسانەی کە لە ژێر هێڵی هەژاری و نەداریی دەژین، زۆر دژوارە بتوانن پێداویستیەکانی خوێندن بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن. بە پێی ڕاپۆرتە فەرمیەکانی ڕژیم، ٥٠٪ لە منداڵانی بەجێماو لە خوێندن بە هۆی نەخوێندەوار بوونی باوک و دایکەکانیان و دەستڕانەگەیشتن بە قوتابخانە و منداڵە کەمئەندامەکانن کە لە خوێندن بەجێ دەمێنن. لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا داتا و ئامارێکی ڕاست و دروست لە ڕێژە وازهێنانی منداڵان لە خوێندن و منداڵانی بێبەش لە خوێندن لە بەردەستدا نیە و ئەو ئامارگەلە کە لە دووتۆی وتار و توێژینەکاندا بڵاو دەبێتەوە، باس لەوە دەکەن کە هەموو ساڵێک زیاتر لە ٤ میلیۆن منداڵ لە خوێندن بێبەش دەبن و تەنیا لە ساڵی ١٣٩٧ بە پێی ڕاپۆرتی وزارەتی پەروەردەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران، زیاتر لە ٣ میلیۆن و نیو منداڵ لە خوێندن بەجێ ماون. کێشەیەکی دیکە بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کوشندەی کۆرۆنایە کە، دۆخی خوێندنی بۆ منداڵان و بەتایبەتی منداڵانی بنەماڵە کەمداهات و کرێکارییەکانی دژوارتر لە هەمیشە کردووە و ئەمەش بووەتە هۆی پەرە سەندنی ڕێژەی ئەو منداڵانە کە وازیان لە خوێندن هێناوە یان بێبەش لە خوێندنن. وەگەڕخستنی تۆڕی پەروەردە بە ناوی کاناڵی شاد بۆ سیستەمی وانە وتنەوە لە ڕێگای دوور و بە شێوەی ئانلاین، بۆ خۆی کێشەیەکی جدیە بۆ منداڵان و خوێندەواران ساز کردووە و بە هۆی ئەوەیکە بنەماڵە کرێکارییەکان توانای کڕین و کەڵک وەرگرتن لە کاناڵی شادیان نیە منداڵەکانیان لە خوێندن دوا دەکەون. بە وتەی کاربەدەستانی پەروەردە و بارهێنانی رژیم، نەبوونی سیستەمی ئینتێرنێتی یەکپارچە و دەستڕانەگەیشتن بە پێداویستیەکانی بۆ بەرنامە تەلەڤیزیۆنیەکان لە سەرانسەری ئێران و بەتایبەت لە ناوچە پەراوێز خراو و بێ بەشەکان لە دێهاتەکاندا، هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی منداڵان و مێرمنداڵان لە خوێندنە.



خەبات بە خوێندنی بێ بەرامبەری منداڵانی بێ بەش و بنەماڵە کرێکاریی، بەشێکی بەرچاو لەو خواستە رەوا و بەرحەقەیە کە دەبێ پێداگریی لەسەر بکەین و بە ئامانجی بگەیەنین. نابێ بهێڵین منداڵان واز لە خوێندن بهێنن و کەڵک وەرگرتن لە میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی هەنگاوێکر گرنگ لە ڕێکخستنی خەبات بۆ خوێندنی بێ بەرامبەرە و بە ساز کردنی کاناڵەکانی تێلێگرام و ئینستاگرام، بەشێک لە خواستی منداڵانە لە چوارچێوەی خوێندن لە ڕێگای میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە و دەبێ ئەم خواستە بەجێ بگات. بەداخەوە سیستەمی پەروەردەی رژیم لە ڕێگای کاربەدەستانی قوتابخانەکانەوە بنەماڵەی قوتابیانیان مەجبوور کردووە کە دەبێ بە هەر شێوەیەک کە بووە دەبێ کەلوپەلی بێهداشتی لەوانە ژلی دژەگەن کردن، ماست و دەسکێش و هتد... دابین بکەن و تەنانەت جلی خوێندنی تایبەتیشیان بۆ دابین بکەن و لانیکەم هەفتەیەک دوو جار بەڕێیان بکەن بۆ قوتابخانە و ئەگەر ئەو کارە نەکەن یەک ساڵ لە خوێندن بەجێ دەمێنن و ئەم کێشەیەش بە بنەماڵەی قوتابیان و بەتایبەت بنەماڵە هەژار و دەستکورتەکان لەم کاتی بڵەو بوونەوەی ڤایروسی کۆرۆنا نیگەرانی و دڵەڕاوکەیەکی زۆری بۆ ساز کردوون.

# خۆکوژی لە ئێران، ئاکامی نایەکسانی

**سەرچاوە: بی بی سی**
**وەرگێڕان لە فارسییەوە: سروە مستەفازادە**

ئاماری خۆکوژی لە ئێران ڕوو بە بەرز بوونەوەیە، بە پێی ئاماری وەزارەتی تەندوروستی، خۆکوژی هەموو ساڵێ ٥٪ زیاد دەکات و تەنیا لە ساڵی ١٣٩٧ نزیکی سەدهەزار هەوڵی خۆکوژی بە فەرمی لە ئێران تۆمار کراوە. ئاماری خۆکوژی لەو پارێزگایانەی هەژاری تێیاندا بەرزترە لە چاو ناوچەکانی دیکە زیاترە و هەروەها لە نێوان ژنان دا زۆرتر لە پیاوان بووە. لەم ساڵانەی کۆتاییدا هەموو ڕۆژێ هەواڵی خۆکوژیی ژنان، کرێکاران و تازەلاوان دەبیسترێ. بە پێی ڕاپۆرتی نووسینگەی سەلامەتی دەروونیی وەزارەتی تەندوروستی، بێ هیوایی بە داهاتوو یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی گوشاری دەروونی لەسەر خەڵکە. نەبوونی ئەمنییەتی کاری، قووڵبوونەوەی کەلێنی چینایەتی لە کۆمەڵگا، هەڵاواردنی ئاشکرای ڕەگەزی، نەداری بەرین و لەخوارەوەبوونی ئاستی ئاسوودەیی گشتی قەیرانە سەرەکییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێرانن. خەڵک بە هۆی نەدۆزینەوەی ڕێگای دەرچوون لەم قەیرانانە و نەبوونی دەرفەتی دەربازبوون لەو دۆخە ، هەوڵی خۆکوشتن دەدەن. ئەم ڕاپۆرتانە نیشانەدەری ئەوەن کە هۆکاری خۆکوژی لە ئێران، بەرلەوەی بە پێی بڕیاری تاکەکەس یا بارودۆخی دەروونی تاک بێت، دەگەڕێتەوە سەر پێکهاتەی لێنەهاتووی سیاسی-کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا. لە کۆمەڵگایەک کە پڕە لە گرفتی سیاسی-کۆمەڵایەتی، خەڵک بەرەو خۆکوژی پاڵپێوەدەنرێن. شوێنێک کە نان و برسییەتی تێیدا وەک یەک دابەش ناکردرێن نەبوونی، داماوی و مردن لە پەنای یەکێک لە گەورەترین سەرچاوەکانی سامان، وێنەی ژیانی ئەم ڕۆژانەی کرێکاران لە ئێرانە. لە دوای شەڕی ئێران و عراق، دانی پرۆژەکان بە کەرتی تایبەتی یان دانی بەشێک لە کارەکانی ناوەندەکان بە کەرتی تایبەت گرینگترین هەنگاوی دەوڵەتان بووە. بەشی کرێکاران لە هاوردەکردنی بێ حیسابی شتومەک، لاوازبوون و وەرشکست بوونی ناوەندە سەنعەتیەکان، دواکەوتنی مووچە و بێکاری بووە. ماوەیەک لەمەوبەر ژمارەیەک لە کرێکارانی دەرکراوی «هفت تپە» بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە نەگەڕاندنەوەیان بۆ سەرکار، هەوڵیاندا خۆیان ئاگر تێبەردەن بەڵام هاوکارانیان ڕێگەیان پێنەدان. لێکۆڵینەوە لەو خۆکوژییانە سەرەڕای ئەوەی باسیان دەکرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ بەڵام لەبەر هۆکار و سەرچاوەکەیان دەبێتە مەسئەلەیەکی ئەمنییەتی و دەشاردرێتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرییەکانی ناخۆی ئێران خۆکوژی لە ئێران لە بەرز بوونەوەدایە و زیاد بوونی خۆکوژیی سەرشەقامی بەشێک لەم بەرز بوونەوەیە. لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٨ نزیکی ٤٧ کەس هەوڵی خۆکوشتن لە شوێنە گشتییەکانیان داوە. ئەم خۆکوژییانە نیشانەی کۆتایی هیوا بە ژیانی کرێکارانێکە کە تاقەتی درێژەپێدان بەم شەڕە بێکۆتاییە هەموو ڕۆژەیان نەماوە و هاوکات لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بەو سیاسەت و ڕەوتەیە کە دەبنە هۆی ئەم خۆکوژییانە. خۆکوژی لە هەموو جیهان وەکوو شێوازێکی دەربڕینی ناڕەزایی سیاسی شتێکی نامۆ نییە و زۆرجار لە مێژووودا ڕوویداوە. بە گشتی ئەم شێوازە خۆکوژییە، کردارێکی کۆمەڵایەتی- سیاسیی مانادار و خاوەن مەبەستە بۆ نواندی ناڕەزایەتی بەرانبەر سیاسەتی دەوڵەت و سەرکوتکاریی دەسەڵاتداران. یەکێک لە نموونە کارێگرەکانی ئەم جۆرە خۆکوژییانە لە مێژووداە، خۆسووتاندنی «دیچ کوانگ دوک» لە ساڵی ١٩٦٣ بوو، کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە ئازاردرانی بوودایییەکان، دیکتاتۆری، گەندەڵیی ماڵی، نەبوونی دادپەروەری حکومەتی« نگودین دیم» سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ویتنامی باکوور لە شاری سایگۆن، خۆی لەبەر چاوی خەڵک ئاگر تێبەردا. لە ڕاستیدا ڕووی ئەو خۆکوژییە ناڕەزایەتییانە نەک هەر دەوڵەت و دەسەڵاتداران بەڵکوو لە خەڵکیشن. ئەوان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بە کەمتەرخەمیی بیروڕای گشتی بەرانبەر بە بێ عداڵەتی و سەرکوتی دەوڵەت خۆیان دەکوژن. ئەم کەسانە دەیانەوێ بەو کارەیان ناڕەزی و تووڕەیی گشتی بۆ هەوڵ بۆ چاکسازی و گۆڕان هەڵخرێنن. تەنانەت زۆرجار بەردەنگی ئەو ناڕەزییانە نەک هەر خەڵکی شوێن و وڵاتێک بەڵکوو ڕای گشتیی جیهانە کە ڕاگەیاندنە نێونەتەوەییەکان دەوری گرینگیان لەوبارەوە دەبێ.

خۆکوژی بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە ئێران؛ ئاخرین هەوڵی نارازیان

بە پێی یاساکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران خۆکوشتن و بەتایبەتی خۆکوشتن لە پێش چاوی خەڵک و لە شوێنە گشتییەکان تاوانە بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئاماری خۆکوژی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە. پاش هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دەوڵەتی نوێ بە پشت بەستن بە پڕوپاگەندەی بەهێزی خۆی، دەستی دایە سەرکووت، لەناوبردن و کوشتارێکی سیستێماتیکی بەرین. ڕەوتی خێرا و بەرینبوونی ئەو سەرکوتانە وای کرد کە ئەو خۆکوژییە ناڕەزاییانەی لەو ساڵانەدا ڕوویاندا نەکەونە بەرچاو و لە ئاکامدا ناڕەزایەتییەکی بەرچاویان بەرانبەر بە بە سیاسەتی دەوڵەت لێنەکەوتەوە. ژمارەیەکی کەم لەو خۆکوژییانەی کە دەنگدانەوەیان هەبوو لە لایان کەسانێک بوون کە پێشینەی سیاسیان هەبووە. کەم بایەخ نواندنی هۆکاری خۆکوژیی ناڕەزایەتی و پەیوەندیدانیان بە مەساییلی تاکەکەسی و کێشەی دەروونی تەنها هەوڵی دەوڵت و دەسەڵاتداران نەبووە، سڕینەوە و شاردنەوەی هۆکاری گشتیی ناڕەزایەتێکان و ناساندنی ئەو کەسانە وەکوو نەخۆش و تاوانبار و سەر بە بێگانە و سەرکووتکردنیان بە بیانووی هێرش بۆ سەر داموودەزگا یاساییەکانی حکوومەت و لە هەمانکاتدا هەوڵ بۆ نیشاندانی ئەو خۆکوژییە ناڕەزاییانە وەکوو کارێک بۆ بەرژەوەندیی تاک و نەک کۆمەڵگا، لە شێوازی باوەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئێرانم. حکوومەتی ئێران لە ڕێگای پەرەپێدان و ئاسایی کردنەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگا، وای کردوە کە ئەو خوکوژییانە نەبنە هۆی کاردانەوەی بەرین ودوروست بوونی شەپۆلێکی بەهێزی ناڕەزایی، لە فەزای گشتی کومەڵگادا. لە کۆمەڵگا دێمۆکراتیکەکاندا بەهۆی هەبوونی سیستمی دەنگدان و حیزبەکان، خۆکوژی ناڕەزایەتی شێوەیەکی باو و ئاسایی نییە. لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتە توتالیتێرەکانیشدا بە هۆی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی زانیاری و لە ئاکامدا نەبوونی دەنگانەوە نێونەتەوەیی ئەم شێوازە زۆر کاریگەر نییە. لە ئێران لەم چەن ساڵی ڕابردوودا بە هۆی سەرکووتی بەرینی سەندیکا کرێکارییەکان و نەبوونی ڕێکخراوەی ڕێکخراوەی سەربەخۆ بۆ داکۆکی لە مافی کرێکاران، خەساری جەستەیی و دەروونی لە شوێنی کار یەکجار زۆرن. لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا کاریگەری ناراستەوخۆی ناڕەزایەتی پێوەندیی بە زنجیرەی درێژ و ئالۆزی «هۆ و هۆکرد» ەوە هەیە. بۆ نموونە ڕێژەی کاریگەریی خۆکوژیی ناڕەزایەتی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بڵاوبوونەوەی لە دەزگاکانی گشتیی ڕاگەیاندن و ئەو ناڕەزایەتییانەوە هەیە کە لە فەزای مەجازیدا بەدوایدا دێن.

خۆسووتاندنی ژنان؛

بە هۆی لێنەهاتوویی دامەزراوە مەدەنیە دەوڵەتییەکان وەکوو بێهزیستی و گوشاری سەر دامەزراوە ناحکوومەتییەکان لە ئێران و نەبوونی پشتگرتنی پێویست لە بنەماڵەکان لە ناوچە هەژارنشینەکان، ئاماری خۆکوشتن لەو ناوچانە زۆر بەرزە. کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٩، هەواڵی دڵتەزێنی خۆکوشتنی «زێنەب» مێرمنداڵی یازدەساڵەی ئیلامی بەهۆی نەداری، بڵاوبۆوە. هۆکاری ئەسڵی ئەم خۆکوژییە نەداری و دەسکورتیی خانەوادەکەیبوو کە تەنانەت نەیانتوانی لە گۆڕستان قەبرێکی بۆ بکڕن و لە نزیک ماڵەکەی خۆیان ئەسپەردەیان کرد. بەڵام بەرپرسان گرینگییان بەو مەسەلەیە نەدا. تەنانەت بەرپرسی بێهزیستیی ئیلام ڕایگەیاند کە بە پێی قسەکانی خانەوادەی ئەو منداڵە، کچەکەیان نیشانەکانی خەمۆکی هەبووە و چۆن بنەماڵەی لە سەر ئەو گرفتە زانیارییان نەبوو نەیانتوانیوە نەخۆشیی دەروونیی ڕۆڵەکەیان چارەسەر بکەن. ئەمە دەریدەخا کاتێک تەنانەت منالێک لە ناوچەیەکی هەژارنشێن خۆی دەکوژێ و کاردانەوەی بەرینیشی دەبێ، بەرپرسانی حکوومەتی بەبێ سەرنج دان بە کەلێنی چینایەتی و نابەرابەریی کۆمەڵایەتی، خۆی لێ گێل دەکەن و دەیانەوێ وەکوو گرفتێکی دەروونی بینوێنن. تەنانەت ئەگەر کەسێک کە خۆی دەکوژێ گرفتی دەروونیشی هەبێ هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگا. بنەماڵەکان بە هۆی ڕێژەی کەمی داهات و نەبوونی ڕێگەیەک بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان، ناتوانن پێداویستیە سەرەتاییەکانیان دابین بکەن، قووڵتربوونەوەی هەژاری خەڵک تووشی گرفتی ئەستەمتر دەکا. ئاماری وردی خۆکوژیی ژنان لە پارێزگای ئیلام لەبەر دەستدا نییە، بەڵام ئاماری ئەو هەوڵە خۆکوژییانەی بوونەتە هۆی مردن لە ناو بێکاران و ژنانی ماڵدار زۆرترە. خەڵکانێک هەن کە دوای ساڵانێک تەحەمول و چاوەڕوانی جیا لە خۆکوژی و خۆسووتاندن، چارەسەرێکی دیکە بۆ ڕزگاری لەم بارودۆخە ئەستەمە نادۆزنەوە. خۆسووتاندنی ژنان بە مانای ویست و خواستیان بۆ مردن نییە، بەڵکوو هاوارێکە بۆ داوای یارمەتی و تێگەیاندنی خەڵک لە گرفتەکانیان. بارودۆخی نالەباری خانەوادەکان و کۆمەڵگا، ڕێخۆشکەریی زۆرینەی ئەم خۆکوژییانەیە، کە تاوانێکی بێدەنگە دژی ژنان و بۆتە ئاکارێکی باو. خۆکوژیی ژنان چ بەمەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بێت یان نا، بابەتێکی چینایەتی و جنسییەتییە و قوربانییەکانی لە چینی هەژاری کۆمەڵگا و کەسانێکدایە نە دۆخی ئێستایان بۆ تەحەمول دەکرێ و نە هیوایەکیان بە گۆڕانی هەیە. ئەم خۆکوژییانە لە ڕاستیدا هاوارێکی ناڕەزایی و مافخوازانەیە بۆ گۆڕینی دۆخی کۆمەڵگا.

چەن نموونە لە خۆکۆژی ناڕەزایەتی لە ئێران کە کاردانەوەی لێکەوتووە؛

*٢١خاکەلێوەی ١٣٩٩؛ عومران ڕەوشەنی موقددەم، یەکێک لە کرێکارانی مەیدانی نەوتی «هوەیزە» بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بە نەدرانی تەنیا ٥٠٠هەزار تمەن پێشەکی مووچەکەی، لە مەیدانی کۆمپانیای نەوت خۆی لە سێدارەدا.

*ساڵی ١٣٧٢ لە مەیدانی تەجریش لە تاران؛ خۆسووتاندنی هوما دارابی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بە حیجابی زۆرەملی

* ساڵی ١٣٦٦ نیووشا فەرەهی یەکێک لە ئەندامی ڕێکخراوی فەداییانی خەڵق، کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە درێژەپێدرانی شەڕی نێوان حکوومەتەکانی ئێران و عێراق خۆی لەبەر دەم بینای فێدراڵی لۆس ئانجلێس، لە کاتی سەفەری خامنەایی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران بۆ نیۆیۆرک ئاگرتێپەردا.

*خۆکۆژیی سەحەر خودایاری، کە پاش هەوڵی بۆ چوونە ناو ستادیۆمی فووتباڵ بۆ بینینی یارییەکی فووتباڵ دەسگیر کرابوو و دواتر کە زانی حوکمی ٦ مانگ زیندانی پێدەدرێ، خۆی سووتاند و گیانی لەدەست دا.

# دیدی شارۆمەندێکی دەسفرۆش لە شاری سنە

**سنە-سوران ئاویەر**

ماوێکە کۆمەڵیک ڕووداوی نوێ دەبینین کە بە داخەوە وەک هەر ڕووداوێکی دیکە خەڵک خوویی پێوە دەگرن، شیرازەی ژیانی خەڵک خەریکە تێک دەچێت و دەسەڵاتی زۆردار و گەندەل ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە ناو زبلدانەکاندا دەبیننەوە. کاک «حەمەمین.م» یەکێک لە پێشمەرگە دیرینەکانی کۆمەڵە کە ماوێکە دەیناسم بۆ بژیوی ژیان خەریکە بە کۆکردنەوەی کارتون و لاستیک، دەیگوزەرێنێ، منداڵەکانی بە بیری کۆمەڵە گوج کردوە و ناردوەتە زانکۆ و فەوقە لیسانسیان لەوێ تەواو کردوە، بەڵام بەداخەوە لە هیچ شوێنێک بۆ ئەوان کار نییە. بورهانیش یەکێکی دیکەیە لە پێشمەرگە دیرینەکان و بەداخەوە کەتوەتە داوی ئێعتیادەوە و زۆر جار کرێکاری دەکات تا بتوانێ ژیانی منداڵەکانی دابین بکات، دەنگی لەرزۆک و غروری ورد بوە، دەڵێت ساڵێکی تەواوە نەیتوانیوە بۆ ژن و منداڵەکانی گوشتی سوور بکرێت و ئەمەی لە فایلێکی دەنگیدا بۆ ناردوم تا ئەوە بنێرم بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ تا بێن دەردنامەکەی ببین کە ویژدانی هەر مرۆڤێک دەجولێنێ. لە شەقامەکان کردەوەگەڵێکی ناخۆش ڕوو دەدات کە کۆمەڵێک لە چاوەکان هەرگیز نایبینن، ڕۆژانە پیرە پیاو و پیرێژن گەڵێک دەبینین کە لە ناو زبلەکاندا بە دوای میوەی ڕزیو و وردە نان و ... دەگەڕێن، ماسکێک دەدەن لە ڕۆخساریان بۆ ئەوەی کەس نەیاناسێت. ژنێکی گەنج بە ناوی «بەیان» هەموو ڕۆژ بە تەلیسێکی گەورە خەریکی کۆکردنەوەی کارتونە و ... دەنگی منداڵێکی چکۆلە کە وەک ئەشکەنجە وایە کە داوای هەنار کە تازە هاتوەتە ناو بازار لە باوکی دەکات، سەیری ئەو گەنجە دەکەم، پیاوە گەنجەکە سەیری گیرفانی دەکات و بە کابرای هەنار فرۆش دەڵێت دەکرێ هەنارێکم بۆ بکێشیت؟ میەوە فرۆش دەڵێت نیمانە. دەر و ئازاری ئەوم شانویانە هەموو ڕۆژ ئازارم دەدات. پێویستی و بژیوی ژیان خەڵکی بە چوکدا هێناوە و ئەم ئازارە هەر ڕۆژ سەختتر دەبێت، برنج کیسەی بە ٣٠٠ هەزار تمەنە، هێلکە شانەی بە ٣٥٠٠٠ تمەنە و گرمێک زێر ١٢٠٠٠٠ هەزار تمەنە، هەناسە کێشانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ لەو دۆخەدا سەختتر دەبێت و چیدی ماشین، زێر و تەنانەت تەبلەت و گوشیش بوە بە ئەفسانە بۆ خەڵک و ئێتر خەڵک ناتوانن هەناسە بکێشن.



لە ژێر پێستی شار کۆمەڵێک ڕووداوی زۆر ناخۆش روو دەدەن کە زۆر دەردئاوەرە و داهاتوو ڕەشتر لەوەی کە بیری لێ بکەینەوە خەریکە روو دەدات. کرامەت و شەرافەتی ئینسانی مانای خۆیی لە دەست داوە و ،ووچەخورانی دەوڵەتیش کە تا ڕادەیەک ژیانیان باشترە، بونەتە خوێی برینی خەڵک و لە دائیرە حکومیەکان بوروکراسی حاکمە و حوکم دەکات و سەفی دوور و درێژ لە بەر دادگای شاری سنە بۆ چونە ناو دادگا چیرۆکی کۆمەڵێک داستانن کە لە بەردەم دەسەڵاتدارانی گەندەلی ئێراندا کۆ بوەتەوە. دزیی، ئات و ئاشغال کۆ کردنەوە، شەڕ، گرانی زۆر، کۆمەڵێک لەو گرفتانەن کە هەرەشە لە داهاتووی کوردستان کە کاتێک بە «دارالاحسان» دەناسی دەکات، ئەخلاق و هەلس و کەوت زۆر دابەزیوە و بایەخە ئینسانیەکان لە وەها کۆمەڵگایەک دارماوە و خەریکە ئاوا بونن دەبێت دەسەڵاتی گەندەل لە ڕەش خانەکەی تەنها لە بیری سەرکوتی ناڕزایەتیەکانە و هەرگیز ڕێگە چارەیەک بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی خەڵک نادۆزێتەوە، زوحاک دەسەڵاتی لە ئێعدامی لاوانی وڵات وەک، ئەفکاری، رامین و ئێحسان و ... دەبینێتەوە بەڵام من داهاتوو روون دەبینم باوەرم وایە کە ئەم نیزامە دەروات و دوا هەناسەکانی دەکێشێت.

# ١١ی سێپتامبر، کوودەتا لە شیلی یەکەم تاقیگەی نئولیبرالیسم

**شەهرام وەحدانی**

دەوڵەتی «یەکیەتی خەڵکی» بە سەرۆکایەتی «سالوادۆر ئالێندە» بە ئاراستەکردنی بەرنامەیەک لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٠دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە ڕادەستکردن و گواستنەوەی بەشێکی مەزن لە ئابووری شیلی لە کەرتی تایبەت (کە پێکهاتەیەک بوو لە کۆمپانیا مەزنەکانی ئەمریکایی) بۆ دەوڵەت و دەوڵەتی کردنی دەستمایەکان و سامانیی گشتی کردبووە ئامانج. ئالێندە یەکێک لە شۆرشگێرانی ئەو سەردەمەی ئامریکای لاتین بوو کە هەر وەکوو چێگوارا پزشک بوو بەڵام بە پێچەوانەی ئەو زیاتر شێوەی کەسێکی تێکنۆکراتی زانستگایی دەدا تاکوو چریک. ئالێندەش هەر وەکوو فیدێل کاسترۆ لە وتاردا زمانێکی ئاگرین و سەرنجڕاکێشی هەبوو بەڵام لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئاڵوگۆڕی ئابووری و هەنگاو هەڵگرتنی شیلی بەرەو سوسیالیسم لە سندۆقی دەنگدان و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە مسۆگر دەبێت نەک لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە. کاتێک «ریچارد نیکسۆن» سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەواڵی سەرکەوتنی سالوادۆر ئالێندەی بیست بە «ریچارد هێڵمز» (سەرۆکی ئەوکاتەی سازمانی جاسووسی ئەمریکا، هەروەها یەکێک لە دوایین باڵوێزەکانی ئەمریکا لە ئێران) فەرمانی دا: ئابووری شیلی ناچار کەن کە شیوەن بگێڕێت.

کاتێک لە مەبەستی سەرەکی کوودەتای پینۆشە بە پشتیوانی کۆشکی سپی و سازمانی «سی ئای ئەی» تێدەگەین کە بۆمان دەرکەوێت کێ لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و سەرکەوتنی ئالێندە تووشی خەسار دەبوو. کار گرووپی شیلی بریتی لە چەند کۆمپانی مەزن لەوانە کۆمپانیای «ئای تی تی» خاوەنی هەفتا لە سەدی بەشدارگەی (شرکەت) تێلێفۆنی شیلی کە بڕیار وابوو ببێتە خۆماڵی، بانکی ئەمریکا، کۆمپانی پورینا و کۆمپانی شیمیکال فایزێر و سەدان کۆمپانی گەورە و بچووکی ئەمریکایی دیکە کە دەستیان بەسەر شادەمارەکانی ئابووریی وڵاتانی ئەمریکای لاتین و لەوانە شیلی واتە یەکەمین وڵاتی بەرهەم هێنەری مس لە جەهاندا گرتبوو ئەوانە بوون کە تووشی زیان دەبوون نەک خەڵکی شیلی. لە ساڵەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا نزیک بە ٥٥٠٠ کۆمپانی ئەمریکایی گرێدراو بەو چەند کۆمپانیا مەزنەوە لە ولاتانی ئەمریکای لاتین کاریان دەکرد. تەنیا لە ساڵی ١٩٦٨دا لە سەددا بیستی سەرمایەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی وڵات، بۆ ئەمریکای لاتین تەرخان کرابوو. ئەندامانی کارگرووپی شیلی تەنانەت بەر لەوەی ئالێندە بگاتە دەسەڵات هەوڵەکانیان بۆ شکستی ئەو خستبووە گەڕ بەڵام دوای هاتنە سەرکاری ئالێندە بۆ ڕاگرتنی بەرنامە ئابوورییەکەی ئەو واتە خۆماڵی کردن و بە نیشتمانی کردنی سامانی گشتی ئەو وڵاتە شەڕێکی قورسی ئابووریان بە سەر شیلیدا داسەپاند.

هێنری کیسینجێر ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا لە دوای سەرکەوتنی ئالێندە لە هەڵبژاردنەکاندا وتبووی: من تێناگەم ئێمە چۆن دەتوانین دانیشین و بڕوانینە وڵاتێک کە بە هۆی کەمتەرخەمی خەڵکەکەیەوە بەرەو کۆمۆنیسم هەنگاو هەڵبگرێت؟!

سەرەڕای هەموو گوشارەکان، پلان و سەزا ئابووریەکانی دەوڵەتی ئەمریکا دژ بە شیلی، دژایەتی نەیاران و ئۆلیگارشی خاوەن سەرمایە، دەولەتی ئالێندە پشتبەستوو بە متمانەی خەڵک هێشتا لەگەڵ ئەو قەیرانە داسەپێندراوەدا بەربەرەکانێی دەکرد. بۆ نموونە تەنیا بۆ لە کار خستنی سیستمی ترانزیت و هێڵی ڕاگواستنی شتومەک لە شیلی بە پێی بەڵگەکان زیاتر لە هەشت مێلیۆن دولار تەرخان کرابوو کە بدرێت بە خاوەن کامیۆنەکان و ئەو شۆفیرانە کە درێژە بە مانگرتن بدەن.

هەرچەند لە میدیا و دۆکۆمێنتەکاندا وەها باس دەکرێت کە هۆکاری سەرەکی کوودەتای ژێنرال پینۆشە و ڕووخاندنی ڕژیمی ئالندە بە مەبەستی چارەسەرکردن و کۆنترۆڵی قەیرانی ئابووری بوو بەڵام زۆر بە کەمی باس لەوە دەکرێت هۆکارەکان و ڕیشەی ئەو قەیرانە چ بوو؟ لە ڕاستیدا سەرۆک کۆماری شیلی بۆ قەرەبووی ئەو زیانە کە لە ئەگەری بە نیشتمانی کردنی سامانەگشتییەکانی شیلی وەبەر کۆمپانیە ئەمریکاییەکان دەکەوت پێشنیارگەلێکی زۆر باش و دادپەروەرانەی ئاراستە کردبوون، بەڵام ئەو هەوڵانە چی لە دوژمنی ئەوان کەم نەکردەوە، تەنیا بەو هۆیە کە سەرکەوتنی ئالێندەو ڕەهەندی ئابووری سوسیالیستی دەبووە هێما و شێوەیەکی نوێ بۆ وڵاتانی ئەمریکای لاتین کە یەکێک لەو ناوەندانە بوو بۆ تەرخانکردنی سەرمایە و بەرهەم هێنانی قازانجێکی لە ڕادەبەدەر بۆ خاوەن سەرمایە ئەمریکاییەکان. سازمانی سی ئای ئەی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە هاودەستی نەیارانی ئالێندە و ئەمیرانی پایەبەرزی ئەرتەشی شیلی هاوکات لەگەڵ شەڕی ئابووریدا دەستیان دایە شەڕێکی بەرینی میدیایی کە کۆمەڵگەی شیلی کردبووە ئامانج. ئەوان بڕەویان بەو بۆچوونە دەدا کە دەولەت ناکارامەیە و لە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر شیلی بە هۆی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتی لە سەرکار، وڵات تووشی قات و قڕی و وێرانی دەبێت. لە سەرەتای مانگی سێپتامبری ١٩٧٣دا ئەمریکا بەو ئاکامە گەیشت کە لە شەڕێ ئابووریدا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئالێندە سەرکەوتوو نەبووە و هەر بۆیە وەکوو زۆر جاری دیکە دەستیان دایە شەڕێکی ڕاستەوخۆ. ڕۆژی ١١ی سێپتامبری ١٩٧٣ کۆشکی سەرۆک کۆماریی شیلی کرایە ئامانجی هێرشێکی بێ بەزەییانە لە لایەن فڕۆکە جەنگیەکان و تانک و تۆپی کودەتاچییەکانەوە. سالوادۆر ئالێندە لەگەڵ زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس لە یاران و هاوڕێکانی بە شێوازێکی دڕندانە کوژران و دەسەڵاتێکی خوێنمژ و چەوسێنەر بۆ نزیکەی دوو دەیە بەسەر ئەو وڵاتەدا داسەپێندرا. ستادیۆمی سانتیاگۆ پێتەختی شیلی بوو بە کوشتارگەی هەزاران ئازادیخوازو شۆڕشگێڕی شیلی لەوانە ویکتور خارا گۆرانی بێژو هونەرمەندی خەڵکیی کە لە لایەن هێزی سەرکەووتگەری کوودەتاچییانەوە لە خوێندا گەوزان.

هەر دوا بەدوای بە دەسەڵات گەیشتنی پینۆشە، تیمی ئابووری میلتۆن فریدمەن و شاگردانی زانکۆی ئابووری شیکاگۆ کە بە منالەکانی شیکاگۆ ناوبانگیان دەرکردووە، بەرنامەیەکی ئابووری ماڵوێرانکەریان لە ژێر ناوی «خشت» لە سەر مێزی ئەفسەرانی کوودەتاچی دانا. ئەو بەرنامە کە بریتی بوو لە سیانەی ناپیرۆزی «پەرەپێدان بە خاوەنداریەتی تایبەت، داماڵینی یاساو ڕێسا لەسەر ئابووری لە لایەن دەولەتەوە، کەم کردن و دابەزاندنی ئاستی خزمەتگوزاری دەولەت بە هاووڵاتییان لە هەموو بەشەکان بە تایبەت بەشی دەرمان و پەروەردە و بە گشتی ڕەهاکردنی دەستی بازار بۆ بەدەست هێنانی قازانجی زیاتر». شیلی بوو بە یەکەم شوێن کە ئەو شێوە لە بەڕێوبەرایەتی ئابووری تێدا تاقی کرایەوە کە دواتر بە «نئولیبرالیسم» ناوزەد کرا.

دواتر هەمان شێوە لە وڵاتانی دیکەش لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناخەڵکییەوە بوو بە شێوەی باوی بەڕێوبەرایەتی ئابووری. هەر لە ئەمریکای سەردەمی ڕۆناڵد ڕەیگانەوە بگرە تاکوو بریتانیای سەردەمی مارگارەت تاچێر. لە ئامریکای لاتینەوە بگرە تاکوو ئاسیاو وڵاتانی ئوروپایی. ئەوەی کە سەرەنج ڕاکێشە ئەوخاڵەیە کە تەنیا دیتنی ئامارو ژمارەکان ڕێنوێن نین. ڕەنگە لە زۆر وڵاتدا و بە گشتی لە ئاستی جەهانیدا ئامارەکان ئاماژە بەوە بکەن کە ئابووری بە گشتی ڕوو لە گەشە بووەو ئاستی بەرهەم هێنانی پیشەیی و ئاستی ژیان بەرەو بەرز بوونەوە و گەشەکردن ڕۆیشتووە. بەڵام پێویستە ئەو پرسیارە بهێنینە ئارا کە ئەو هەموو سەروەت و سامانە کە بەهۆی شۆڕشی ئەنفۆرماتیک و تکنۆلۆژی بەرهەم هاتووە دەستی کێ کەوتووە؟ ئەم شێوە لە بەڕێوەبردنی ئابووری بێ گۆمان دوای چەند دەیە بە هۆی پەرەپێدان بە نابەرابەری و قووڵکردنەوەی کەلێنی چینایەتی چ لە ئاستی جەهانیدا لە نیوان وڵاتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو و چ لە ئاستیی ناوخۆیی وڵاتاندا لە نێوان چینی کرێکار و زەحمەتکێش و چینی باڵادەست و خاوەن سەرمایەو دەسەڵاتدار تووشی قەیرانێکی قووڵ و بنچینەیی هاتووە. هەر ئێستا تەنیا هەشت کەس لە گەورەترین خاوەن سەرمایەکان ئەوەندەی نیوەی هەموو خەڵکی ئەم زەوییە سامانیان هەیە. ئەپڵ بە تەنیا خۆی لە سەدا پەنجی تەواوی سەرمایەکانی ئەم گۆی زەوییەی لە ژێر رکێف دایە و دەیان نموونە لەو چەشنە کە پیشاندەری ئاستی لە رادەبەدەری نابەرابەری و ستەمێکە کە لە مرۆڤ دەکرێت، هەمان مرۆڤ کە لە بزووتنەوەی واڵستریتدا هاتە خرۆش دژ بەو ڕەوتە. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە هەر ئێستا لە هەر ٧ کەس لە جەهاندا یەک کەس، بەردەوام لەگەڵ ڕەنجی برسییەتیدا بەرەوڕووە.

ئەگەرچی میلتون فریدمەن وەکوو ئابووریزان خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت بەڵام ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە کە بەسەر گشتگیربوونی ئابووری نئولیبرالیسم و بازاری ئازاددا تێدەپەڕێت و دوای پێگەیشتنی میوەی تاڵ و قیزەونی داری وەها ئابوورییەک، بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە خۆی بیری دەکردەوە زۆرن ئەو کەسانەی وا بە مرۆڤێکی شەڕهەڵایسێن و شەرووری دەناسن. ئەو لە وتووێژێکدا کە لە ڕۆژنامەی واڵ ستریت لە ٢٣ی ژوویيەی ٢٠٠٦ دا بڵاوکرایەوە وتبووی: پێم وانییە کە هیچکات کەسێک منی وەکوو شەروور چاو لێکردبێت. بەڵام مروڤ بە ئاکامی بۆچوون و بەرهەمی کارەکانییەوە هەڵدەسەنگێنن. هەر وەها کەپەندێکی فەرانسەوی دەڵێت دار بە میوەکەیە دەناسرێت.



# ئایشمەن لە ئورشەلیم

**نووسەر:هانا ئارێنت**
**وەرگێران لە فارسییەوە: محەمەد حەکیمی**

ئایشمەن لە ئورشەلیم: راپورتێک لە خراپەی شەڕ کتێبێکە لە «هانا ئارنێت» فەیلەسوفی سیاسی لە ساڵی ١٩٣٦ی زایینی. لەم کتێبەدا، «ئارنێت» یەهودیەک کە لە سەردەمی ئالمانی نازی ناچار بوو زیدی خۆی بە جێ بێڵێت، راپورتێکی لە کتێبێکدا بە ناوی «ئایشمەن لە ئورشەلیم» لە دادگایی «ئادولف ئایشمەن» نووسیوە. روانگەی ئارنت لەو کتێبە ئەوەیە کە شەڕی گەورە لە هەموو مێژوویی مرۆڤایەتییدا بە شێوەی گشتی، بە شێوەی تایبەتی «هولوکاست»، نە لەلایەن خەڵکێک کە تەنها لە رووی هەست یا نەخۆشی دەروونی بەڵکوو لەلایەن خەڵکی ئاسایی کە تەنها ویست و داخوازی دەوڵەتەکانیان قەبوڵ کردبوو، روویدا و هەر بەو هۆیەوە، لە روانگەی «ئارنێت» کردەوەکانیان سروشتیی بوە.

لە وێژەدا شەیتان فرشتەیەکی زۆر زیرەک و شەڕفرۆشێکی زیرەکە و چالاکە، بەڵام لە روانگەی «ئارنێت»ەوە، ئایشمەن شەیتانێکی دەرەجە دوو و نازیرەک و کەرە. «ئارنێت» سەبارەت بەو ئالمانیانەی کە «ئایشمەن» وەک دێو و درنج پێناسە دەکەن و دەیناس و دەیناسێنن دەڵێت: بە دڵنیائیەوە ئەوان دەیانەوێت بیانویەک بۆ خۆیان بدوزنەوە. سروشتییە ئەگەر لە دێو و درنجێک کە لە دڵی رەشیائیەوە دەردەکەوێت، شکەست بخون. کەمتر تاوانباری تا کاتێ لە کەسێکی ئاسایی شکەست دەخوێت. ئەم روانگەیە سروشتییە ئەگەر لە دێو و درنجێک کە لە دڵی رەشیەوە هەڵدەقولێت، شکەست بخون، کەمتر تاوانباریت تا ئەو کاتەی لە کەسێکی ئاسایی شەکست دەخۆن. ئەم روانگەیە بە هۆی بزاوتی هەستی کەسانێک کە دەترسن ببن بە قوربانیش بە قازانجە. لە ناو بردنی دیو و درنج زۆر سادەترە تا ئەوەی بمانەوێت لەگەڵ بێ ئەخلاقی بێ کۆتایی بەر بەرەکانێ بکەین کە ئەم رەوشتە لە میلیونها مرۆڤدا بوونی هەیە.

کەمتر کتێبیک هەیە کە ٥٠ ساڵ لە دوای چاپی هێشتا بەمشێوە جێگەی مشتومڕ بێت و ئەم کتێبە یەکێکە لەو باسانە کە بۆ هەمیشە زیندوە. گێژەلووکەی ئەو تورە بوونە کە لە پێشوازی «ئایشمەن لە ئورشەلیم» هاتە ئاراوە، چ ئەو کاتەی کە لە لاپەرەکانی «نیویورکێر» وەک وتاری درێژ چاپ و بڵاو کرایەوە و چ دوایی کە بە شێوەی کتێب چاپ و بڵاو کرا، تەنانەت بە ئێستاشەوە ئارام و ئوقرەی نەگرتوە. شرۆڤەی «هانا ئارنێت» لە دادگاکەی «ئادلوف ئایشمەن» بەرهەمێکی کلاسێکی لە خۆیی بە جی هێشتوە؛ بەرهەمێکی ئەندازیاری لە جیهانی ئەندیشە و ئەخلاقی سیاسی سەدەی بیستەم. بەڵام ئەم بەرهەمە هەمیشە لە حاڵی خۆنویکردنەوەدایە: «دەیوید سزارانی» لە ژیاننامەیەک کە سەبارەت بەم «بوروکرات»ە نازییە نووسیویەتی شرۆڤەکەی «ئارنێت» لە «ئایشمەن» دەخاتە ژێر پرسیار، هەروەها «دبوراليپشتات»یش لە توێژینەوەی خۆیی وەک دادگایی «ئایشمەن» وەهای کردوە.

بۆ هیچ کەس شاراوە نییە کە کاردانەوەکان بۆ «ئایشمەن لە ئورشەلیم» زۆرتر بە پێی خەتی ئایینی لێک جیا کراونەتەوە. «ماری مەک کارتی» هاوڕیی نزیکی «ئارنێت»لە «سمپوزیوم پارتیزان» ئاماژەی بەو راستییە کردوە : «کەسێک کە ئایینی یەهودی نییە کاتێ لەگەڵ یەهودیەکان بێت و لەو کاتەدا ئەم باسە بێتە ئاراوە کەهەمیشەش دەبێت، هەستی منداڵێکی لاواز لە خویندنی گورانی لە نێوان کۆمەڵێک لە گوارانیبێژەکانی ئاسایی دەدۆزنەوە یا بە پێچەوانەوە. دەڵێت دەبێ بە چاویلکەی یەهودیەک «ئایشمەن لە ئورشەلیم» بخوێنن تا ئاکامی راستەقینە لەو تێبگەین و روون ببێتەوە. بۆ روون بوونەوەی وتەی «مەک کارتی» دەبێ شرۆڤە و دەرکی ئەو لە کتێبەکە لەگەڵ شرۆڤەی توندی «ساڵی بلۆ» بەراوردی بکەیت. «مەک کارتی» بەم شێوە شرۆڤەی کتێبەکە دەکات: «سرود، لێهاتوویی، موسیقای بەهەشتی و وەک خوێنەرانی ئاخری «فیگارۆ» یا مەسیح» و «ساڵی بلۆ» لە سەیارەی «ئاغای ساملر» سەبارەت بە کتێبەکە ئاوا دەنووسێت: « لە مێژوویەکی تراژیک کەلک وەردەگرێت تا بتوانێت پروپاگەندە بکات بۆ بیرۆکەکانی بیرمەندانی «وایمار».

ئەوەی «ئایشمەن لە ئورشەلیم» بەمشێوە هەستیار کردوەتەوە ئاماژە و ئاخاوتنەکانی :هانا ئارنێت»ە لە ناو کتێبەکەیدا، بەڵام شێوەی دەربڕین لەم بابەتە پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ بنچینەی بابەتەکە هەیە. «ئارنێت» لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە دەسەڵاتی ئالمانی نازی رایکرد و کاتێ لە ساڵی ١٩٤٠ی زایینی فەرانسەش لەلایەن ئالمانی نازییەوە داگیر کرا، ناچار بوو فەرانسەش بە جی بێڵیت، لەم کتێبەدا لەگەڵ جنایەتێک رووبەروو بوو کە میلیونها یەهودی لە ناو برد و ئەو شەڕە ژیانی خۆشی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە کە دەوترا میلیونها یەهودی لە ناو بردوە. بۆ « ئارنێت» ئەوە پێویستیەکی ئەخلاقی بوو کە بە غرورەوە توشی ئەم کارەساتە بوو، هەستی بە کەم زانینی خۆیی سەبارەت بە نازیەکان دەربڕیی. لە راستییدا خۆدی بیرۆکەی «کاوڵکاری شەڕ» لە ئاکامدا شێوەێکە لە شاردنەوەی هەر جۆرە جوانی یا زات بۆ نازیسم و بەوشێوە نازیسم توشی لە ناو چون دەکات.

بە هەموو ئەمانەوە، ئەو لای پێویستی «پولی» غرور شەرمە و هەرکات «ئارنێت» حوکم دەکات کە یەهودیەکان خراب هەلس و کەوتیان کردوە، بە ئاشکرا هەستی شەرم و شەرمێونی دەردەکەوێت. گرنگترین شێوەی ئەم شەرمە ئەو روانگەیە کە ئەو سەبارەت بە «شورای یەهودیەت» باسی لیوە دەکات. نازیەکان بە هۆیی ئەم شورایەوە توانیان دەست بگرن بە سەر کۆمەڵێک لەم کۆمەڵگایانە؛ بۆ یەهودیەک نەخشی رێبەرانی خۆیان لە ناوبردنی خەڵکی خۆیان بێی بێگومان یەکیک لە رەشترین وەرزی ئەم چیرۆکەیە و دەتوانین بڵێن بە شێوەیەک خەسار ناسی ئەم پرسە بە شێوەیەک سەرەتای ژیانێکی نوێشە. هەستی شەرم و شەرمێونی «ئارنێت»لە یەهودیەکان و ئەوەی کە نەیانتوانیوە وەک پێوەرە ئستانداردە باڵاکان و پاکەکانی ئەو هەلس و کەوتە هەر لە سەرەتای لاپەرە سەرەتاییەکانی زۆر بە جوانی دیار و روونە. ئەو بەشی وەرگێرانی ئیسرائیلی لە دادگا، هەلس و کەوتی «شومەن واری» دادستانی ئیسرائیل و یاساگەڵی ژیانی هاوسەرگیری ئیسرائیل بە توندی دەخاتە بەر رخنە و گازندە. لە هەموو ئەوانە گرنگتر و رقی لەو بیرۆکە بە جوانی دەردەبرێت کە بڕیار بوو هەموو جیهان تماشاگەرانی دادگا بن و بەڵام لەو سەردەمەدا شانۆیەکی تەواو سەبارەت بە ئازار و ئەو دەردانەی کە یەهودیەکان کێشابویان وەرێکەوتبوو.

بە سانای دەتوانین هەست بەو سەختگیرییەی «ئارنێت» کە جۆرێک رێز بوو، بکەین. ئەوەی کە ئەو چاوەروانی ئەوەی لە یهودیەکان دەکرد کە بەرزترین ئاستی پیشەیی و تایبەت بپارێزن، بەو واتەی کە «ئارنێت» ئەوانی وەک ئەبەر مرۆڤ دەناسێنیت. لەلاێکی دیکەوە «ئارنێت» سەبارەت بە «ئایشمەن» تەنها سوکایەتی و بە چاوی هیچ و پوچەوە سەیری دەکرد و تەنانەت ئامادە نەبوو وەک کەسێکی تەریک کەوتوو باسی بکات: «ئایشمەن»ی کتێبی «ئارنێت» تەنها مرۆڤێکی بێ دەس و پایە کە ناتوانێت تەنانەت یەک رستە بڵێت کە هیچ و پوچی پێوە دیار نەبێت.

دەتوانین هەست بەوە بکەین کە تاکتیکی «ئارنێت» لە چاوی ئەو خوێنەرانەی کە هێشتا موتەکەی «هولوکاست» بەریی نەدابون بەمشێوە باس بکرێت: «ئارنێت» قوربانیەکانی مەحکوم دەکات و لە هەمانکاتدا ئاستی جنایەتەکە بە کەمترین ئاستی خۆیی دەگەێنێت. رەنگە «ئایشمەن» دەیتوانی کتێبێکی باشتر بێت، ئەگەر «ئارنێت» هێندە پەیجور نەبوایەت کە کونترۆڵی خۆیی بۆ بابەتەکە نیشان بدات و ئەگەر دەیتوانی جار جارێک بڵیت کە تەنها ولامی باش بۆ «هولوکاست» هاودەردی و ترسە لەگەڵ بێدەنگی.

«هانا ئارنێت»لە «ئایشمەن لە ئورشەلیم»»ئادولف ئاشمەن»ێکمان پێ نیشان دەدات کە لەگەڵ وەزیری وڵات، لە سەفەرەکەی باس لە چوڵکردن و کۆ،ەڵکوژی یەهودیەکان دەکات و لە توێی قسەکانیدا ئاماژە بە تواناییەکانی لە گەمەی «بولینگ» دەکات. ئەو بە شێوەی گشتی و بێ ترس لەگەل پولیسێکی یەهودی لەمبارەوە دەدوێت و دەڵێت: ئەگەر لە نا «ئس ئس» ببوایەت پلەکەی بەرز دەکرایەوە. ئەوە چەند پاتی دەکاتەوە و بە شێوەی خۆخراپکردن دەڵێتەوە: «بە پێکەنین دەچمە ناو قەبرەکەم»؛ چونکا هۆکاری مەرگی میلیونان یەهودیم و ئەمە سوکنائیکی زۆرم پێ دەبەخشێت. رەنگە زیاتر لە هەموو شت بە دوایی ئەوەیە کە روخسارێک لە خۆیی بە جێ بێڵێت کە لە روانگەی خۆیەوە کاریگەری هەبێت. رەنگە گرنگترین نگرانی ئەم پیاوە، لە ناوەڕاستی کۆمەڵکوژیەکەدا، دەست راگەیشتن بە سەرکەوتن بوە.

هەرچەن بە جێ هێشتنی روخسارێکی باش و بەکەلک و بە دوای پێشەوەچون و پێشکەوتن هەر دوکیان شتێکی ئەوتۆ و دان گیر نین. هەروەها کە ئێستا ٥٠ ساڵ دوای خولقاندنەکانی «ئارنێت» ، «خراپەی شەڕ» ئەم وشەی کلیشەیی لێ دەرهاتوە. «خراپەی شەڕ»، بە هۆیی تایبەتمەندی خاویەکەیی، هێزی خۆیی لە دەست دەدات و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە وا بزانین کە مەبەستی وتار دڵەراوکێ و لە هەمانحاڵدا روخساری بیرمەندانەی «ئارنێت»مان دوزیوەتەوە، تەنانەت ئەو ساتەی بە باشی نەمانخوێندبێتەوە.

«هانا ئارنێت» شەش دەیە پێش بە نووسینی ئەم بابەتە دەستی خستە سەر خاڵێک کە جگە لە «خراپەی شەڕ» لە ناو دەسەڵاتی ئالمانی نازی شتێکی دیکە کە لە سەریشەوە ئاماژەم پێکرد خستە روو کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بۆ یەکەم جار لەم بەرهەمەدا بە روونی و زۆر بە ئاشکرا باس لە نەخشی شورای یەهودیەت لە سەر پرسی کۆمەڵکوژی یەهودیەکان دەکات. هەرچەن دەوڵەتی فەلەستین و شورای ئایینی یەهودیەکان و خاخامە گەورەکان ئەم شتەیان رەت کردەوە، بەڵام هەموو شتێک شاهیدی کۆمەڵێک دانیشتن و هاوکاری گرنگ لە نێوان ئەوان و «ئایشمەن» و هاوکارەکانیان دەدات. لیرەدا دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئایا کەسێک بێ ئەوەی شەڕفرۆش یا لات بێت دەتوانێت جنایەتێک ئەنجام بدات؟ ئەمە پرسیاریکی سەختە کە «هانا ئارنێت» بیرمەندی ئالمانی لە گەران بە دوای ئەو پرسیارەدا دەچێت بۆ «ئورشەلیم» بۆ دادگایی «ئادولف ئایشمەن». بە هەر حاڵ کتێبی «ئارنێت» سەبارەت بە ئایشمەن لە ئورشەلیم» یەکێک لەو دەگمەن کتێبانەیە کە دەتوانم بڵێم جەنجالی ترین کتێبی سەدەی رووناکبیرییە و تا ئێستاش بە هەزاران بابەتی رخنەیی و ئەدەبی و... لەسەر نووسراوە.



# چەند سەرنجێک سەبارەت بە خەباتی چەکداریی هێزی پێشمەرگە



د.محەمەد حسێن زادە
چالاکی سیاسیی و دوکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان



١. باس کردن سەبارەت بە دەستکەوت و ڕەوایی خەباتی چەکداری، باسکردنە لە دەستکەوت و ڕەوایی هێزی پێشمەرگە بە گشتیی. بۆ ئەوەی کە تێبگەین دەستکەوت و ڕەوایی هێزی پێشمەرگە چیی بووە، دەبێ بزانین فەلسفەی هەبوونی هێزی پێشمەرگە چییە؟ من پێشتر لە چەند وتاردا هەوڵم داوە بە وردی باس لە مانا و فەلسەفەی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی بکەم(١). بۆیە لێرەدا تەنیا بە کۆرتی ئاماژە بەو خاڵە دەکەم کە پێشمەرگەبوون و پێشمەرگایەتی لووتکەی شۆڕشگێڕییە. هۆکاری ئەوەیە کە لە نیو جۆرە جیاوازەکانی شۆڕشگێڕیی و لە نێو شۆڕشگێڕاندا پێشمەرگە ئەرکێکی قورستری لە ئەستۆ گرتووە و بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی داگیرکەر دەبێتەوە و هەوڵی مانەوەی جەستەیی و کلتووریی-شوناسیی نەتەوەکەی دەدات. کەوابوو سەرەکیترین ئەرک/ ڕۆڵی پێشمەرگە هەوڵدان بۆ مانەوەی نەتەوەییە. لە ڕاستیدا مانەی نەتەوەیی یەکەمین ئامانجی هەموو نەتەوەکانە لە جیهاندا، چونکە بە بێ دەستەبەرکردنی مانەوە و ئاسایشی نەتەوەیی هیچ ئامانجێکی نیشتمانیی دابین ناکرێت. ئەوە یاساییەکی سیاسەتی جیهانییە و هەموو نەتەوەکانی جیهان بڕوایان پێی هەیە و بۆیە بە کردەوەیش دەبینین یەکەم هەنگاویان ئەوەیە کە بە تایبەت لە ڕووی بەرگریی نیشتمانییەوە خۆیان بەهێز دەکەن. بۆ ئەو مەبەستە نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان لە دامەزراوە و هێزی ئەرتەش و سوپای خۆیان کەڵک وەر دەگرن، بەڵام نەتەوە بێ دەوڵەت و ژێردەستەکان (وەک نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات ) لە لایەکەوە خۆیان خاوەن سوپای نیشتمانی نین و لە لایەیەکی ترەوە حکومەتی ناوەندی وەک حکومەتێکی داگیرکەر، خۆی گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ژیان و مانەوەی نەتەوەییان. لە ئاوا حاڵەتێکدا کە هیچ لایەنێکی جیهانی و ناوچەیی ئەرکی پاراستنی نەتەوەی کوردی لە ئەستۆ نییە، ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردستان هیوایەکیان نییە جگە لە هێزی پێشمەرگە. ئەوە ڕاستییەکە کە بە درێژایی مێژوو سەلمێندراوە. کەوابوو فەلسفەی هێزی پێشمەرگە دەستەبەرکردنی مانەوەی نەتەوەییە. مانەوەی نەتەوەی کورد تەنانەت بەم جۆرەی کە ئێستا هەیە پێش هەموو شتێک بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەیە و دەتوانین مانەوەی نەتەوەیی خۆمان بە دەستکەوتی هێزی پێشمەرگەی بزانین. حاشاهەڵنەگرە لە نەبوونی خۆڕاگری مێژوویی و خەباتی هێزی پێشمەرگەدا لەوانەیە ئێستا ئاسەوارێک لە نەتەوەی کورد لە نیو چوار ئەکتەری داگیرکەری پەلاماردەر و خوێنڕێژدا نەمایەت، لانیکەم هیچ نیشانەیەک لە خۆڕاگری ئەو نەتەوە نەدەما. وەک چۆن بە دەیان گرووپ و نەتەوەی ژێردەست لە ڕەوتی مێژوویدا لە شانۆی جیهانی سڕدراونەتەوە و ئاسەوارێکیان لێ نەماوە.

٢.گرنگی ئەو باسە [فەلسفە و ڕەوایی هێزی پێشمەرگە] لەوەدایە کە هەندێ جار بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆر و زۆر کات بە پاساوی ناگونجاو و نالۆژیکی پەلاماری هێزی پێشمەرگە دەدرێت یان لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان لە تەمەنی سیاسییاندا هیچ دەستکەوتێکیان نەبووە و پلان و بەرنامە و بیرۆکەکانیان جگە لە بەرتەسکردنەوەی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد و سڕینەوەی پرسە سەرەکییەکان هیچ ئەنجامێکی نەبووە، بە ڕەواڵەت هەوڵی هەڵسەنگاندنی دەستکەوتی خەباتی پێشمەرگە، بەڵام لە ڕاستیدا هەوڵی بچووککردنەوە و حاشاکردن لە دەستکەوتەکان دەدەن، بە بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بن کە تەنانەت ژی و مانەوەی خۆیان وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردیی، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سایە سەری پێشمەرگە و یەکێک لە دەستکەوتەکانی خەباتی چەکداری بووە. باشتر وایە ئەگەر ئەو کەسانە باسی دەستکەوتەکانی خۆیان ناکەن و دەستکەوتێکیان نییە بۆ ئەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن، بە قووڵی بیر لە فەلسفە هێزی پێشمەرگە [ هێزی زامنی مانەوەی نەتەوەیی] و خەباتی چەکداریی [ بەرگریی ڕەوا] بکەنەوە. ئەگەر مەبەستیان حاشا لێکردن نەبێ ئەوا تێگەیشتن لە پێویستی هێز و خەباتی پێشمەرگە زۆر دژوار نییە. تەنیا بە تێڕامان لە چارەنووسی زۆرێک لە نەتەوە بێ دەوڵەت و ژێر دەستەکان و پەلاماردانیان لە لایەن نەتەوە و دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە دەتوانین لەو فەلسەفە و پێویستییە تێبگەین. مێژوو لێوانلێوە لە نەمان و تیاچوون، کوژران و بێ سەروشوێنبوون و تەفروتوونابوونی نەتەوە ژێر دەستەکان کە توانای پێکهێنانی هێزێکی بەرگریکاری نیشتمانییان نەبووە.

٣. پێشتر لە چەند بابەتێکدا بە وردی باسم لە چارەنووسی کۆمەڵگە و نەتەوە ژێردەستان کردووە (٢) و بە پێویستی دەزانم لێردا بە کورتی ئاماژەیەک بە چەند نموونەی بارچاو بکەمەوە. پیگمە چارەڕەشەکانی کۆنگۆ تەنیا نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەسیان زیندوو مانەوە و باقیەکەیان لە لایەن بەهێزەکانەوە ڕاو کران و خۆران. ئوسترالیاییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بۆ ماوەی حەفتا ساڵ بە مەبەستی ڕێگریکردن لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و تێکەڵبوون لەگەڵ سپی پێستەکان، ئەبووڕیجناڵەکانیان دەڕفاند و لە دایک و باوکیان دووریان دەخستنەوە. سوڵتان حەمیدی تورک لە ساڵانی نێوان ١٨٩٤-١٨٩٦ نزیکەی سێسەد هەزار ئەرمەنی تەفروتوونا کرد. لە ساڵانی ١٩١٥ تا ١٩١٧ چارەنووسی ئەرمەنییەکان سامناکتر بوو و ژینۆساید و کۆمەڵکۆژی ئەو نەتەوە لە لایەن تورکەکانەوە، کارساتێکی بەناوبانگە. ئیمپراتوری ڕووسیا لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، نزیکەی پێنج ملیۆن جووی ڕووسی و ئەوانەی بە ڕەگەز ئەڵمانی بوون، لە ناوچە جەنگییەکان دوورخستەوە و بەشێکی زۆریشی لێ کوشتن و نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەسیش ئاوارە بوون. هەموومان ئاگادارین کە هیتلەر شەش ملیۆن جووی کوشت. لە پەلامارێکی هاوشێوەدا دەوڵەتی ڕومانی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا دەستی دایە کۆمەڵکۆژی و ژینۆسایدی جووەکان. لە ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٥، هێزەکانی سوپای سێربیا، مۆسڵمانە کرۆواتەکانیان کۆمەڵکۆژ کرد. لە بەهاری ساڵی ١٩٩٤دا هوتوەکانی ڕواندا نزیکەی هەشتسەد هەزار کەسیان کوشت و دەستدرێژییان کردە سەر ٢٠٠ تا ٥٠٠ هەزار ژن. لە ساڵی ٢٠٠٨دا چەکدارە عەرەبەکانی جونجاوید لە ناوچەی دارفوری وڵاتی سودان لانیکەم سەد هەزار مرۆڤی سەر بە گرووپەکانی تریان کوشت. کوشتنی بەلووچەکان لە ئێران و پاکستان ئێستاش هەر بەردەوامە. هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر نەتەوەی کورد لە یەک سەدەی ڕابردوودا و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو جۆرە چەکوچۆڵێک نموونەیەکی ئاشکرایە لە کۆمەڵکۆژی نەتەوەیەکی ژێر دەستە. تەنیا لە کۆمەڵکۆژی دەرسیم لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨دا، نزیکەی ٧٠ هەزار کورد بە دەستی تورک کۆمەڵکۆژ کران. نزیکەی نیو سەدە دوای ئەوە و لە بەشێکی تری کوردستان، هێزەکانی سەدام تەنیا لە ئۆپەراسیونی ئەنفالدا نزیکەی ١٨١ هەزار کوردیان کوشت، گوندەکانیان کاول کرد و سەرچاوە و کەلوپەلی ئاویان لە زۆر ناوچەی کوردستان لە نێو برد. لە ڕۆژئاوای کوردستان تا پێش گۆڕانکارییەکان و شەڕی نێوخۆیی سووریا، نەتەوەی کورد تەنانەت لە ناسنامە و پێناسی نەتەوەیی بێبەش بوون و هەڵگرتن و هەڵدانی هەرجۆرە هێمایەکی نەتەوەیی سزای مەرگ و نەمانی بەدواوە بوو. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژە نەتەوەی کورد هەم قوربانیی دەستێوەردان و دڕندەیی شاکانە و هەم مەلاکان. فەتوای جیهادی خومەینی نموونەی فەرمانێکی تری شاهانەی نەتەوەی بان دەست بوو بۆ توفرووتووناکردنی گەلی کورد و لە نێوبردنی توانای هەر جۆرە خۆڕاگرییەکی نەتەوەیی. ڕێک لێرەدایە کە دەبێ بیر لە فەلسەفەی هەبوونی پێشمەرگە و ڕەوایی و دەستکەوتەکانی ئەو بەرخۆدانە بکەینەوە کە پاش فەتوای لەشکەرکێشی بۆ کوردستان سەری هەڵدا.

...بۆ ل ٩



درێژەی لاپەڕەی ٨

٤. لە ئاوا حاڵەتێکدا کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی فەتوای کپ کردن و لە نێوبردنی توانای خۆڕاگری ببووەوە، پیویستیی بە هێزێکی بەریگار بوو بۆ خۆڕاگری و بەرگری ڕەوا لە بەرانبەر داگیرکەری هێرشبەردا. ئەو ئەرکە هێزی پێشمەرگە گرتییە ئەستۆ و بۆ ماوەی چەندین ساڵ خۆڕاگرییەکی بێ وێنەی لە بەرانبەر داگیرکەردا نیشان دا. ئەمە خاڵێکە کە ڕەخنەگرانی پێشمەرگە هیچ کات ئاماژەی پێ ناکەن و ئەگەرچی دەزانن کە مەبەست لە فەتوای جیهاد لە نێوبردنی توانای خۆراگری نەتەوەیی و تواندنەوەی نەتەوەی کورد بوو، بەڵام ئامادە نین دان بەوەدا بنێن کە ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو کە لە بەرانبەر ئەو پەلامارەدا ڕاوەستا و تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگری کرد لە جێبەجێکردنی پلان و پیلانەکانی داگیرکەر. پێشمەرگە نەک هەر ملکەجی یاسای داگیرکەران نەبوو، بەپێچەوانەوە لە بەرانبەر ئەوانەیدا کە حاشایان لە هەبوونی نەتەوەکەی دەکرد ڕاوەستا. بۆیە دەڵەین مانەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو جۆرەی کە ئێستا هەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی خۆڕاگری و شێوازی خەباتی ئەو قۆناغەی هێزی پێشمەرگەیە. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە هەم دەستکەوت و هەم ڕەوایی خەباتی پێشمەرگەمان بۆ ڕون دەکاتەوە. ئەمە نیشان دەدات کە ئامادەبوون و بەتوانابوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکانی داهاتوویشدا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

٥. سەرەڕای ئەوە، هەندێ پێیان وایە کە سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی گۆڕدراوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکاریانە سەردەمی پێشمەرگە و خەباتی چەکداری بەسەر هاتووە. لە وەڵامی ئەو جۆرە بیرکردنەوەدا دەبێ بڵێین ڕاستە سیاسەتی جیهانی لە هەندێ بواردا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەوە بابەتێکە کە حاشای لێ ناکرێ، بەڵام سەبارەت بە داگیرکەران و داگیرکراوان و نەتەوە زاڵەکان و نەتەوە ژێردەستەکان سیاسەت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە. بۆ نموونە، لە دوو حەفتەی ڕابردوودا دوو سەربازی ئەندامی سوپای میانمار دانیان بەوەدا نا کە لە ساڵی ٢٠١٧دا فەرمانیان پێدراوە، پیاو و ژن و منداڵی مۆسڵمانی ڕۆهینگهای بگرن و کۆمەڵکوژیان بکەن: «بیانکوژن بێ ئەوەی گوێ لەوە بدەن گەنجن یان منداڵ». یەکێک لەو سەربازانە وتی فەرمانیان پێ دراوە «ئەوەی دەیبیستن و دەیبینن گوللەبارانی بکەن». هەروەها باسی ئەوەشیان کردووە کە سەربازانی سوپای وڵاتەکەیان پێش ئەوەی ژنانی ڕوهینگهای گوللەباران بکەن دەستدرێژی سێکسییان کردووەتە سەریان. ئاماژەیان بەوەش کردووە کە نزیکەی ٢٠ گوندی مۆسڵمانەکان وێران کراون. ئەمەی کە گێڕمانەوە چیرۆکی نەتەوەیەکی ژێردەستەیە لە سەدەی بیست و یەکەمدا. سەدەیەک کە ڕەخنەگرانی هێزی پێشمەرگە دەیکەنە پاساوێک و پێیان وایە ناوەڕۆکی سیاسەت تووشی گۆڕانکاری سەیروسەمەرە بووە. بەڵام لە ڕاستیدا چیرۆکی کۆمەڵکوژی ڕوهینگهای درێژە و وەبیرهێنەرەوەی یاساییەکی باوی جیهانییە: هەموو نەتەوە ژێردەستەکان هەموو کات و ساتێک لە مەترسی پەلاماری خوێناوی و مەرگهێنەری داگیرکەردان. بەپێچەوانەی بۆچوونی نالۆژیکی هەندێ کەس، لە ڕوهینگهای هێزێکی وەک پێشمەرگەیش بوونی نەبوو کە بیانوویەک بێت بۆ ئەو پەلامارە مەرگهێنەرانەی حکومەتی ناوەندیی.

٦ .لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا، ئاشتیی دیاردەیەکی کاتییە. کورد وەک نەتەوەیەک کە نیشتمانی داگیرکراوە بە گشتیی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هێشتا لە ژێر مەترسی ئۆپەراسیونی مەرگهێنەردان. هەموو کات و ساتێک چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە ئەگەر دەوڵەتانی داگیرکەر و گرووپە شۆڤینییەکان بە پێویستی بزانن و دەرفەت بە گونجاو بزانن پەلاماری نەتەوەی کورد بدەن و تەفروتوونایان بکەن. عەفرین و کەرکووک و و شەنگاڵ و ئۆپەراسیونەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان و پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ڕووداوگەلێک نین کە چەندین سەدە پێش ئێستا ڕوویان دابێ، بەڵکو نموونە بەرچاوەکانی ئەم ساڵانەی دوایین و ئەم چیرۆکە هەر بەردەوام دەبێت. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگیرکەر لە ڕابردوودا لە هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجە کەڵکی وەرگرتووە، بە تاک و کۆمەڵ ئەندامانی نەتەوەی کوردی لە سێدارە داوە، خەڵکی گوندەکانی کۆمەڵکوژ کردووە و گواستوونیەتەوە و زەوی و زاریانی ئاگر تێ بەرداوە، ڕێبەرانیانی تیرۆر کردووە، میراتی کلتووریی و مێژووییانی تێکداوە و ئێستاش ژینگەیان کاول دەکات و سەرچاوەکانی تاڵان دەکات، ڕێگا بە ئەندامانی نەتەوەی کورد نادات بە زمانی خۆیان بخوێنن و کوردستان بە هێزی چەکداری ئیدارە دەکات، ڕۆژانە چەندین کۆڵبەر دەکوژێت و بە شێوازی جۆراوجۆر نەتەوەی کورد دەچەوسێنێتەوە. ڕاستە ئەمە گێڕانەوەی کردارەکانی دەسەڵاتی ئێستایە بەڵام هیچ زەمانەتێک نییە بۆ ئەوەی تەنانەت بە گۆڕانکاری لە دەمووچاوەکانی دەسەڵاتدا چارەنووسی کورد زۆر جیاواز بێت. لانیکەم لەوە ئاگادارین کە لە ئێستادا هیچ لایەنێکی تری بە ناو ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی ئامادەی ئەوە نییە کە تەنانەت بۆ سیستەمی داهاتووش بە ئاشکرا دان بە مافی نەتەوەیی کورددا بنێت، بۆیە هیچ گەرەنتیی و زەمانەتێک نییە بۆ ئەوەی کورد لە داهاتوودا هەمدیسان بە شێوازێکی دڕندانەتر بەر پەلامار و هێرشی حکومەتی ناوەندی یان لایەنەکانی تر نەکەوێت. ئەمە پێویستی بەهێزبوونی هیزی پێشمەرگەمان [ وەک پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە] وەبیردەهێنێتەوە.

٧ .کەوابوو خوێندنەوەی ئێمە ئەوەیە کە هۆکاری پەلاماردانی هێزی پێشمەرگە و هەوڵدان بۆ گومان خستنە سەر چالاکیی ئەو هێزە و حاشاکردن لە دەستکەوتەکانی [ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ] خزمەتێکە بە دەسەڵاتی داگیرکەر و هۆکاری ئەو هەوڵانە کارامەیی هێزی پێشمەرگە و ترسی داگیرکەرە لە بەردەوامیی و ئامادەبوونی ئەو هێزە. بۆیە باشترین و گونجاوترین وەڵامی ئەو جۆرە باسە ناگونجاو و نالۆژیکیانە هەوڵی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتە بۆ پێکهێنان و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی [هاوبەشیی] نیشتمانیی. واتا نەک هەر نابێ گومان لە کارامەیی هێزی پێشمەرگە بکرێت، بەڵکوو پێویستە نەتەوەی کورد و حیزبەکان پلانیان هەبێ بۆ زیاتر کردنی ڕێژەی تواناییەکانی ئەو هێزە بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی باشتر لەگەڵ مەترسییەکانی داهاتوو. ئەوە نەک درووشم بەڵکو سیاسەتێکی ئێجگار گرنگ و پێویستە چوونکە نەتەوەی کورد هێشتا بەرەوڕووی یاسای «دەتکوژمی» داگیرکەرانە. ئەوانەی کە خوێندنەوەیەکی ڕاستیوازانەیان لە سیاسەت و بەتایبەت لە سیاسەتی زاڵی ناوچە هەیە [سیاسەتی بکوژە یان بکوژرێ]، بە تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە مانەوە بە بێ هەبوونی پێشمەرگە مانای نییە، ڕێز لە «هێزی پێشمەرگە» دەگرن و ستایشیان دەکەن. ئەم ڕێز و ستایشە دەربڕینی ئاشکرای ئەو تێگەیشتن و قەناعەتەیە کە پێشمەرگە هێزی ڕزگاریبەخشی نەتەوەییە و مانەوەی نەتەوەی کورد گرێ دراوەتەوە بە هەبوونی هێزی پێشمەرگەوە. لە نەبوونی ئەو هێزەدا نەتەوەی کورد بە ناچارەکی لە نێو دەچێت. بە حەقیقەت ڕەخەگران هێشتا هیچ جێگرەوەیەکی باشتر لە هێزی پێشمەرگەیان بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و گەرەنتیکردنی مانەوەی نەتەوەیی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

یادداشت:

١ .بۆ نموونە بڕوانە ئەو سەرچاوەیە خوارەوە:

محەمەد حوسێن زادە (٢٠١٩/٠٦/٢٢). «پێناسەیەکی واتایی لە پێشمەرگە»، ماڵپەڕی چاوی کورد، دۆسیەی نیشتمانسازی، لەو لینکەی خوارەوەدا لە بەردەستە:
http://www.chawykurd.com/details.aspx?=hewJ&٤٩=Jor&٢٠٩٧=al&jmare٧١=or٢

٢ .بۆ نموونە بڕوانە ئەو سەرچاوانەی خوارەوە:

–محمد حسين زاده (١٣٩٦). «ناسيوناليسم و بقا: راز دولت خواهی ملتها، فÿلنامه هایا، سال پنجم، شماره ١٩–٢٠، ×× ٧٠–٨٤.

– محەمەد حوسێن زادە (٢٠١٩/٠٥/١١). « دەوڵەت و مانەوەی نەتەوەیی»، ماڵپەڕی چاوی کورد، دۆسیەی نەتەوەسازی، لەو لینکەی خوارەوەدا لەبەردەستە:
http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare٧١=Jor٢&٤٨=Jor&٢٠٧٣=re

## بۆ یادی «بەیان عەتاری» تەوارەکەی زاگرۆس

**پرشنگ محەممەدی**

ژنان لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەشدارییەکی بەرینیان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیی خەباتدا بووە و پێگەیەکی دیاریان دەستەبەر کردووە. بەشداری بەرینی ژنان لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، فیداکاری و لەخۆبردوویی و بەرخۆدانی ئەوان لە سەنگەری خەبات، یارمەتیدەریان بووە تا ئەزموونگەلێکی پڕ بایەخ بەدەستبێنن و بڕوا بەخۆیان و تواناکانیان لە ژیان و خەباتدا زیاتر بێ.

لە کوردستان هۆشیاریی گشتیی ژنان و بەشدارییان لە بواری چالاکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و ئەدەبیدا زۆر بەرینتر لە جارانە. سەرەڕای هەموو کۆسپ و ڕێگرەکان، ژنان ئەمڕۆ لە ئاستی تێکۆشانی سیاسی و مەدەنیدا هێزێکی حاشا هەڵنەگرن. زانستی گشتی و هەست بە پێویستیی تێکۆشان بۆ ڕزگاربوون گەشەی کردووە. ژنی شاعیر، نووسەر، هونەرمەند، وەرزشوان و سیاسەتمەدارمان کەم نین. بزوتنەوەی ژنان بووەتە هێزیکی ڕەخنەگر و خوازیاری ئاڵوگۆڕ. ئەمە مژدەی ئاسۆیەکی ڕوونترمان بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی ژنان و بۆ سەربەخۆیی زیاتری بزاڤەکەیان لە داهاتووی ئاڵوگۆڕەکاندا پێدەدا.

دەسەڵاتی ئیسلامیی بە هەموو یاسا و دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانییەوە، نەیتوانیوە بەر بە گەشەی ژنان لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بگرێت. بە چاوخشاندنێک بە سەر ڕووداوەکانی ئەم دوو ساڵەی دوایی لە ئێران و تایبەتی لە کوردستان، ئەبینین کە ژنان جیا لەوەی کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەشدارییان لە نارەزایەتییەکان و.... کردووە، بەڵکوو پێشەنگی کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکیەکان بوون.

ژنانی ژینگە پارێز، قارەمانانی ئەمڕۆی کوردستانی ڕۆژهەڵاتن، «بەیان عەتتاری» کچە شاخەوان و بەردەوانی ژینگەپارێز، ڕۆژی سێشەممەی ٤ی خەرمانانی ٩٩ی هەتاوی کاتژمێر □٠ بەیانی، لە کاتی دوچەرخەسواریدا بە ڕووداوی هاتووچۆ کەوتە کۆماوە و پاش یەک حەوتوو مانەوە لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

«بەیان عەتتاری « ٤ی گۆلانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە شاری بانە، چاوی بە ژین هەڵهێناوە و ساڵی ١٣٦٥ و لە تەمەنی منداڵیدا لە گەڵ بنەماڵەکەی کۆچیان کرد بۆ شاری بۆکان و هەر لەوێ چووە خوێندنگاه و خوێندنی دەستپێکرد. بەیان هەر لە تەمەنی منداڵیەوە باوکی لە دەست داوە و ئەرکی بەخێوکردنی خۆی و خۆشک و براکانی ئەکەوێتە سەرشانی دایکی. «بەیان « منداڵی سێهەمی بنەماڵە بووە و دەورانی منداڵی لە داوێنی چیای زاگرۆس تێپەڕ کردووە و زۆر حەزی لە ژینگەو شاخەوانی بووە، بۆیە ڕۆیشتنی بۆ شاخ بووەتە چالاکیی ڕۆژانەی و تا جێگایەک چووەتە پێشەوە کە لە زانکۆ کارناسیی زیست شناسی هەڵبژارد و سەرکەوتووانە، تەواوی کرد و مەدرەکی گرت و ئەمەش بووە بەهانەیەکی باش بۆ هرچی زیاتر چوونە ناو ژینگە و شاخەوانی کردن.

حەز و ئەوینی بەیان بە ژینگە و شاخ تا ئەو جێگایە چووە پێش کە بە پێشنیاری هاوڕێیان و هاوکارانی لە ساڵی ١٣٨٧ بۆ یەکەم جار لە باشگای شاخەوانی «تەوار» لە شاری بۆکان بە شێوەی فەرمی و پیشەیی شاخەوانی دەستپێدەکات و دواتر بۆ بەردەوام بوون و سەرکەوتن لە شاخەوانی و بەردەوانی، چووەتە باشگاکانی «لاوێن» و «ئەوراز».

هاوکات لەگەڵ دانانی گرووپی شاخەوانیی تایبەتی بۆ ژنان کە ئەو سەردەمە لەبەر یاسای دواکەوتووانەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و کولتووری پیاوەزنانەی زاڵی کۆمەڵگاوە، زۆر زەحمەتبووە کە تێکەڵ لە گەڵ پیاوان پێکەوە شاخەوانی بکەن، خاتوو «بەیان عەتتاری» یەکێک لەو شێرە ژنانە بوو کە پێشەنگایەتی کردووە و توانیویەتی گۆڕانکاریەکی گەورە لە ناو کۆمەڵگادا پێک بێنێت و ڕێگەخۆشکەر بێ بۆ ئەوەی ژنان و پیاوان بە بێ جیاوازیی جنسییەتی، بتوانن پێکەوە شاخەوانی بکەن!

«بەیان عەتتاری» پێشەنگ و هاندەری ژنانی شاری بۆکان بوو بۆ شاخەوانی و.... لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، وەک کچە چالاکوانێکی ئازا و سەربەست، بە توانا و لێهاتووانە تێدەکۆشا و ببووە سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی وەرزشکاران، ژینگەپارێزان و بە تایبەتی ژنان.

خاتوو «بەیان عەتتاری» کارنامەیەکی پرشنگداری وەک کچێکی لێهاتوو و شاخەوان، لە ژیانیدا تۆمار کرد، لەوانە:

سەرکەوتن بە سەر دووهەمین چیای بڵندی ئوروپا «کازبەک» لە وڵاتی گورجیستان، سەرکەوتن بە سەر چیای ئاگری (ئاراڕات) لە باکووری کوردستان، سەرکەوتن بە سەر چیاکانی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات وەکوو: دەماوەند، سەبەلان، تەرەغە، عەلەمکێو، چلچەمە و ئاورین و..... زۆر بە داخەوە مەرگی نابەوەخت مەودای نەدا ڕۆلی زۆرتر بگێڕێ و سەرکەوتنی زیاتر لە ژیانی پڕ لە شانازی و پرشنگداریدا تۆمار بکات.

«بەیان عەتتاری» ڕۆژی دووشەممە ٣ی خەرمانانی ٩٩ی هەتاوی بە هۆی لێهاتوویی لە شاخەوانی و.... وەکوو بەڕێوەبەری ڕێکخستنی کۆڕی شاخەوانی «ئەوراز» دیاریکرا و زۆر بە داخەوە ڕۆژی دواتر ٤ی خەرمانان کاتژمێر ١٠ی بەیانی لە ئاکامی ڕووداوێکی هاتوچوو لە کاتی دوچەرخەسواری لە پارکی ساحیلیدا تووشی خوێنڕێژی مێشک بوو و کەوتە کۆماوە و دوای حەوتوویەک بەربەرەکانێ لە گەڵ مەرگ، شەوی سێشەممە ١١ی خەرمانانی ٩٩ی هەتاوی ماڵئاوایی یەکجاریی لە ژین و شاخ و ژینگە کرد.

جێگای ئاماژەیە کە «بەیان عەتتاری» لە بڕیارێکی مروڤانەیەدا، پێشتر واژۆی لە سەر پێشکەشکردنی ئەندامانی جەستەی پاش مەرگی کردبوو هەر بۆیە بە پێدانی دڵ و جگەری بە دوو کەس کە پێویستییان بوو، ژیانی دووبارەی بەخشی کە نیشاندەری هێزی گەورەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بە ڕابەرایەتی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ژنانی قارەمان، پێشەنگ و یەکسانیخوازە.

تەرمی ژینگە پارێز «بەیان عەتتاری» کچە شاخەوان و بەردەوانی خەلکی شاری بانە ڕۆژی هەینی ١٤ی خەرمانانی ٩٩ی هەتاوی لە سەر شانی ژنان و لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیی وەرزشکاران و چاڵاکانی مەدەنی و شاخەوانانی شاری بۆکان و، کرماشان و.... ، بە پێی وەسیەتی پێشتری خۆی، لە داوێنی چیای «بەردەزەرد»ی شاری بۆکان. لە گۆڕستانی «کۆسە» ئەسپەردەی خاکی نیشتمان کرا.

یادت هەرمان بەیانی تێکۆشەر و یەکسانیخواز





**کاوە داشبەندی**

*شاخ پرسەنامەی نووسی*
*بە چاوێکی پڕ لە گریان*
*دای بە کۆتر داوای لێکرد*
*زوو هەڵفڕێ زووترین کات*
*بگاتەوە شاری بۆکان*
*کڕنۆش بەرێ کاتی بینی*
*دایکی دڵ سووتاوی بەیان*
*کاتێ کۆتر کڕنۆشی برد*
*پەیامی شاخی ڕاگەیاند*
*دایکی بەیان هاواری کرد*
*کوتی بڕۆ بڵێ بە شاخ*
*بە ڕێگە و بان و دارستان*
*بە لووتکە بەرزە بەرزەکان*
*بە هاوڕێیانی شاخەوان*
*بڵێ نا نا خەمبار مەبن*
*هەر لێدەدا دڵی بەیان*
*بۆ شاخ، بۆ دەشت و بۆ چیا*
*بۆ مەلەکانی ئاسمان*
*بڵێ دڵی جوانی «بەیان»*
*هەر لێدەدا بۆ نیشتمان*

# توندوتیژی لە پەیوەندیی شەریکی جینسیدا



ئەوین م

دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا، ئەمڕۆکە بووەتە پرسێکی جیدیی کۆمەڵایەتی و خەسارێکی بواری تەندروستی گشتیی و دەروونییە! تا چەند ساڵ لەوە پێش تەنها لە هەندێ لە وڵاتان ئەویش بە شێوەی سنووردار باسی لێوە ئەکرا و نەک هەر بە تاوان نەئەزانرا، بەڵکوو کەس ناوی دەستدرێژیشی لێ نەئەنا.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەتا ئێستا بە دەگمەن باس لە سەر توندوتیژی سێکسی لە لایەن شەریکە سێکسی یان جنسییەکانەوە کراوە. زۆر جار باسی توندوتیژی جەستەیی، زارەکی و.... ئەکرێت و کاتێکیش باس لە سەر توندوتیژی سێکسی دەکرێت زۆر کەم باس لەو فۆڕمە دەکرێت کە لە لایەن شەریکە سێکسییەکانەوە وەکوو هاوسەر و هاوژین یان هاوڕێی کوڕەوە ئەنجام ئەدرێت.

ئایا هەتا ئێستا دەستدرێژیتان کراوەتە سەر؟ نا، نا، نەک ئەوەی لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە , نەک لە شوێنی کار و نەک.... هێرش بکرێتە سەرتان. بەڵکوو هەر لە ماڵی خۆتان، لە ژووری خەوەکەتان و تەنانەت لە سەر تەختی خەو، شەو، ئەو کاتەی کە لات وایە بە ئارامشەوە لای هاوسەرەکەت خەوت لێ ئەکەوێت، لەگەڵ خواستە ناباوەکانی هاوسەرەکەت ڕووبەڕوو ئەبیتەوەو ڕەنگە بەرگرییەکی بچووک ببێت بە هۆی بێتاقەتی هاوسەرەکەت و.... لە ڕاستییدا تۆ «دەستدرێژێت کراوەتە سەر» !!!

«دروستبوونی هەر جۆرە پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ ژن کە بە ڕەزامەندی ژنەکە نەبێت بە دەستدرێژی دەژمێردریت»!

بە درێژایی مێژوو، ئەو پیاوانەی دەستدرێژیان کردووەتە سەر ژنەکانیان لە بەرامبەر سزای یاساییدا پارێزراو بوون. بە پێی یاسای دادوەری پلەبەرزی بەریتانیا ویلیام هیک لە سەدەی ١٧ی زایینیدا، ناکرێت مێرد سزا بدرێت لەبەری ئەوەی دەستدرێژی کردۆتە سەر ژنی خۆی. لەبەر ئەوەی بە پیی گرێبەستی ژیانی هاوسەرێتی و بە ڕەزامەندی خۆی، ژنەکە خۆی بە تەواوی ئەخاتە بەردەستی پیاو.

ئەم بۆچوونەی ویلیام هیل کە وەک (دۆکترینی هیل) ئەناسرێت، بە شێوەی فەرمی لە سیستەمی یاسایی بەریتانیا و ئەو وڵاتانەی کەداگیری کردبوون و هەروەها لە باکووری ئەمریکا کاری پێدەکرا. پێشتر کەسێک بە ناوی بلاک ستۆن وتبووی کە ژن بەشێکە لە مڵکی پیاو لەو ماوەیدا کە ژن و مێردن. بە پێی ئەم تێڕوانینە، مێرد تاوانبار نییە و بە هەر شێوەیەک بیهەوێت ئەتوانێت لەگەڵ کاڵاکانی خۆیدا ڕەفتار و هەڵسووکەوت بکات و بەکاریان بێنێت. کەس بە هۆی دەستدرێژی و بەکار هێنان یان خەسار گەیاندن بە مڵک و ماڵی خۆی بە تاوانبار نازانرێت.

چەمکی دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێرددا ئەکرێت بڵێین تا سەردەمی «بزووتنەوەی ژنان بۆ گۆرینی سیستەمی یاسایی» لە دەیەی ١٩٧٠ بە جیدی نەهاتە بەر باس، بە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە ئەمریکا و بەتایبەت خاتوونێک بە ناوی لارا ئێکس، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئەیالەتی کالیفۆڕنیا پیاوێک بە تاوانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنەکەی بە تاوانبار ناسرا. لە ئێستادا یاسای «قەدەغەبوونی دەستدرێژی سێکسی لە ژیانی هاوسەریدا» لە ئەمریکا و بەشێکی زۆری وڵاتانی ئورووپایی بە فەرمی ناسراوە و کاری پێ ئەکرێت. بەفەرمی ناسینی ئەم یاسایە لە لایەن حکوومەت و سیستەمی یاساییەوە لەم وڵاتانە بووە بە هۆی ئەوەی کە حکوومەتەکان بە شێوەی جدیتر کێشەکانی تایبەت بەم بوارە لەبەرچاو بگرن و بوودجە و سەرمایە تەرخان ئەکەن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیی و ئاکادێمیک لەم بوارەدا.

تئۆرییەکانی سەر بە فمینیسم ، بونیادگەرایی و دەوری جێندەر لە کۆمەڵایەتی بوونی کەسەکان، سێ تیئۆری ئاوانگارد و پێشەنگن کە لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوە زانستی و ئاکادێمییەکانی تایبەت بە دەستدرێژی سێکسی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتییەدا بەکار ئەبرێن. بونیادگەرایانی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێرددا، ڕەنگدانەوەی حەزی پیاوە بۆ زاڵ بوون بە سەر ژندا و پاراستنی هێزی نەریتیانەیان بۆ پارێزگاری لە خۆیان و پارێزگاری لەو شتەی کە خاوەندارێتی دەکەن.

خاوەنڕایانی دەور و نەخشی جێندەر لە کۆمەڵایەتی بوونی کەس لە سەر ئەو باوەڕەن دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێرددا، لە داسەپاندن و قبووڵکردنی باوەڕە نەریتییەکانەوە بۆ دەوری ژنەکان لە پەیوەندی سێکسیدا سەرچاوە ئەگرێت. بە پێی ئەم ڕوانینە، دەور و نەخشە نەریتییە جێندەرییەکان فێری پیاوان دەکات کە دەوری جێندەر یان ڕەگەزی بەهێزتر بگێڕن و بە زۆری هێرشبەر بن و بە پێچەوانەوە ژنان ملکەچ و بێ کردە بار ئەهێنرێن.

دەستدرێژییە سێکسییەکان:

### ١-ئەزیەت و ئازاردانی سێکسیی نافیزیکی

ئەمجۆرە ئازاردانە سێکسییە بە زۆری جۆرێک تووڕەبوون و هەڵچوونی زمانی و دەروونیە کە بە دوو فۆڕمی بنەڕەتی «ناچار کردنی کۆمەڵایەتی و نۆرمەکان» و « ناچارکردن بە پێی پەیوەندی نێوان کەسەکان/ ئەرباب و نۆکەر» ڕوو دەدات. ناچارکردنی کۆمەڵایەتی و نۆرمەکان باوترین جۆرە لەم بەشەدا. لەم جۆرە لە ئازاری سێکسیدا، ئەرکی ژن ئەوەیە خزمەتی مێردەکەی بکات بە پێی ئەرکی ژن و مێردایەتی. ئەرکی سەرەکی ژن دابینکردن و دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی مێردەکەیەتی، تەنانەت ئەگەر سێکس بە پێچەوانەی حەز و ویستی دەروونیی ژن بێت. لە جۆری دووهەمدا، مێردەکە بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەو ئیمکانە مادییەکان یان هێزی خۆی، وا لە ژنەکەی ئەکات ملکەچی خواستە سێکسییەکانی ئەو بێت: بۆ وێنە لە بەرامبەر پارەدا وا لە ژنەکەی دەکات ملکەچی خواستی سێکسی پیاوەکەی بێت، تەنانەت ئەگەر کردەی سێکس بە پێچەوانەی حەز و ویستی ژنەکە بێت و ئازار بچێژێت یان هەست بە سووکایەتی بکات.

### ٢-هەڕەشە یان ناچارکردنی سێکسی

ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە ترسی ئاکامەکانی بەرگری کردن لە بەرامبەر ئازاری سێکسیی مێرد یان شەریکی سێکسیان، مل ئەدەن بە پەیوەندییەکی سێکسیی نەخوازراو. ئەوان لە پەرچەکرداری نێگەتیڤی شەریکە سێکسییەکەیان یان مێردەکەیان ئەترسێن. ئەم پەرچەکردارە نێگەتیڤە زۆربەی کات وەک هەڵچوون و تووڕەیی زمانی و دەروونی یان شەڕ و لێدانی جەستەیی خۆی دەرئەخات. ئەم وتەزایە خۆی بە سێ بەش دابەش دەبێت

### ٣-لێدان و ئازار دان

دەستدرێژیەک کە لێدان و ئازاردانی لەگەڵدایە و زۆربەی کات توندووتیژی زارەکی و فیزیکیشی لەگەڵدایە.

### ٤-دەستدرێژی فیزییکی و بە زۆر

ئەم جۆرە دەستدرێژییە بە هۆی کێشەی بەردەوامی ژن و پیاوە لە سەر جۆر و شێوەو فۆڕمی سێکس. لەم جۆرە دەستدرێژییەدا، کەسی دەستدرێژیکەر تا ئەو کاتەی ئەتوانێت ئەو شێوەو فۆڕمە سێکسەی کە خۆی ئەیهەوێت ئەنجام بدات، کەڵک لەم جۆرە توندووتیژییە وەر ئەگرێت و بەزۆر و بە لێدان بەرامبەر ناچار ئەکات بەوەی ملکەچی خواستی ئەو بێت.

### ٥-دەستدرێژی سادیستی و گرێیانە

ئەمجۆرە دەستدرێژییە زۆربەی بە ئەنجامدانی جۆرێکی ناباوی سیکس دەرئەکەوێت. ئەو کارە ناعەقڵانی و لادەرانەی کە وا دەکات قوربانی ئازاری پێ بگات لە کاتی سێکسدا. ئەمجۆرە دەستدرێژی سێکسی لە لایەن پیاوەوە زۆربەی کات بۆ ئەوە نییە ژن یان شەریکە سێکسیەکەی خۆی کۆنتڕۆڵ بکات و ملکەچی بێت، بەڵکوو بە مەبەستی زیاتر وروژانی سێکسی خۆی بەکاری دەبات.

لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە لە سەر ئەنجام و کاریگەرییەکانی توندووتیژی جەستەیی و سێکسی بۆ سەر ژنان لە لایەن هاوسەر و شەریکە سێکسییەکانیانەوە. ئەنجامەکان بە گشتی دەرخەری ئەوەن کە توندووتیژی جەستەیی و هەروەها توونددووتیژی و ئازاردانی سێکسی کاریگەری زۆر خراپی دەروونی و جەستەییان هەیە لە سەر ژنانی قوربانی، بەڵام ئەو ژنانەی کە توندووتیژی و ئازاری سێکسیان بەرامبەر ئەنجام دراوەو ئەزموونی وەها جۆرە دەستدرێژییەکیان هەیە، زۆر زیاتر لەو ژنانەی کە توندووتیژی جەستەییان بەرامبەر کراوە، مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی فیزیکیان لە سەرە.

لێرەدا باس لە کاریگەرییە جەستەیی و دەروونییەکانی توندووتیژی سێکسی ئەکەین بەرامبەر بە ژنان، چ لە لایەن کەسانی نزیکی خۆیانەوە، واتە هاوسەر و هاوژیانەکانیانەوەو چ لە لایەن کەسانی ترەوە، بەڵام زیاتر باس لە توندووتیژی سێکسی ئەکەین بۆ سەر ژنان لە لایەن شەریکە سێکسییەکانەوە.

### ٦-کاریگەرییە دەروونییەکان:

خەمۆکی یەکێکە لە کاریگەرییە دەروونییەکانی دەستدرێژی لە پێوەندی سێکسیدا. قوربانییەکان تووشی کۆمەڵێک گرفتی قووڵ دەبنەوە لەوانە، خەمۆکی ، تێکچوونی باری دەروونی دوای ڕووداوەکە ترس لە کۆمەڵگا، تێکچوونی ڕەفتاری سێکسی، هەروەها قوربانییەکان تووشی کۆمەڵێک گرفتی دیکە دەبنەوە وەک سەرکۆنە کردن و خۆبەتاوانبار زانین، هاتنەخوارەوەی متمانە بە خۆ و بە جەستەی خۆ، نەبوونی بڕوا بە خۆ، بێزاربوون لە پیاوان و پەیوەندیی سێکسی. ژمارەیەکی زۆری لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە لە لایەن شەریکە سێکسییەکانیانەوە، زۆر کەمتر لەو ژنانەی دەستدرێژی جەستەییان کراوەتە سەر متمانەیان بە خۆیان هەیە. ئەو ژنەی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر متمانەی بە خۆی نامێنێت نەبوونی بڕوابەخۆ، هۆکارە بۆ گۆشەگیری و خۆپراوێزخستن. هەروەها لێکۆڵینەوەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دەستدرێژی سێکسی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا، یان لە پەیوەند لەگەڵ شەریکە سێکسییەکان، دەبێت بە هۆی دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکە لە لای قوربانی.

### ٧-کاریگەرییە فیزیکی و جەستەییەکان

ئەو ژنانەی کە لە لایەن هاوسەر یان شەریکە سێکسییەکانی خۆیان وەک هاوڕێی کوڕ دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان، باری دەستدرێژییەکە زۆر قورسترە لە سەریان لە چاو ئەو ژنانەی کە لە لایەن کەسانی نەناسراو و بێگانەوە دەستدرێژی ئەکرێتە سەریان. جیاوازی لە ئاستی توندوتیژییەکە و جۆری ئازارێکە کە پێیان ئەگات. ئەو کەسانەی کە لەلایەن هاوسەر و شەریکە سێکسییەکانیانەوە دەستدرێژی ئەکرێتە سەریان، زیاتر لە بەردەم مەترسی ئازاری جەستەیی و ئازار گەیشتن بە شوێنە هەستیارە سێکسییەکانی جەستەیاندان. زیاتر لە ژنانیتر کە لە لایەن بێگانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان نیشانە و ئاسەواری دڕین، بریندار بوون و... بە جەستەیانەوە دیارەو هەندێجار پێستیان بریندار دەبێت و بەم شێوەیە ڕووبەڕووی ئازاری جەستەیی ئەبنەوە کە کاریگەری ڕۆحی هەیە لە سەریان.


ژمارەیەکی زۆر لە ئازارە جەستەییەکان وەک سک ئێشە، ئازارە باوەکانی تایبەت بە نەخۆشیە ژنانەکان، ئازاری سمت، خوێن بەربوون لە ئەندامە جنسییەکان، پەیوەندی سێکسی بە ئێش و ئازارەوە، لەبارچوونی منداڵ، ئیلتهابی میزڵدان، بەئازارەوە میز کردن، و نەخۆشییە باوەکانی ڕیخۆڵە لەو ژنانەدا بینراوە کە لە لایەن کەسانی نزیکەوە، واتە شەریکە سێکسییەکانەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر. ئەوان لە بەردەم هەڕەشەی ژمارەیەک نەخۆشی مەترسیداردان وەک شێرپەنجەی مناڵدان و ئەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە ئەگوازرێنەوە.

هەروەها بینراوە ژمارەیەک لەو ژنانەی دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان دەستیان داوەتە خۆکوژی، یان لە لایەن دەستدرێژی کارەوە کوژراون.

## ساڵی ٩٧ی هەتاوی،

# مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

محەممەد حەکیمی



مانگرتنی سەراسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا ڕوویدا کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ٣ چالاکی سیاسیی سەر بە ڕەوتی کۆمەڵەی لە سێدارەدا و هاوکات مەقەڕەکانی حزبی دێمۆکراتی لە هەرێمی کوردستان مووشەک باران کرد و لە ئاکامی ئەو موشەک بارانە ١٦ کەس لە ئەندامی ڕێبەریی ئەو حیزبە گیانیان بەخت کرد و ٤٠ کەسیس بریندار بوون، ئەمە هەوڵێکی دیکەی حکوومەتی ئێران بۆ سەرکوت کردن و پاشەکشە پێکردنی خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان بوو. داوی ئەو تاوانانەی کۆماری ئیسلامی ناوەندی هاوکاریی حزبەکانی کوردستانی ئێران مانگرتنی داوایان لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بەم تاوانە تازەیەی حکوومەتی ئێران مان بگرن و خەڵک بە شێوەیەکی هاودەنگ و هاوپشت بە دەنگ داواکاریەکەیانەوە هات و بە داخستنی دووکان و بازاڕ و نەچوونە سەر کارەکانیان مانگرتنێکی کەموێنەیان وەڕێخستن.

ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی دوو ساڵ لەمەوپێش بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژێکی خوێنین و پڕ لە ئازار بوو، ڕژیمی ئیسلامیی ئێران کە لە بەهێزبوون و هاوپشتیی هێزە سیاسییەکان و خەباتی خەڵکی کوردستان زیاتر لە جاران دەترسا و هاوکات دۆخی ئێرانیش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەبوو بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی پێویستی بە سەرکوتی توندوتیژی خەڵک و چالاکانی مەدەنی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژی حکوومەت بوو، بۆ ئەو مەبەستەش کوردستان وەکوو ناوەندی هەمیشەیی خۆڕاگری و خەبات بەرانبەر بە دواکەوتوویی و داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی، یەکەم ئامانجی هێرشەکان بوو. هێرشی موشەکەی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ئێعدامی سێ کەس لە لاوانی کورد بە ناوەکانی ڕامین حسەین پەناهی، زانیار مورادی و لوقمان مورادی و هەروەها هێرشی تۆپخانە و پەهبادەکانی ڕژیم بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵە لە قەندیل نیشانیدا کە ڕژیم دەیەوێت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوترسێن بکات. بە بروای خۆیی دەیویست بە ئامانج کردنی کۆمەڵە و دێمۆکرات جا چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە، تواناکانی هێزی سەرکوتکاری خۆی و دڕەندەییەکەیان بە گەلی کورد و چالاکانی سیاسی ڕابگەینێت. بەڵام گەلی کورد بە پشتبەستن بە ئەزموونی ساڵها خەباتیان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و هاوکاری و هاوپشتی و یەکدەنگیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئیلامەوە تا ورمێ بە مانگرتنێکی یەکدەنگ و گشتی وەڵامێکی چاوەڕوان نەکراویان بە حکوومەت دایەوە و لە بەرانبەر پەیامی تۆقاندنی ئەواندا پەیامی خۆڕاگری و هاوپشتی و نەبەز بوون خۆیانیان بە گوێی دنیا گەیاند.

دوای ئەو شکستە گەورەیە دەزگا ئەمنییەتییەکانی حکوومەت دەستیان دایە گرتنی چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە کوردستان. بۆ نموونە موزەفەر ساڵەحنیا، خالید حسەینی، موختار زارعی، سۆران دانشوەر، ئارام فەتحی، موسلم بەهرامی، خالید گەنجی و ڕەشید ناسرزادە و دەیان کەسی دیکە و هەروەها لە زۆر شوین ئەو دوکانانەی کە داخرابوون ڕژیم بە ڕەنگ دەرابەکانیانی ڕەنگ دەکرد بۆ ئەوەی گوشار بخاتە سەریان و بیانتۆقێنێ تەنانەت لە زۆر شوێن زەنگیان بۆ خاوەن دووکانەکان لێ دەدا و هەڕەشەیان لێدەکردن. بەڵام لە ڕاستیدا خەڵک وەک هەمیشە خاوەنداریەتیان لە ڕۆڵەکان و خەباتی خۆیان کرد و هەرگیز چۆکیان بەرانبەر حکوومەت دانەدا.

# یۆلماز گونای، دەرهێنەرێکی لە بیرنەکراو

یولماز گونای لە ١٩٣٨/٤/١ی زایینی لە بنەماڵەیەکی هەژاری ئاواییەکی ئەدەنە بە ناوی «قنجە» چاوی بە ژیان پشکووت و هەر لە منداڵییەوە تا سەر ئێسقان هەستی بە دوو چەوساندنەوەی کوردبوون و چەوساندنەوەی چینایەتی کرد و خۆیی دەگێڕێتەوە کە کاتێک قوتابی بووم لە قوتابخانەیەکی تورکیە، ماموستایەکی تورک دەیزانی کوردم، هەر بۆیە هەمیشە لێیدەدام، هەر چەن پرسیارەکانم بزانیبایەت یان نا هەر لێیدەدام. دوای ئەوەی خوێندنم تەواو کرد زانیم ئەو ماموستایەم تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، هەموو داهاتی فیلمیکی سینەمایی خۆم بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی تەرخانکرد، هەموو تووشی شوک بوون، من پێموتن نە لە بەر ویژدان و نە لە ڕوانگەیێکی مرۆییەوە ئەو کارەم کردوە، بەڵکوو تەنها دەمویست شەرم لە خۆی بکاتەوە.


گونای لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە چووەتە شاری ئەستەنبوڵ و لەوێ هاوکات لەگەڵ خوێندن، کاریشی کردووە. لە کۆتایی سەدەی ٥٠ی زایینی بەکالۆریوسی وەرگرتووە و چووەتە ناو جیهانی هونەر و سەرەتا بە شێعر و چیرۆک دەستی پێکردوە. دواتر خۆی بۆ دونیای سینەما تەرخان کرد و ڕۆلێکی دیاری لە بەرهەمهینانی دەیان فیلمی سینەمایی هەبوو کە گرنگترینیان «یوڵ» واتە «ڕێگا»ی لە ساڵی ١٩٨٢ی زایینی بەرهەم هێنا.

«گونای» هەر لە سەرەتای منداڵییەوە هەستی بە چەوساندنەوەی نەتەوەکەی و ئازارەکانی کرد و هەروەها هەستی بەو جیاوازییە چینایەتیە پڕ لە ئێش ئازارەش کرد کە بنەماڵەکەی تێدا دەژیان. بۆ خۆیی دەڵێت: چەنێک بە ئازار بوو کاتێ دایکم دەدییت کە بە هاوینان ڕۆژ تا شەو خەریکی پەمۆ ڕنین و بە زستانیش خەریکی کارەکەری ماڵە دەوڵەمەندەکان بوو.

«گونای» دواتر کە بو بە دەرهێنەرێکی بە ناوبانگ و بە هۆی هەڵوێستە سیاسیەکانی چەندین جار لەلایەن هیزە ئەمنیەتییەکانی ڕژیمی تورکیەوە دەستگیر کراوە و لەلایەن دادگاکانی تورکیەوە بە زیاتر لە ١٠٠ ساڵ زیندان حوکم دراوە و بەشێکی تەمەنی لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکدا بووە و دواتر توانیوە لە زیندان ڕابکات و خۆیی گەیاندوەتە پاریس لە وڵاتی فەرانسە و لەوێ هەلی بۆ هەڵکەوت و لە ڕیگەی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی سینماوە توانی کێشەی نەتەوەکەی بخاتە بەر دید و ڕای جیهان و هەر بەو هۆیەش ناوبانگێکی جیهانی دەرکرد.

ئەوسا کە هێشتا وڵاتی تورکیەی بە جێنەهێشتبوو دوو گۆڤاری بە ناوەکانی « یوران، دوروک» لە ساڵی ١٩٥٨ دەرکرد لە ڕۆژنامەی دیواریی زانکۆش رۆڵێکی گرنگی بینیوە و یەکەم چیرۆکی خۆیی لە ساڵی ١٩٦١ بە ناوی «گەردن لێک ئالاوەکان» نووسیوە و هەر ئەوەش بوە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار بخرێتە زیندانەوە.

خەون و ئاواتی یولماز گونای ئەوە بوو کە کوردستانێکی سەربەخۆ هەبێت، بەڵام بەر لە بەدیهاتنی خەونەکانی مەرگێکی ناوەخت یەخەی گرت و دڵە گەورەکەی لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینی لە تەمەنی ٤٧ ساڵییدا لە لێدان کەوت و لە گۆڕستانی «پێر لاشز» لە شاری پاریس بە خاک سپێردرا.



شایانی باسە یولماز گونای ١١٧ فیلمی بەرهەم هێناوە و دەیان خەڵاتی بردوەتەوە کە بریەتیین لە خەڵاتی «ئورهان پاموک» ساڵی ١٩٧٢ی زایینی بە هۆی ڕۆمانی «گەردن لێک ئالاوەکان، خەڵاتی «لوکار نوی» جیهانی بە هۆی فیلمی «ڕانەکە»، خەڵاتگەلێکی دیکە لە فستیڤالەکانی برلین، بەریتانیا، بلژیک، سوئیس، ئیسپانیای نیو دەوڵەتی، خەڵاتی ویساقی سینەمایی بکژیک، پالێوراوی خەڵاتی نوبڵی ساڵەکانی ٧٠ی زایینی و چەندین خەلاتی دیکە.

# دۆنالد ترامپ و داهاتووی جیهان و ئەمریکا

ئاروین سەعیدپوور

دۆنالد ترامپ و جۆ بایدن بە شێوازی فەڕمی بونە کاندیدای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا، لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بە بەرچاو گرتنی کاردانەوەی ئەم هەڵبژاردەی لە گۆڤارە ئەمریکییەکان باس لە بارودۆخی دوایی ئەگەری هەڵبژاردنی دووبارەی دۆنالد ترامپ لە جیهان دەکەم.

دۆنالد ترامپ چۆن جیهان دەبینێت؟

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا گۆڤاری سیاسی-کۆمەلایەتی وردلی- ڤۆکس (worldly- vox) بە تێروتەسەلیی باس لە سیاسەتی دەرەکی ئەم دو کاندیدای هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەکات. لەو ڕووەوە کە جۆ بایدن نزیک بە ٥٠ سالە لە سیاسەتی ئەمریکا بوونی هەیە و لە دەیەی ڕابردوودا حەوت سال وەکوو جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا رۆلی گێراوە، پێشبینی سیاسەتی دەرەکی ئەم کاندیدای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا رەنگە زۆر ئاڵۆز و سەخت نەبێت. بەڵام دۆنالد ترامپ کە ٣٠_٤٠ ڕابردوو وەک سێلێبریتی تەلەفیزیۆنی و ئابووری تێکەڵی سیاسەت بووە و تەنیا لە سێ ساڵ و نیوی ڕابردوودا کاتی هەبووە کە دەمو دەستگای سیاسەتی دەرەکی حکومەتەکەی بنیاد بنێت و ئەمە گۆمانگەلێکی زۆری درووست کردووە بۆ داهاتووی دۆنالد ترامپ و حکومەتەکەی.

جین ویلیامز و ئەلەکس ڤێرد دوو توێژەری گۆڤاری وردلی-ڤۆکس کارنامەی سیاسەتی دەرەکی حکومەتەکەی دۆنالد ترامپ بە سێ بەش دابەش دەکەن و هەروەها باس لە دروشمی سەرەکی ئەو لە ژێر ناووی * بەر لە هەموو شوێنێک ئەمریکا* دەکەن.

یەکەم: دروشم و قسە کانی دۆنالد ترامپ وەک بەرامبەری کردن لە گەڵ چین یان بەدەست هێنانی ڕێککەوتنێک باشتر لەگەل ئێران.

دووهەم: ئامانجگەلێک کە کۆشکی سپی بۆ خۆی دانابوو.

سێهەم: رەنگدانەوەی کۆنکرێت ئەم دروشمانە لە جیهاندا.

هەروەها لێرەدا جین ویلیامز و ئەلەکس ڤێرد پێرستی دەستکەوتەکانی سیاسەتی دەرەکی دۆنالد ترامپ کە شانازی پێوە دەکات دەخەنە بەردەست:

١. ڕاوەستانی پرۆژەی ئەتۆمی کۆریای باکوور.

٢. ڕاوەستان بەرامبەر بە پاوان خوازیەکانی چین و هەروەها سەپاندنی گەمارۆ مافی مرۆڤ بە هۆی موسڵمانان ئویغۆر و هەروەها دانیشتوانی هۆنگ-کۆنگ.

٣. سەپاندنی گەمارۆ قورس و هەروەها هەوڵدان بۆ روخاندنی ئابووری کۆماری ئیسلامی ئێران و لاواز بوونی جموجۆڵی سەربازی و تیرۆریستی لە دەرەوەی سنورەکانی خۆی.

٤. هاندانی وڵاتە ئەوروپیەکان بۆ تەرخان کردنی پارە و بودجەی زیاتر لە هێزی سەربازی ناتۆ.

٥. شکست هێنانی خەلافەتی دەولەتی ئیسلامی (داعش) لە عێراق و سوریا.

٦. نزیک بونەوە لە ڕێکەوتنی تازەی ئاشتی لە ئەفغانستان.

٧. یارمەتی دانی زیاتری ئیسرائیل لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە دەسکەوتی گەورەی وەک دانوستانی ئیمارات و ئیسرائیل ی لێکەوتەوە.

٨. زیادکردنی گوشار ئابووریەکان لەسەر وێنەزویلا.

دوایی ریز کردنی ئەم ٨ خاڵە ئێستا دەبێت باسی حەقیقەتەکان و کاردانەوەی ئەم خاڵانە و سیاسەتی دەرەکی دۆنالد ترامپ بکەین. بە بڕوای دوو توێژەری گۆڤاری وردلی-ڤۆکس ئەگەرچی کۆریای باکوور تاقی کردنەوەی چەکی ئەتۆمی بەڵام ڕاپۆرتگەلێکی زۆر لە بەر دەستە کە کۆریای باکوور بەردەوامە لە تاقی کردنەوەی چەکی قورس و هەروەها مووشەک و هەتاوەکو ئێستا هیچ رێکەوتنێکی جدی لە نێوان کۆریای باکوور و ئەمریکا ڕێکنەکەوتوە. لە هەمان کاتدا دۆنالد ترامپ باس لە گرێبەستێکی تازە لەگەل چین دەکات کە هەتاوەکو ئێستایش هیچ بەڵگەیەکی لە بەر دەست نیە و بە نهێنی ماوەتەوە و هەروەها گەمارۆکەی ئەمریکا لەسەر چین کە دەڵێت لەبەر موسڵمانان ئویغۆر و دانیشتوانی هۆنگ-کۆنگ کاریگەری ئەوتۆی نەبووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە جان بۆڵتۆن لە کتێبەکەی خۆی باس لەوە دەکات کە دۆنالد ترامپ دانی بە گۆشارەکانی چین بۆ سەر موسڵمانان ئویغۆر داناوە و بە شێوەیەکی گشتی پێی پەسەندکرا و بووە.



یەکێکی دیکە لە خاڵە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەکی دۆنالد ترامپ کۆشتنی قاسم سلێمانی فەرماندەیی سوپای قودسی ئێران بوو. توێژەرانی گۆڤاری وردلی-ڤۆکس باس لە بۆچونێک دەکەن کە لەو کاتەدا باوەری وابوو گۆڕانکارییێکی گرینگ لە ڕووبەڕوو بوونەوە ئەمریکا و ئێران لە ئارادایە بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو و کوشتنی قاسم سلێمانی نەبووە هۆی کردنەوەی وەرزێکی جیاواز لە نێوان ئەمریکا و ئێران. لە لایەکی دیکەوە گرووپە میلیشیاکانی عیراق بە پالپشتی ئێرانەوە هەتا وەکوو ئێستاش دەستیان لە هێرش کردن بۆ سەر ئەمریکییەکان هەڵنەگردوە و ئەمریکا هەتا وەکوو ئێستا هیچ وەڵامێک ی نەداوەتە ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆیە لە راستیدا پرسیار ئەمەیە: ئەگەر دۆنالد ترامپ سیاسەتی جیاواز لە سیاسەتی باراک ئۆباما بەرامبەر بە ئێران هەڵبژاردوە بۆ هەتاوەکو ئێستا هێرشی نیزامی نەکردووەتە سەر ئێران؟.

جین ویلیامز دەڵێت لە دوایی خستنە خوارەوەی پەهبادی ئەرتەشی ئەمریکا لە لایەن ئێرانەوە دۆنالد ترامپ بریاری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران نەدا و تەنانەت جان بۆڵتۆن کە یەکێک لە گرینگترین رۆڵەکانی لە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا هەبوو نەیتوانی قەناعەت بە دۆنالد ترامپ بێنی و لە ئاکامدا وەلانانی خۆی بە دواوە بوو. ئێستاش دۆنالد ترامپ لە دوژمنەکانی خۆی بە بۆنەی هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماری ئەمریکا باس لەوە دەکات کە دووای هەڵبژاردنی دووبارەی لە یەک هەفتەدا لەگەل ئێران دەگەنە دانوستان بەڵام بە بڕوای جین ویلیامز ئەم دروشمە دوو رووی هەیە، یان وەک دانوستانی ئەمریکا و چین تەنیا رەزامەندییێک بێت لە سەر لاپەڕەکان یان ئەگەر ئێران لە مەوازعی خۆی پاشەکشە نەکات ئەوە گەمارۆکان قورستر دەبێ و کێشەم کێشەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران زیاتر دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەلێکس ورد لەو باوەڕەدایە کە رەنگە لە دوایی هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماری ئەمریکا دۆنالد ترامپ وەک جۆرج بۆش دوو ڕێگای بۆخۆی دانابێت کە یەکیان ڕێگە بە ئێران بدات بەرنامە ئەتۆمی خۆی بەڕێوە ببات و بیرێکی جدی لە هێرشی نیزامی بۆ هەڵداوە دەتوانێت بێت بە هۆی ئەوەی کە تەنیا لە سالی یەکەمی پەتا گشتگیرەکە، هەر مانگ زۆرتر لە ١٠،٠٠٠ منداڵ لە جیهان لە برسیەتی دا تیابچن.

# « لە کاتی پەتای کۆرۆنا برسییەتیی منداڵان پەرە دەستێنێت»

**نووسەرر: مارتین لینگ**
**وەرگێران لە ئاڵمانیەوە: پدرام زارێعی**

هنریتا فۆر، بەرپرسی بەشی بەرێوەبەری سندووقی منالانی نەتەوە یەککگرتووەکان یان ڕێکخراوی منالپارێزی نەتەوە یەککگرتووەکانە، بە کورتی یوونیسێف ، رۆژی سێشەممە حەوتی خەرمانان ( ٢٨ یی ژووئیە) لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکان لە نیۆیۆرک دا رایگەیاند :‹‹رۆژ بە رۆژ ڕوونتر و ڕوناکتر دەبێت کە خەسار و وەزەندگەلێک کە ئاسار و ئاکامەنەکانی پەتای جیهانی کۆڤیدی١٩ (کۆرۆنا) بە منداڵان دەگەیەنێت فرە زیاتر لە خودی هەڵپەرەستەکانەکەیە.›› هنریتا فۆر باسی لە ناوەرۆکی راپۆرتێکی نوێ کرد. تێزی سەرەکی راپۆرتەکە ئەویەکە کە هەژاریە پەرەسەندووەکە، کەمبوونێکی کالاگەیاندن و نرخی بەرزی دابین کردنی بژێو لە ئاکامی پەتا جیهانیەکە دەبیتە هۆی برسیەتی و ئاورایکی فرە زیاتر لە ناو منداڵان لە سەرتانسەری جیهان دا.

بەپێ راپۆرتەکەی یوونیسێف، کەمخۆراکیی و کەمبژێویی تەنگاوی دەتوانێت ژیانی منداڵان بخاتە مەترسیەوە. کارناسەکانی یوونیسێف ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵانێک کە تووشی ئەم نەخووشیەن زۆر لەڕ و لاوازن بۆ قەوارەی جەستەیان و ڕیسک و مەترسی ئەوی کە تیابچن یا لە گەشەکردن و نەشارکردنی و باڵاکردنی جەستەیی و ڕۆحیی و دەروونیان دوابکەون یەکجار مەزنە. راپۆرتەکەی یوونیسێف هەروا دەڵێت کە ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ساڵی ٢٠١٩ تووشی کەم خۆراکی و کەم بژێویی تەنگاوی بوون لە رووی مەزندە و گۆمانەوە ٤٧ ملوێن کەس بوون. بەپی گووتەی کارناسەکان، ریکخراوەکان بۆ یارمەتیە مرۆڤدۆستانەکان پێویستیان بە ٢،٤ ملوێن دوڵاری ئامریکا (نزیکەی ٢ ملیارد یۆرو) هەیە، بو ئەوەی بتوانن بەرنامەکانیان بو دابینکردنی خۆراک و پیداویستیە پزشکیەکان بۆ کۆرپەکان، زارۆکەکان و دایکەکان تا کۆتایی ئەم ساڵ وەدی بهێنن . قەیرانی کۆرۆنا و قەدەغەی هاتوچۆ و کیشەگەڵیک کە لەم بارودۆخە سەری هەڵداوە دەتوانێت بێت بە هۆی ئەوەی کە تەنیا لە ساڵی یەکەمی پەتا گشتگیرەکە، هەر مانگ زۆرتر لە ١٠،٠٠٠ منداڵ لە جیهان لە برسیەتی دا تیابچن.

نەتەوە یەککگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە لەم قەیرانە مەترسیەکە بەتایبەت لەسەر ئەو دەڤەر و وڵاتانەیە کە هەر پێشتریش لە چەرمەسەری و کەمی و نەبوونی خۆراک رەنجیان دەکێشا . چوار کارگێڕیی نەتەوە یەککگرتووەکان لە پێشبینیەکی دڵتەنگکاردا ئاماژە بە ژمارەیەکی هەرە زۆر مەزرا و کێڵگەی کشتوکاڵی بە بەهرە و بەرووبویەکی یەکجار زۆر دەکەن کە پەیوەندییان لەگەڵ بازاڕەکاندا پچڕاوە و هەروەها بە دێهات و گوندانێک کە هیچ یارمەتییەکی پزشکی و خواردەمەنیان هەناردە نەکرات.

ئەم کەمخۆراکیی و کەمبژێویی کە رۆژ بە رۆژ روی لە زیاد بوونە، بەدڵنیایەوە پاشماوانێکی درێژخایانی بو تاکە منداڵەکان دەبێت. لە ئەم تراژیدیە تاکەکەسیە دەتوانێت تەنانەت کارەساتێکی کۆمەڵایەتی بخوولقێت کە یەک نەسل و وەچە تووشی دەرد و ئازار دەکات. سەرەڕای هەمووی ئەمانە، مانگانە ٥٥٠ هەزار منداڵ لە جیهاندا تووشی سیندرۆمی وشک هەڵهاتن دەبن. ئەم سیندرۆمە دەبێتە هۆی لەدەست چوون کێشی جەستە. لە ئەم نەخۆشییە ماسۆلکەکان دەبن بە ئاو و پەسمەندەی چەوری لە ناو رووکەشەشانەکان بە خەسار دەچێت. جیاوازی سیندرۆمی وشک هەڵهاتن لەگەڵ کەمخۆراکیی و کەمبژێویی تەنگاوی ئەوەیە کە کەمتر کات دەخایێنێت و دەتوانێت بەری پێ بگیرێت و کەونار و کرۆنیک نییە. بەڵام هەر ئەم سیندرۆمەیش دەتوانێت بێت بە هۆکاری هەژماریک زۆر نەخۆشی جەستەیی و دەروونی لە تەمەنی سەرەوە.



ئەگەرچی نرخی قڕان بە برسیەتی لە نێوان منداڵانی ژێر پێنج ساڵ لە ساڵی ١٩٨٠ تا ڕادەیەکی زۆر دابەزیوە، بەڵام ئەمە ناتوانێت بێت بە مایەی دلخۆشی، چوونکو هەر لە ساڵی ٢٠١٨ نزیکەی ٦ ملوێن منداڵ گیانیان لە دەس دا، کە ٤٦٪ بە هۆی مردنی راستەوخۆ یا ناراستەوخە لە برسیەتیدا بووە.

هەموومان دەزانین کە گڵۆبالیزم و بەسەنعەتتییبوونەوە هەمووی ئەو ئامرازە پێویستانە دەخەنە بەردەس مرۆڤ و کۆمەڵگای ئەمرۆ کە خۆراک و خواردەمەنی بۆ هەمووی خەڵکی جیهان دابیین بکات. بەڵام کێشە ئەویە کە دابەشکردنێ سامان و دارایی دادوەرانە نییە.

# تاران پایتەختی سێدارە

## (بە شی چوارەم)

عــزیز ئاجیکەند

ماشینی کوشتاری کۆماری ئیسلامی لە وەستان ناکەوێ و هەر دێت و قوربانی دەگرێ ...

* بە پێی سەرچاوەی سەرژمێرییەکان کە لە ڕاگەیەنەگشتێیەکاندا بلاو کراونەتەوە لە میانەی ساڵەکانی ١٣٦٧، یانی لە سەرەتای دەسپێکردنی کوشتاری بە کۆمەلی زیندانیانی سیاسی بە دەستووری خۆمەینی تا کۆتایی ساڵی ١٣٧٧، «شەش هەزارو ٧٨٣» کەس بە تۆمەتی جۆراوجۆر لەوانە جیاوزی بیرو ڕا، لە سێدارە دراون .

* هەروەها لەسەرەتای ساڵی ١٣٧٧وە هەتا سەرەتای ساڵی ١٣٨٩هەتاوی ئێمە شاهیدی لەسێدارەدانی ٥٢٢٠ کەسی ترین کە لەمیانەی ئەو ٩ ساڵەدا لە سێدارە دراون. یانی هەر ساڵێک ٥٦٠ کەس براونەتە پای داری سێدارە و ژیانیان لێستێندراوە . کە ئەمە ژمارەیەکی یەکجار سەرسورهێنەرە کە باس لە جینایەتێکی بێ بەزیانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەکات .

لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ وە تا پوشپەری ساڵی ١٣٨٩ هەتاوید جارێکی تر ماشێنی کوشتار دەکەوێتە کارو ئەو جار « ١٥٢» کەس لە بەندکراوانی سیاسی لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی دەکاتە ئامانج...

* ئەحمەدی نیژاد « پاسدارە خوێنمژەکەی کوردوستان و وەفادارەکەی وەلایەت»

لە ساڵی ١٣٨٤هەتاویدا پاسدار و بەسیجە وەفادارە بەئەمەگەکەی وەلایەت و سەربازەگوومنامەکەی خۆمەینی «مەحموودی ئەحمەدی نیژاد» بۆ ڕزگار کردنی حکومەتی ئیسلامی دێتە مەیدان. ئامرازی سەرەکی ئەویش بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕژیم وەک کەسانی پێش خۆی، سەرکوتی بێ ڕەحمانە و بەرپا کردنی سێدارە لە پێش چاوی خەڵکە. دوای دەورەیەکی ٤ ساڵەی پراوپر لە تاوان و جینایەت و پێشێڵ کردنی مافی مرۆڤ لە جوزەردانی ساڵی ١٣٨٨ و بە پێی پێویستی درێژەی دەسەڵاتی ڕژیم و بە تایبەت بە پێی پرۆژەکانی سپای پاسداران، بۆ جارێکی دیکە ئەحمەدی نەژاد لە سندوقەکانی دەنگدان دەهیندرێتە دەرێ. لە بەرانبەر نارەزایەتی بەربڵاوی دەورەی دووەمەی سەرۆک کۆماری ئەحمەدی نژاد دا ماشێنی کوشتار و سەرکوتی ڕژیمی ئیسلامی زیاتر لە جاران کەوتە کار و زیندانەکان جارێکی دیکە لە نەیاران و تەنانەت لە خودیەکانی ڕژیم پر کران. دادگاکانی نومایشی بۆ جارێکی دیکە لە دژی زیندانیان بەرپا کران، کەسانێک ئیعدام کران و داستانی دەست درێژی بۆ سەر زیندانیانی سیاسی هەروا درێژەی کێشا. بەهاتنەسەرکاری ئەحمەدی نیژاد ئێعدامەکان لە ئێران بەرەو ڕێژەیەکی سەرسور هێنەر کە هەموویان ئامانج و پەیامی سیاسی تایبەتیان لە پشتە، هەڵدەکێشن . ژمارەی ئێعدامەکان لەو دەورەیەدا باس لە هەلکشانی چوار بەرابەر دەکەن. سەرکوت کردنی روناگبیران و شکاندنی قەلەمەکان و پێشیل کردنی سەرەتاییترین مافەکان، پێناسەی ســەرەکی دەولەتی ئەحمەدی نیژاد لەو دەورەیەدان .

لە و دەورانەدا کە ئەحمەدی نیژاد سەرۆک کۆمارە، ٦ تازەلاوی کەمتر لە ١٨ ساڵ لە سێدارە دەدرێن و زیاتر لە ١٣٠ تازە لاوی تر، لە زیندانەکاندا لە چاوەروانی سەزاکەیاندا بەسەر دەبەن .

ڕێژەی ئێعدامکراوەکان لەو ساڵانەدا گەیشتە لووتکە . تا ڕادەیەک کە لە پوشپەری ساڵی ١٣٨٧ی هەتاویدا ، تەنیا لە ڕۆژێکدا « ٢٩ » کەس ئێعدام کران .

*لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەحمەدی نیژادا ڕێژەی ئێعدامکراوان لە هەرسالیکدا بۆ ٣١٧ کەس زیادی کرد.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە هاوینی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویدا لە ئاکامی سەرکوتکردنی نەیاران و نارازیان ، لە دوای ئاکامی هەلبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری، لە ماوەی ٥٠ ڕۆژدا لانیکەم « ١١٥» کەس لەسێدارە دراون. کە هەمووی ئەم ئێعدامانە ئامانجدار بوون و پەیامی سیاسی دەزگای دادوەری و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیان لە پشت بووە.

* ڕێژەی ئامارەکان لە ساڵی ١٣٩١ و ١٣٩٢ی هەتاوی

سەرۆک کۆماری « حەسەن روحانی» درێژەی ڕێگای لە سێدارە دران

زیاد بوونی ئێعدامەکان و ئێعدام بە بەرچاوی خەڵکەوە لە یەکەمین جینایەتەکانی دەولەتی روحانی، لە سەرەتای دەسپێکردنی دەورانی سەرۆک کۆماریدا ..

ئامارەکان باس لە زیاد بوونی ژمارەی ئێعدامەکان بە شیوەی گشتی و ئێعدام بە بەرچاوی خەڵکەوە لە مەیدانی شارەکان، بە تایبەت، لەکاتی بەدەسلات گەیشتنی سەرۆک کۆماری ئێران « حەسەنی روحانی دا دەکەن» .

دەسڵاتدارانی کابینەی حەسەنی روحانی ، ڕۆژانە ژمارەیەک لەو زیندانیانەی لە سلولەکانی مەرگدا لە نۆبەی ئێعدامدان، بە شاراوەیی یان بە بەرچاوی خەڵکەوە بە پەتی سێدارەوە دەکەن و گیانیان لێ دەستێنن. پاساوی دەزگا تەبلیغاتیەکانی ڕژیم بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارە قێزەونەی نمایشی ئێعدام بە بەرچاوی خەڵکەوە، داشکاندنی ئاستی ڕێژەی جورم و جەنایەت لە کۆمەڵگادایە.

لە دەوەرەی یەکەمی سەرۆک کۆماری

« حەسەن روحانی»دا ژمارەی بەندکراوان بە شێوەیەک زیادی کرد کە زیندانییەکان جیا لە کەمبوونی جێگە و شوێن، بەرەوڕووی کەم بوودی خزمەتگوزاری بێهداشتی و دەرمانی و خۆراکی و هەموو ئیمکاناتێکی زیستیش بوونەوە. ژمارەی بەندکراوەان گەیشتە ٢٥٠ هەزار کەس. بەو ڕێژەیە ژمارەی بەندکراوەکان لە هەر زیندانێکدا زیاترە لە دوو هێندەی زەرفیەتی زیندانەکان بوو . بە جۆریک کە زیندانە تاکەکسییەکانیش پر لە زیندانی کران . بە وتەی خوودی کاربەدەستانی ڕەژیم لەوانە « مستەفا پوورمحەممەدی وەزیری دادگوستەری ڕژیم و یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی مەرگی کوشتارەکانی دەیەی شەست» لە هەر سلولێکی ئینفرادیدا ١٠ تا ١٥ کەسی تێیدا بەندکرابوون.

* بەڵام بەندکراوان لە سەردەمی کابینەی یەکەمی « حەسەنی روحانی» دا کێن ؟

ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندانیان کەسانێک بوون کە بە هۆی تاوانەکانی پێوەندیدار بە مەوادی مۆخەددێر زیندانی کرابوون. لە ڕاستیدا ئەم دەستەیە لە بەندکراوانیش نە سەر دەستە و بازرگانە گەورەکانی مادەی هۆشبەر و نە ئەندامی باندە مافیاییەکان بوون کە لەژێر چاودێری سپای پاسداراندا کاریان دەکرد.بەڵکوو کۆمەڵێک مرۆڤی داماو و فەلاکەت لێدراوبوون کە لە عەینی حاڵدا بوونەتە قوربانی بەرژەوەندی باندە مافیاییەکان.

* بەشێکی دیکەی بەندکراوان قوربانیانی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بوون.

* بەشێکی دیکەش بەندکراوانی سیاسیی نەیاری ڕژیم و هەڵسوڕاوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ئەو ئینسانە تێکۆشەرانە بوون کە بەهۆی دەربڕینی بیر و بۆچوونی سیاسیان گیرابون و زیندانی و ئەشکەنجە درابون و حوکمی ئیعدامیان بەسەردا برابوو.

بە پێی ئەو ئامارانەی بڵاو بوونەتەوە ، لە یەکەمین ساڵی سەرۆک کۆماری «حەسەن روحانی»دا ٨١٤ کەس بە تاوانی جۆراوجۆر لە وانە سیاسی و سەر بەنەتەوە جیاجیاکانی ئێران بە تایبەتی بەندکراوانی سیاسی کورد ، لە سێدارە دران . ئەمە لەحاڵێکدایە کە ڕێژەی لە سێدارەدراوان لە چاو ساڵێک پێش لە بوونی بەسەرۆک کۆماری « روحانی « دا تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر هەڵکشا . ئامارەکان باس لە هەلکشانی ٤٧ لەسەدی ئێعدامەکان لە سەرەتای کابینەی یەکەمی « روحانی» یاندا دەکرد .

لە سێدارە دراوانی مێرمنادالانی کەمتر لە ١٨ سال ، لە یەکەمین ساڵی بە دەسڵات گییشتنی « روحانی»دا ، گەیشتە ١٦ کەس ، کە هەر هەموویان بە شێوەی شاراوە لە سێدارە دران . لەم ڕێژەیەش ١٩ کەسیش ژنان پێکیان دێنا کە ١٠ کەسیان لە بەر چاوی خەلکەوە بە سەزای دیاریکراویان گەیشتوون . هەروەها لەو ڕێژەییەی کە لە سەرەوە باسکرا ٦٩٧ کەسیان بە شێوەی چەند کەسی و ١١٧ کەسیشیان بە تاک ، کە زۆربەیان لەبەرچاوی خەلکەوەو لە میدانەکانی شارەجۆراوجۆرەکانی ئێران لە سێدارە دراون .لە سێدارەدراوان کە لە دەورانی یەکەمی سەرۆک کۆماری « حەسەن روحان»دا رویان




داواە بریتی بوون لە :

٧٣ کەس کورد ، ٢١ کەس عەرەب ، ١٦ کەس بەلووچ ، ٥ کەس توورک ، ٣ کەس کە بە ڕەچەلەک ئەفغانی و خەڵکی ئەفغانستان بوون .

لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٢ ی هەتاویدا ٢٩ کەس سەر بە ڕیکخراوە سیاسییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی لە ناوچە کوردنشینەکان و هەروەها لە بەلووچستان و ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێران ، لە سێدارە دران کە تا بە ئێستاش ناوو نیشان و شوێنی ناشتنی زۆرێکیان نەزاندراوە .

ڕاستێیەکەی ئەوەیە کە سزای ئێعدام هیچ دەردێک لەسەر جەستەی کۆمەڵگا سووک ناکات و پاساوهەڵگرنییە. هیچ مرۆڤێک لە سەرەتاوە نەیار، نارازی، قاتڵ، قاچاخچی، جەنایەتکار و تاوانبار نەبووە. بەڵکوو بارووددۆخی سیاسی و چینایەتی و مادیی ژیانی ئینسانە کە تاکی کۆمەڵگا بەرەو بیرجیاوازی و نەیاری و یان تاوان دەبات. دەوڵەت و چینی دەسەڵاتدار بەرپرسی ڕاستەوخۆی ژیانی واقعیی ئینسانەکانن لە کۆمەڵگادا و ڕێگە خۆشکەری ئەنجامی هەموو تاوانێکن.

ڕوون و ئاشکرایە کە تاوانباری پلە یەکەم، کۆماری ئیسلامییە کە هەزاران ئینسانی تەنیا لەبەر بیرڕوباوەڕیان و بەتاوانی خەبات بۆ باشتر کردنی ژیانیان کۆشتووە و ماشێنی مەرگی ڕژیم بۆ ساتێک ڕانەوەستاوە. چۆن دەکرێ عەدالەتی کۆمەڵایەتیی لە وەها ڕژیمێک چاوەڕوان بکرێت؟

ئامار و داتاکان و ئەزموونی هەموو کۆمەڵگایەک لە جیهاندا نیشانی داوە کە، هیچ کات سزای ئێعدام ئەمنییەتی کۆمەڵگا پەرە پێنادات، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەستی تۆڵەکردنەوە و توتدوتیژیی پەرە دەستێنێ و ئەم دیاردەیە دەروونی دەکات.

بێ گومان لە دواڕۆژدا کە تەمەنی جەنایەتکارانی ڕژیمی ئیسلامی کۆتایی پێهات، بە ناوی هیچ یاسا یان پاساوێک حوکمی وەرگرتنی گیانی ئینسانەکان قەبووڵ ناکرێت و جەنایەتکارانی ورد و درشتی کۆماری ئیسلامی دادگایی دەکرێن وبە سزای تاوانە یەک لەدوای یەکەکانی خۆیان دەگەن کە بێ گومان ئەو ڕۆژەدوور نیە...

درێژەی هەیە...

# مەلا ئاواره سوزێک بۆ نیشتمان

مەلا ئاوره ساڵی ١٩٣٤ی زایینی له ئاوایی شەلماش چاوی بە ژیان پشکووت. مەلا ئاواره هەر له منداڵییەوه لای باوکی که پیاویکی خوێندەوار بوو دەستی بە خوێندن کرد و دواتر بە دوای زانیاری زیاتر و خوێندن رووی له مزگەوتەکان و حوجرەی فەقێیایەتی ئەو سەردەمە کرد. ئەو خویندن و گەرانە وەدوای خوێندن مەلا ئاواره دەباته جیهانێکی نوێ و مەلا ئاواره له سەردەمی گەران بە شار و ئاواییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر لەوە زیاتر چاو و گوێی دەکرێتەوه و کە بە خوێندنەکەی لێی تێگەیشتوه و هەست به چەوساندنەوه و ئەو زولم و زۆرەی کە له نەتەوەی کراوه دەکات و هەروەها خۆیی بە رۆڵەی زەحمەتکێشان و کرێکارانی هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت. هەر ئەوەش هانی دەدات هەست و بیر و توانای بخاتە گەڕ دەکەوێتە هاندانی خەڵک بۆ دەرچوون لەو دۆخە و هەر خۆشی وەک پێشەنگ و خەم خۆرێکی رەسەن و تێگەیشتو بۆ رزگاری نەتەوەکەی رێگای شۆڕش و بەرنگاربوونەوە دەگرێتە بەر و تا کۆتایی ژیانی دژ بە داگیرکەران راوەستا.

مەلا ئاواره بۆ درێژەدان بە خەبات دەچێتە ناو ریزەکانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دواتر بە هۆی ئەوەی کۆمەڵیک کێشە و گرفتی لەگەڵ حزب دەبێت مەلا ئاواره و کۆمەڵیکی دیکە له هاورێیانی دەگەرێنەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و دەست دەکەنەوە بە خەباتێکی چر و پر و هەر لەو رێگە پیرۆزەدا گیانی ئازیزیی له رێکەوتی ١٠ مانگی ٥ی ساڵی ١٩٦٨ی زایینی لەگەڵ دوو هاورێی دیکە بە ناوەکانی «رەحمانی وەتمان چاوشین» و «مەلا کچکە» له شاخەکانی شاری سەردەشت بەخت کرد.


**کوپلەیەک له شێعرەکانی مەلا ئاواره**

**لەو کاتەوە کە له ماڵی خۆمان دەرکەوتوم**<br>
**هیچ کات بە تەنیا نەبووم**<br>
**هەستم بە غەریبی نەکرد و**<br>
**من ئێستا تەنیا کوڕی دایک و باوکی خۆم نیم**<br>
**بەڵکوو رۆڵەی هەموو زەحمەتکێشانی کوردستانم.**

**یەکێکی دیکە له هەلبەستەکانی مەلا ئاواره:**

**بێ خانوو و زەوی و زارم**<br>
**تووتنوانێکی هەژارم**<br>
**دوورم له خێر، نزیک له شەڕ**<br>
**بێ پووڵ و باغ و بزن و مەڕ**<br>
**منالّم رووت و برسییە**<br>
**ژیانم پڕ مەترسییە**

**هەروەها لەتیف هەڵمەت شێعرێکی بۆ مەلا ئاواره نووسیوە؛ ئەوە دەقی شێعرەکەیە:**



**من دڵنیام ... چەندێ بژیم**<br>
**رۆژێ مەرگ دێ بۆ پێشوازیم**<br>
**بەڵام هەزاران هەزار ساڵ**<br>
**له دوای مردن**<br>
**دەرمبێنن له گۆڕ و چاڵ**<br>
**ئەگەر سینگم بە نەشتەرێ هەڵبدڕن**<br>
**هێشتا دیاره له سەر برینی دڵی من**<br>
**خۆڵەمێشی گوندەکەم و**<br>
**جێ زنجیری تانکی دوژمن...!**<br>
**بست بە بستی ... ئائەم خاکه**<br>
**جێ بزماری چەکمەی پاسدار و ساڤاکە...!**

# کۆمەڵکوژی قارنێ ، زامێکی سارێژ نەبوو بە سەر جەستەی مێژوو!

یازدەی خەرمانانی ئەمساڵ چل و یەک ساڵ به سەر جینایەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران له گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان تێدەپەرێ.

گوندی قارنێ یەکێک له گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانه و سەر بە شاری نەغەدەیە . ئەم گوندە له ٧ کیلۆمەتری باشووری رۆژئاوای شاری نەغەدە هەڵکەوتوە . بەرەبەیانی ئەو رۆژە دانیشتوانی قارنێ ، دەیان ویست وەک رۆژانی پێشو ئارامی و جوانی سروشت لەئامێز بگرن و بەرەو ئاوات و خۆزەگەکانیان هەنگاو بنێن ، بەلام سەد مەخابن هەورێکی چڵکنی پڕ له قینە ئەگرمێنێ و بێدەنگی زال بە سەر ئاوایی دا دەشکێنێ و بارانێکی خوێناوی ئەبارێنێ وسەرتاپای قارنێ سوور هەلئەگەرێنێ و پاشان له چەن چرکەدا بێدەنگێکی قورس ئەو دۆڵە دائەگرێ .

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١١ی خەرمانانی سالی ١٣٥٨ی هەتاوی ، سوپای پاسدارانی ئێران بە پاڵپشتیی هێزی ئەرتەشی ئێران ، له کردەوەیەکی نامرۆڤانەدا گەمارۆی گوندی قارنێیان دا. کاتژمێر یەکی پاش نیوەرۆ بوو . هێزەکانی ئەرتەش و سوپا کوچەو کۆلانی گوندەکە دەگرن و دەسدەکەن بە ئازارو ئەزیەتی دانیشتوانی ناو گوندەکەو بێ بەزیانە گەورەو جکۆلە ، ژن و پیاو ، پیرو بەسالاچوو دەدەنە بەر دەستریژی گوللەی تفەنگەکان .

ئەوان دەستیان له هیچ نەپاراست ، ژن و منالّیان کوشت ، مالیان ئاگر تێبەرداو تەنانەت ئاژەڵ و باقی گیانلەبەرەکانی قارنێشیان خستە بەر گوللەی تفەنگەکانیان.

پاسدارانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی که لەلایەن ئەرتەشەوەبە هەموو ئیمکاناتیکی جەنگیەوە پشتیوانی دەکران ، دوای خولقاندنی جینایەتەکەیان ، بۆ ماوەی سێ کاتژمێر دەستیان بەسەر گوندەکە داگرت و پاش بەتالان بردنی مال و ژیانی قوربانیانی تاوانەکە، گوندەکەیان چۆڵ کرد.

جینایەتکارانی سوپاو ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی ، تەرمی قوربانییەکانیان لەتلەت کرد و له دەرەوەی گوند بە شپرزەیی فرێیان دان. ئەوان دەیان ویست بەم شێوەیە جینایەت و تاوانەکەیان پەردەپۆش کەن و وا نیشان بدەن که ئەو خەلکە بێتاوانە له روداوی تردا کوژراون و تەرمەکەانیان شێواوە.

له روداوەکەی قارنێ کۆمەڵێک مرۆڤی بێ تاوان دەکەونە بەر شالاوی قڕ کردن . لەم روداوە دلتەزینەدا سەرجەم ٦٨کەس له منداڵ , پیر , پەکککەوتە , و ژن و پیاو بە دەستی چەپەلی بە کریگیراوانی کۆماری ئیسلامی لەت لەت دەکرێن.

تاوانی قارنێ

ژمارەی ماڵەکانی قارنێ لەوکاتەدا نزیک بە ٧٠-٨٠ ماڵێک بوو , ئەم گوندە سەر بە ناوچەی سوندسە. ئەم دەڤەرە زیاتر له ٤٠ گوندی ئازەری زمانی تێدایە و ئەوانی تریش بەرەچەڵەک کوردن . ڕژێمی تازە بەدەسلات گەیشتوی کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای بەدەسەلات گەیشتنیەوە بە هەموو شێوەیەک هەولّی نانەوەی دووبەرەکی دەدا له نێوان کورد و ئازەرییەکان و بەم شێوەیە دەیهەویست بە کەڵک وەرگرتن له جیایی زمان و مەزهەبیان , ئەوان بەشەر بدات و مەشروعیەت بە بونی خۆی لەناوچەکە بدات و پێگەی خۆی بەهێز بکات.

رێکەوتی ١١ خەرمانانی سالی ١٣٥٨ هەتاوی هێزەکانی ڕژێم له سوپای پاسداران له نەغەدەو جەڵدیانەوە هێرش دەکەنە سەر گوندی دووئاوە، لەوێ دووبرا بەناوەکانی « عەبدواڵلە خالّنە و مینە خالّنە» ی تەمەن ٦٥-٧٠ ساڵە دەکوژن.

له کاتی گەڕانەوەیان کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆ له نزیک گوندی قارنێ ، لەسەر ڕێگا ٣منداڵی بەرخەوان دەبینن . پاشان سێ منالّەکە له لاَیەن پاسدارە خوێنمژەکانی کۆماری ئیسلامیەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گولّلەو گیانیان لەدەس دەدەن.

ناوی دوو له منالّەکان بریتین له « ڕەحمان ڕامینی و خاتوو زین ڕامینی . ,.... (ناوی سێیەم نەزانراوە). دوای ئەو منداڵانە و له درێژەی رێگایاندا سێ شوان



دەبینن که دەسبەجێ دەیاندەنە بەر دەستریژی گوڵلە. سی کەسەکە بریتین له : « ئەبو بەکر مستەفا زادە , سەید ئیسماعیل تاهیری , حەسەن ... « هاوکات دوو شوانی دیکەش بریندار دەکەن که پاشان نایان دۆزنەوەو ئەوان خۆیان دەشارنەوە. سوپا و ئەرتەشی خوێنمژی کۆماری ئیسلاّمی به چەکی قورسیانەوە له تانک و زرێپۆش بەرزاییەکانی گوندەکە دەگرن و ئابلوقەی دەدەن , دواتر به بلّندگۆ بانگ له خەڵکەکە دەکەن بگەڕێنەوە بۆ مالّەوە , چونکە لەو کاتە هەموو لەسەر کار بوون و وەرزی بەرهەم بوو , له ناو قارنێ سەرەتا هێرش دەکەنە سەر مالّ حاجی ڕەحمان شەریفی ئازەر , ئاگر له ماڵەکەیان بەردەدن , له کۆی ٦کەسی خێزانەکەیان ٥ کەسیان دەکوژن .

لەکاتی چۆڵکردنی گوندەکە ڕژێم جارێکی دیکە تاوانێکی دیکەی خولّقاندەوە , دوو ڕۆڵەی دیکەی ئەم گوندەی له مافی ژیان کردن بێ بەش کرد که بریتین له :

١- عوسمان ڕامێنی.<br>
٢-مستەفا ئابزەند.

تاوانی قارنێ یەکەم و دوا تاوان نەبوو بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان ئەنجام بدرێت , نموونەی لەو چەشنە له گوندەکانی ئیندرقاش و قەلّاتان « ٥٠ کەس « , دیلان چەرخ « ٤٠ کەس «خەلیفەلیان « ٢١ کەس « بۆ جاریکی تر دوپات کراوە.

ناوی گیانبە ختکردوانی گۆندی قارنی!

١-مەلا مەحمود بەهتزادە ٢- سەید ڕەحمان تاهیری ٣- سید محەمەد تاهیری ٤- سەید ئیسماعیل تاهیری ٥- حاج سەید عەلی تاهیری ٦- سەید قادر تاهیری ٧- ئامینە شەریفزادە ٨- حاجی ڕەحمان شەریفزادە ٩- عوسمان شەریفزادە ١٠- مستەفا عەزیزی ١١- محەمەد عەزیزی ١٢- محیدین ئەبر ڕۆشەن ١٣- حاج شەریف ئەبر ڕۆشەن ١٤- ڕەحمان ئەبزەن ١٥- ڕەحمان سلێمانی ١٦- ڕەحیم سولّتانی ١٧- کەرین سلێمانی ١٨- قادر سلێمانی ١٩- مستەفا ئەبزەن ٢٠- عومەر عەباسی ٢١- جەعفەر عەباسی ٢٢- مستەفا عەباسی ٢٣- محەمەد شەبڕەو ٢٤- سلێمان هەمزەپور ٢٥- ئیبراهیم پویا ٢٦- ئیبراهیم ڕەسولّی ٢٧- عەلی چوپان ڕوستا ٢٨- حەسەن نەوجەوان ٢٩- زێنەب ڕامین ٣٠- خاتوزین ڕامین ٣١- کەریم ڕامین ٣٢- ئەحمەد ڕامین ٣٣- ڕەحمان ڕامین ٣٤- عوسمان ڕامین ٣٥- ڕەسول خەسرەوی ٣٦- ڕەحمان خەسرەوی ٣٧- سەعید خەسرەوی ٣٨- عەبدوڵا خەسرەوی ٣٩- موراد خەسرەوی ٤٠- مستەفا خەسرەوی ٤١- عوسمان خەسرەوی ٤٢- خالید خەسرەوی ٤٣- ڕەحیم خەسرەوی ٤٤- ئەبوبەکر شیشمان ٤٥- جەعفەر شیشمان ٤٦- عەلی شیشمان ٤٧- عوسمان شیشمان ٤٨- ئەحمەد سەعادەتپوور ٤٩- عومەر دەروێشپوور ٥٠- سەید کەرین ئەروندی ٥١- عەلی مەلا ڕەحیم له گوندی دووئاو ٥٢- حەسەن مام ڕەسول له گوندی ئاڵیاوێ ٥٣- عەزیز مەرزەنگ ٥٤- ئیبراهیم کایەر ٥٥- عەلی گاتوری ٥٦- خەسرەو ئەفشین ٥٧- سەلاح عەلی زناوی ٥٨- ئەبوبەکر حەسەنپوور ٥٩- عوسمان ئەحمەدپوور ٦٠- عەبدوڵا ئەحمەدپوور.

Dwaroj@komala.com

DwaRoj


سەرنووسەر:
ڕەزا کەعبی
بەڕێوەبەری نووسین و دیزاین:
هێمن بایەزیدپوور
ئێدیت و پێداچوونەوە:
محەممەد فەرهادزادە


بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj@komala.com

# هاوڕێ عەلی پەرویزی تێکۆشەری دێرین و هۆگری عەداڵەت و ئازادی و سیمای ناسراوی سەقز

**محەممەد حەکیمی**

ڕۆژی شەشی گەلاوێژی مانگی ڕابردوو لە شاری سەقز لە کاتی شاخەوانی و هەڵگەران بە سەر شاخی رووش کە دەڕوانێیتە شاری سەقز، دڵی تێکۆشەری دێرینی بزووتنەوەی چەپ و سوسیالیستی کوردستان و ئەندام و کادری لەمێژینەی کۆمەڵە، ئەندامی کۆنگرەی دوازدەی کۆمەڵە، چالاکی خەبات و داخوازە کرێکارییەکان، چالاکی مەدەنی، ژینگەپارێز و شاخەوان و خوێنەری بەردەوامی کتێب و کتێبخانەکانی شار و هاوڕێ و بەشداری دیار و کاریگەری کۆروکۆمەڵەی سیاسی و لێکدانەوە و باس و دیالۆگی جۆراجۆر و هاورێی دڵسۆزی کۆمەڵێکی گەورە لە چین و توێژی شار، هاوڕێ عەلی پەرویزی دڵە گەورە، مێهرەبان و دەم





بە پێکەنینەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین و هەمومانی توشی ماتەمین و پەژارە کرد. هاوڕێ عەلی پەرویزی ساڵی ١٣٣٢ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شاری سەقز چاوی بە ژیان پشکووت و هەر لەو شارە چووە خوێندنگە و هاوکات هاوین دوای داخرانی خوێندنگەکان دەچووە نانواخانەکەی باوکی و لەوێ کاری دەکرد. ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لەلایەن ساواکەوە دەستگیر کرا و ١٠ مانگ لە زیندانی «قەسر» و کومیتەی دژە خرابکاری شاری تاران زیندانی بوو و دواتر گەڕایەوە بۆ شاری سەقز و درێژە بە خویندن دا و ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی بۆ خوێندن چووە دانشسەرای شاری سنە و بە هۆی هاوڕێیەتیی نزیکی لەگەڵ «بێهروز سلێمانی» و هاوبەندبوونی لەگەڵ ناوبراو، لە سەرەتای شۆڕشدا چووە ڕیزی ڕێکخراوی فێداییان خەڵق و لە هەموو چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە بەشداریی چالاکی هەبوو و لە شەڕەکانی کامیاران و بەرگری لە شاری سنە بەشداری بوو. ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی و دوای دوو کەرت بوونی ڕێکخراوی فیداییەکان ڕووی کردە شاری بوکان و ماوەیەک لەوێ مایەوە و دوای ئەوەی بوکان لەلایەن ڕژیمەوە داگیرکرا گەڕایەوە بۆ شاری سەقز و ماوەیەک هاوکاریی باڵی کشتگەری فیداییانی کرد. دوایی ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر شارەکانی کوردستاندا گرت لە دانشسەرا دەرکراو و ماوەیەک لە شاری سەقز خەریکی کاری شۆفێری بوو و دواتر چووە شاری بیجار و لەوێ لە کارگەی قیری ئەو شارە دەست بە کار بوو. لەوێش بە هۆی فکری سیاسی و دڵسوزی بۆ کریکاران و زەحمەتکێشان دەرکرا و ئەمجار لە شاری سنە وەک فرۆشیار لە فرۆشگایەک کاری کرد کە پاش دوو ساڵ لەوێش نەیانهێشت درێژە بە کاری بدات. ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕییانی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە دەگرێت و وەک ئەندام و کادری دڵسوزی کۆمەڵە کار و چالاکی درێژە پێدا. سالی ١٣٨٧ بەشداری وەک ئەندامی کۆنگرە بەشداری کۆنگرەی ١٢ی کۆمەڵە بو. حوزووری چەندین ڕۆژەی لە ناو هاورێیان و کۆری باسەکانی کۆنگرە، باسەکانی دەوڵەمەندتر دەکرد و بە تایبەت لە تێگەیشتن و سەرنجی کۆنگرە و هاورێیان بۆ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای کوردستان و گرینگیدان بە چالاکی مەدەنی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوڵ و کاریگەری بەرچاوی بو. دواتر هەر لە ناوخۆی وڵات بۆ بژیوی ژیان و کاری ڕۆژانەی لە ڕێگاکانی بانە سەقز و سنە خەریکی کاری شۆفێری بوو و لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بە پلانی دەزگا ئیتیلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ماشینەکەی دزرا و گوزاران و ژیانی تووشی گرفت و زەحمەتی زۆر بوو. لەو بارودۆخە سەختەدا کاک عەلی ورەی لە دەست نەدا و وەک هەمیشە پشت و پەنای هاوڕیانی بوو و هەروەها لە لێژنەکانی شاخەوانی ناوشار چالاکانە بەشداری کرد و یەکیک بوو لە چالاکانی ژینگەپارێزی وڵات و بەسەر زۆربەی شاخە بەرزەکانی کوردستان و ئیراندا سەرکەوتووە. کاک عەلی هۆگری کتێب و کتێب خوێندنەوە بوو و هەروەها لە هەموو چالاکییە کریکارییەکاندا بەشداری بەرچاوی بوو و لە خۆپیشاندانەکانی ناوشاری سەقز نەخشی چالاکی دەگێڕا. کاک عەلی هەمیشە پشت و پەنایی هاوڕێیان و دوست و دڵسوزی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو و هەروەها کادرێکی لیهاتووی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو کە ئەرکەکانی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەرێوە دەبرد. بەداخەوە دڵە گەورەکەی هاوڕێ عەلی پەرویزی پاش ساڵانێکی دوور و درێژ چالاکیی سیاسی و مەدەنی و هەوڵ بۆ ڕزگاریی چەوساوەکانی کوردستان، ڕۆژی ٦ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی لە کاتی شاخەوانی لە کێوی رووشی شاری سەقز لە لێدان کەوت و خەمێکی گەورەی لە سەر دڵی هاوڕییان و کەس و کار و دۆستانی بەجێهێشت. یادی بەرزە و لە دڵی هاوڕییان و هاوسەنگەرانیدا هەمیشە دەمێنێتەوە.

## دواستوون

### پەڕاندنی ئەندامەکانی جەستە،کردەوەیەکی دڕندانەی سەدەکانی ناوەڕاستە

**ئارام مودەریسی**

لە چەند رۆژی رابردوودا هەواڵیک بڵاو بووە کە سزای پەراندنی چوارپەنجەی دەستی راستی سێ بەندکراو لەسەر تاوانی دزیکردن لە گرتووخانەی ورمێ بەرێوە دەچێ کە لانیکەم یەکێک لەو بەندکراوانە لە کاتی دەستگیرکردنیدا لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بووە .هەرچەند پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە و کەوتنەرێی شەپۆلێکی بەرینی کاردانەوە و نارەزایەتی بەرامبەر بەو سزایە سیستمی دادوەری حکوومەتی ئیسلامی ئێران ئەم هەواڵەی بە هەڵبەستراو و ناراست ناوبرد و وەک هەمیشە ئەوەش بەشێک لە «پیلانی شەیتانی گەورە» بوو لە دژی حکوومەتی عەدڵی عەلی، بەڵام بە هیچ جۆرێک بوونی وەها سزایەکی نامرۆڤانە وبەرێوەچوونی لەلایەن دەزگای قەزایی ئێرانەوە پاساو ناداتەوە و ناتوانێ هەستی ئینسانی هەر تاکێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست نەجوولێنێ. لە روانگەی هەر مرۆڤێکی وشیار و خاوەن ویژدان و خاوەن سلامەتیی بریاردانەوە سەپاندن وبەرێوەبردنی سزایەکی لەم جۆرە لەلایەن سیستمی قەزایی حکوومەتێک کە یەک بە یەکی بەرێوەبەران و دەسەڵاتدارانی نوقمی زەلکاوی دزی و بەتاڵانبردنی سەروەت وسامانی ئەم ولاتە و،قۆرغکردنی هەموو بوارەکانی کار و کەسابەت و سەرچاوە گەورە وبچووکەکانی داهات و بژیون، کۆمیدیایەکی تاڵ و ناخهەژێنە.

هەرچەند بە پێی رێکەوتن وپرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکان پەراندنی ئەندامەکانی جەستە و نوقسانکردنی مرۆڤەکان وەک کرداری شکەنجە دەستنیشان و قەدەغە کراوە،بەڵام کۆماری ئیسلامی سەرەرای ئیمزانەکردنی ئەم پرۆتۆکۆڵە جیهانیە،بەردەوام بە پاساوی مەسەلەی نێوخۆی و لە ژێرناوی بەرێوەبردنی شەرع و سزا ئیسلامییەکان گەلێک جینایەتی وەک پەراندنی ئەندامەکانی جەستە و سەنگسار و دەرهێنانی چاوی مرۆڤی وەک ئەرک و راسپاردەی ئایینی بەرێوە بردووە.

ئەم جۆرە جینایەتە «یاسایی»یانەی رژیم کە لەراستیدا رێژەیەکی کەمیان نەبێ ئەویش بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵگا نادرکێندرێن وناگەنە سەر رووپەری رۆژنامەکان وتیتری ناوەندە هەواڵنێرییەکان، بە پێی مادەی ١٩٨ و ٢٠١ی سزادانی ئیسلامی پشت بەستوو بە ئایەی ٣٨ی سوورەی «مائدە»ی قورئانی موسڵمانان بەرێوە دەچێ.

بە پێی ئامارە رەسمییە تۆمارکراوەکان لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا ئەم سزایە لەسەر ٢٠ کەس بەرێوەچووە.

سەپاندن و بەرێوەبردنی سزای لەمجۆرە لەگەڵ ئەوەیکە کردەوەیەکی درندانە و نامرۆڤانەی سەدەکانی ناوەراستە،هاوکات لەگەڵ ئەوە ئاوێنەی بالانوێن و نیشاندەری گەندەڵی و بێ شەرمی و رووهەڵماڵدراویی سیستمی دادوەری ئێرانە کە نەک لەحاند شەپۆلی دزی وتاڵان وبرۆ و ئێختلاس و قۆرغکاریی ئابووری کاربەدەستان وحکوومەت بێدەنگە،بەڵکوو خۆی بەشێکە لەو تۆرە مافیاییەی هەڵووشینی سەروەت وسامانی دانیشتوانی ئێران.لە راستیدا سیستمی دادوەری ویاسا لە حکوومەتی ئێران نەک پارێزەری سەرومال و مافی خەڵک نین،بەڵکوو بەشێکی سەرەکین لەو دزی وقۆرغکارییە ئابرووبەرانەی کە رۆژانە بە بەرچاوی بیرورای گشتیەوە بەریوە دەچێ.هەر لە رژاندنی پووڵی خەڵک بۆ ناو هەژماری تایبەتی کاربەدەستانی قەزایی ئێران هەتا ساختەکاری و سازکردنی سەنەد وتاپۆی تەزویر بۆ ملک ومال وزەی وزاری گشتی، بۆ نموونە» کێوی دەماوەند « ، ملک و سامانی ئەوقاف و ئاستانی قودسی رەزەوی و بنیادی بە نێو موستەزعەفین و کۆمیتەی ئیمدادی خومەینی و بەیتی رەهبەری وبنیادی پازدەی خورداد و...هتد،بەشێکن لە هەڵپە وچاوچنۆکیی هەوسارپساوی کاربەدەستانی حکوومەتی و قەزایی ئێران.

هەرچەند لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینیەوە و بە پێی رێکەوتنێکی جیهانی سزا جەستەیەکان قەدەغەکراون و،سەرەرای نارەزایەتی بەردەوامی ناوەندە جیهانیەکان و کۆروکۆمەڵە نێوخۆییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ بەرامبەر بە سەپاندن و بەرێوەبردنی ئەو سزایانە لەلایەن سیستمی قەزایی ئێرانەوە،بەڵام هەتا ئێستاش شەرعی ئیسلام بنەمای نووسین ودیاریکردنی سزاکانە و،دەرچوویەکی حوجرە و پیاوێکی ئایینی بەجێگەی کەسایەتیەکی مافناس و ئاکادمیک سەرۆکی ئەو سیستمە قەزاییە و سەپاندن وبەرێوەبردنی ئەو سزا غەیرە ئینسانییانە بەشێک لە کاری رۆژانەیانە.

بەداخەوە لە چەند ساڵی رابردوودا سەرەرای ئەو هەمووە نەهامەتیانەی کە بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتووە،سەرەرای ئابوورییەکی داروخاو و بازارێکی قورغکراو لە لایەن باند ودەستە مافیاییەکانی سەر بە حکوومەت،سەرەرای قورغکردنی هەموو جومگە ئابووریەکان و هەموو دەرفەت وبوارەکانی دابینکردنی بژیوی رۆژانەی ژیان و بەتاڵانبردنی سیستماتیکی سەرەوت و سامانی وڵات وهەڵتۆقین وئاسایی بوونەوەی دیاردەی بەرپرسانی گەندەڵ و ئاغازادەکان،سەرەرای ژیانی پرلە مەینەتی زۆربەی چین وتوێژەکۆمەلایەتییەکان وپەرەسەندنی تۆقێنەری دیاردەی ئێعتیاد و هاتنەخواری ترسناک ودڵتەزێنی تەمەنی لەشفرۆشی بۆ ژێر ١٠ ساڵ،فرۆشتنی گورچیلە وبەکرێدانی منداڵدان و دەیان وسەدان دیاردەی دزێوی رووله گەشەی کۆمەڵایەتی،... زۆربەی جاران جووڵانەوەی نارەزایەتی جەماوەری و خەباتی ناوەند ورێکخراوە نێوخۆی وجیهانییەکانی مافی مرۆڤ لەهەمبەر سیاسەتی ستەمکارانە و داپڵۆسێنەرانەی حکوومەتی ئیسلامی و راگرتنی زەبری سەرکووت و هەڵوەشاندنەوەی سزا قورس ونامرۆڤانەکان،بوونەتە بارمتەی سات وسەودا و چاوچنۆکی ئابووری وڵاتانی دەرەوە.بۆ نموونە گرتنەبەری سیاسەتی قیزەون و بێزراوی «دیالۆگی رەخنەگرانە» ی یەکێتی ئوروپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە راگرتنی کاتیی سزای نامرۆڤانەی سەنگسار نەک هەڵوەشاندنەوەی لە ٢٠ ساڵی رابردوودا.

کورت کردنەوەی دەستی رەشی کۆماری ئیسلامی لەسەر ژیانی کۆمەڵانی خەڵک،خواستێکی رەوا و هەنووکەییە.کۆماری ئیسلامی وەک پێکهاتەیەکی مافیایی و تاڵانچی و سەرکوتگەر دەبێ سێبەری رەشی لە سەر ژیانی خەڵکی ئێران هەڵگیرێ.کۆماری ئیسلامی ویاساکانی هۆکاری سەرەکی رۆژرەشی و سەرهەڵدان وپەرەسەندنی دیاردە دزیوە کۆمەلایەتیەکانن و پێویستە تاج وتەختی هەڵپێچرێ.